تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

محمدی مەلا کریم

منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی پیرەمێرد

لەکەلێنی

«پێیەسی لەمەسەلیکی ڕابەری لەهەر پەڕی»یەوە

«لەوڵاتی خۆماندا ڕووی داوە»

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

کۆماری عێراق
وەزارەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
کتێبی ژمارە (٢٨٤)

محمدی مەلاکریم

بیری کۆمەلایەتی و سیاسیی پیرەمێرد

لە کەلێنی «بی یەسی تەمسیلێکی ڕاستی تەئریخی»یەوە «لە وڵاتی خۆماندا ڕوویداوە»

لەگەل تێکستی

بی یەسی تەمسیلێکی ڕاستی تەئریخی لە وڵاتی خۆماندا ڕوویداوە

لە نووسینی : پیرەمێردو ،
ساغکردنەوەو پەراوێزبۆکردنو ڕابەربۆنووسینی محمدی مەلاکریم

چاپخانەی (دار الحریە) لە بەغدا
١٩٩٢

پێشکەشە :

بە گیانی پاکی هەموو ئەوانەی :

بە بیر ، بە دەس ، بە قەڵەم ، بە ژیان ، بە مەرگ ..

خاکی پاکی کوردستانو گەلی سەربەرزی کوردیان ،

هەنگاوێ پتر ، لە ئازادیو بەختەوەرییەوە نزیک

خستووەتەوە .

بیری کۆمەڵایەتی و سیاسیی پیرەمێرد

لە کەلێنی «بێ یەسی ئەسیلێکی ڕاستی تەئریخی»یەوە «لە وڵاتی خۆماندا ڕوویداوە»

لەوانەیە ڕۆشنبیرانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەمان زۆر کەسی وایان تیابێ ئەوەندەی پیرەمێرد لە مەیدانی جۆربەجۆری ڕۆشنبیریدا کاری کردبێ ؛ بەڵام لەوە دڵنیام کە کەم کەسیان تیایە ئەوەندەی ئەو واقیع بینانە ڕێگای گەشەکردنی کۆمەڵەی کوردو گەیشتنەوەی بە کاروانی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوودای دەسنیشان کردبێ ، بێ ئەوەیش لەگەڵ گرۆو کەسانی سەر بە قوتابخانەی جیاجیای خەباتی سیاسیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی بکەوێتە مشتومڕو دەستەویەخە بێتەوە • پیرەمێرد ، لەگەڵ قەناعەتی چەسپاوی ناو دڵو دەروونی خۆیشیا کە ڕێگای ڕاست کامەیە ، بە متمانەی تەواوەوە ، لەو باوەڕەدا بووە ئەبێ لێگەڕێین هەر لایێ چۆنی بە باش ئەزانێ وا بۆخۆی بیربکاتەوەو وا تێبکۆشێو ، ڕۆژگاری داهاتوو ئەوەمان بۆ دەستەبەر ئەکا کە سەرەنجام ، درەنگ یا زوو ، کەم یا زۆر ، هەر لایێ بۆی دەرکەوێ کام بیر ڕاسترەو ، کام ڕێگا باشتر بە ئەنجاممان ئەگەیەنێ •

من لەئەنجامی وردبوونەوەمەوە لە هەندێ نووسینی پیرەمێرد بەم ئەنجامە گەیشتووم‌و ، لام‌وایە ئەگەر بەرهەمی پیرەمێردمان بە ڕێکخراوی‌و کۆکراوەیی لە بەردەستا بووایە ، توانای گەیشتن بەم ئەنجامەمان بە

دوورودرێژی‌و بە لێکدانەوەی هەموو ڕوویەکی مەسەلەکەو ، لە گەڵی ڕووتڕو لەمێژترەوە لە دەسەلاتا ئەبوو ، جا ئەوکاتە نەئەکەوتینە ژێر باری ئەو هەنە سەنگینانەوە کە ساڵەهایەکی دوورودرێژ بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران‌و نیشتمانپەروەرانی ئەلەئەمان لەبارەی پیرەمێردەوە تێی‌کەوتبوون‌و ، ڕواڵەتەکەی سادەکاری‌یەکی زەق‌وزۆپ بوو لە جۆری بیرکردنەوەماناو ، ڕێگرتن لە دەربڕینی ئیجتیهاداتی جۆراوجۆر لە هەڵوێستا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گیروگرفتە کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌یەکانمان‌و ، چەسپاندنی تاقە یەك شێوەی مامەلەکردن‌و هەڵەنگاندن بەسەر تێکڕای بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و نیشتمانیماناو ، بەدیکردنی تەنها دوو ڕەنگی ڕەش‌و سپی بوو لە هەموو ئەم جیهانە پڕ لە ڕەنگوڕووی هەمەجۆرەدا .

من چەند ساڵە ئەو خەیالە لە سەرما پەروەردەئەکەم کە بۆم بلوێ هەموو ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامانە بخەمە بەردەستم کە پیرەمێرد بەدرێژایی ماوەی ڕۆژنامەچی‌یەتی‌کردنی لە سلێمانی دەریکردوون یا تیا نووسیون‌و ، بیرو تاقیکردنەوەو دەرزی ژیانی خۆی‌و دەوروبەری لە شێوەی وتارو پارچە شیعرو پەندی چوارینەو سەرەمەقەست‌و شانۆنامەو پارچە پەخشان‌و شتی‌وادا بۆ تیا دارشتووین‌و ، مەشقی ژیانی پێ کردووین‌و پیشانی داوین ئێمەی کوردی لە بارو دۆخێکی لە زۆر ڕووەوە تایبەتی‌و بێ‌هاوتادا ژیاو چۆن ئەتوانین بە ئامانجی خۆمان بگەین . بەئاواتەوەم بتوانم ساڵێ دوو ساڵی ژیانی خۆم تەرخان بکەم بۆ پیاچوونەوەی سەرلەبەری ئەو ڕۆژنامانەو گشت بابەتەکانیان بە جیاجیا بنووسمەوەو پاشان بابەتبەندی‌یان بکەم‌و بەشی هەر بابەتێ لە کتێبێکی سەربەخۆداو بە پێشەکی‌یەکی تێروتەسەلەوە بخەمە بەردەستی خوێندەوارانی کورد . گەلێ‌جاریش هەوڵم بۆ ئەم مەبەستە داوە ، بەلام ، بەداخەوە ، تائێستا

ئاوانەئەم نەهاتووەتەدیو ، لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە وەزعێکی وادا ناژیم بەئاسانی دەستم بگاتە ئەو ڕۆژنامانەو ، ئەرکەکەیش هەروا ماوەتەوە چاوەڕوانی کەسێکی لێهاتووە شانی بداتەبەرو خۆی پێوە خەریک بکاو بەجێی بگەیەنێ • هیوام وایە وەك چۆن بەرگی یەکەمی تێکڕای دیوانەکەی پیرەمێرد بەشێوەیەکی گەلێ لە جاری یەکەمی پوختتر بڵاوبووەوە ، ئەم ئەرکە پڕبایەخەیش کەسێکی بۆ هەڵکەوێ کارامانەو بەدڵسۆزی یەوە شانی بداتەبەرو لەعۆدەی بەئەنجامگەیاندنی بێ ، چونکە بێ ئەمە لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەی بیری پیرەمێرد نایەتەدیو ، لێکۆڵینەوەی بیری پیرەمێردیش لێکۆڵینەوەی لایەکی پڕبایەخی ژیانی ڕۆشنبیری نوێی گەلی کوردەو ، تەنانەت لەپاش مردنی پیرەمێردەوە تا ئەمڕۆو بەدرێژایی ئەم لە چل ساڵ پترە کەسێکی وا لەناو ڕۆشنبیرانی کوردا هەڵنەکەوتووە کەلێنی دۆچکردنیسان بۆ پڕبکاتەوەو . ئەمە بۆخۆی شایەتی مەزنیی ئەو دەورەیە پیرەمێرد لە ژیانی ڕۆشنبیریماندا گێڕاویەتی •

ئەم هەڵسەنگاندنەی من بۆ پیرەمێرد ، بەمجۆرە پڕبایەخە ، لەوێوە سەرهەڵئەدا کەوا ئەم پیاوەم وەك ڕۆشنبیرێکی ئەوتۆی گەلەکەمان دێتە پێش چاو بەشێکی زۆری - ئەگەر نەیشڵێم هەمووی - سەرخانی بینای کۆمەڵایەتیی کوردەواریی بە بیرو بۆچوونە واقیع بینانەکانی خۆی گرتووەتەوە • من ، پیرەمێرد بە ڕۆشنبیرێکیوای کورد ئەزانم بەشبەحاڵی ئەو قۆناغەی تیا ژیاوە ، ئەگەر زۆرتری ڕۆشنبیرانو سیاسەتمەدارانی کورد ، هەر لە سەرەتاوە ، یا هیچ نەبێ لە هەندێ هەڵکەوتی گەورەی مێژوویی یەوە ، لەم یا لەو پارچە لە پارچەکانی کوردستانا ، شوێنپێی قوتابخانەی بیریی ئەویان هەڵبگرتایەو بەوپێیە بجووڵانایەتەوە ، تائێستاو لە ڕێگایەکی هێدیو کەمدەینەترو واقیعی ناوخۆو دەوروبەری نزیكو دوور بەدیکردووانەترەوە ، گەلێ لە ئێستا

زیاترو زووتر بۆپێشەوە ڕۆیشتبوویەنو ، زۆر لە پێویستییەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی کوردەواریان دەستەبەر کردبوو .

* * *

چەند سالێ لەمەوپێش بەبۆنەی یادی کۆچی دوایی پیرەمێردەوە وتارێکم بە ناوونیشانی « گەلآلەی پرۆژەیەك بۆ لێکۆلینەوەی پیرەمێرد » بلاوکردەوە[1] ، لەو وتارەدا نووسیبووم : « وەك ئەزانین پیرەمێرد بیروباوەڕی خۆی لە چوارچێوەی هیچ کتێبێکدا نەنووسیوەتەوە » .

هەرچەند لەو وتارەدا وەك سەرچاوەیەك بۆ دەسنیشانکردنی بیروباوەڕی پیرەمێرد ، بایەخێکی زۆرم بە ڕۆژنامەو بە شیعرەکانی پیرەمێرد داوە ، ئەبێ ئێستا دانی پیا بنێم ئەو حوکمە موتلەقەی ئەوڕۆژەم حوکمێکی نادروست بوو ، چونکە هەر هیچ نەبێ «پێیەسی تەمسیلێکی ڕاستی تەئریخی لە ولآتی خۆماندا ڕوویداوە» کە کاکەی فەللاح ناوی لێناوە : «مەحموودئاغای شیوەکەڵ[2]»و ، پیرەمێرد خۆی ، وەك باوە ، جارێ لە ڕۆژنامەی (ژین)و ، جارێکیش لە شێوەی کتێبدا[3] بلاوی کردووەتەوەو ، وای وەسف ئەکا کە «ئەم تەمسیلە چەند دەرسی تیایە»و لە چوارچێوەی باسی ئەو دەرزانەدا بیرە مەبەستەکانی یەکالآ ئەکاتەوەو ، بە چەند دێڕێك

(1) بروانەرە : محمدی مەلاکریم ، گەلآلەی پرۆژەیەك بۆ لێکۆلینەوەی پیرەمێرد ، هاوکاری ، ژمارە ٦٤٢ ، ١٩٨٢/٦/١٧ ، ل ٦ .

(2) بروانەرە : پیرەمێرد ، مەحموودئاغای شیوەکەڵ ، پیەسی تەمسیلیەکی راستی تەئریخی لە ولآتی خۆماندا ڕوویداوە ، لەسەر ئەرکی کاکەی فەللاح چاپ کراوەتەوە ، چاپی دووەم ، ١٩٨٥ ، سلێمانی ، چاپخانەی کاکەیفەللاح ، چاپخانەی نەورەس .

(3) بروانەرە : پیەسی تمثیلیکی راستی تاریخی لە ولآتی خوماندا رویداوە ، پیرەمرد نوسیویەو لە چاپخانەی خویدا ، لە سلیمانی لەچاپیداوە ، نسخەی (٣٠) فلس ، ١٣٦١ هـ ، ١٩٤٢م .

کۆمەڵێ بیروباوەڕی خەستی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و سیاسی ئەخاتەڕوو - ئەم بڕیەسە بەئاشکرا بۆمانی دەرئەخا کە نەئەبوو پێش بەسەرکردنەوەی هەموو بەرهەمەکانی پیرەمێردو دڵنیابوون لەوە کە بیروباوەڕی لە چوارچێوەی هیچ کتێبێکا نەخستووەتەڕوو ، ئەو حوکمە موتڵەقە ناڕاستە بدەم[4] .

کە پاشان بەهۆی دۆستی خوالێخۆشبووم کاکەی فەللاحەوە نوسخەیەکی دەسنووسی ئەو شانۆنامەیەم[5] دەسگیر بوو بۆ دۆستی دووروڵاتم عەبدوڵلا پەشێوی شاعیری بنێرم کە ئەو کاتە قوتابیی دوکتۆرای ئەدەبی کوردی بوو لە مۆسکۆ ، بەرلەوەی بۆ ئەوی بنێرم خۆم خوێندمەوەو ، کە لە بایەخی زۆری حاڵی بووم فۆتۆیەکم لەبەرگرتەوە ناردم بۆ عەبدوڵلاو دەسنووسەکەم لای خۆم هێشتەوە . لە دڵی خۆما بڕیارمدا لە هەلێکا لەگەڵ پێشەکی‌یەکا لەچاپی‌بدەمەوە . بەڵام متمانەی

(4) لام‌وایە هەر بەمەبەستی هەآسەنگاندنی ئەم حوکمە موتلەقە نادروستەی منیش بووە کاکەی فەللاح لە پێشەکیی چاپی دووەمی ئەم شانۆنامەیەدا نووسیویە : « زۆر جار ، چ بە نووسین ، چ بە لێدوانی لێوان نووسەران‌و ڕۆشنبیران ، چەند بیرو ڕایەك دەکەونە بەرچاوو گوێمان ، کە گوایە بیروباوەڕی پیرەمێرد زۆر ئاشکراو ڕوون نی‌یەو ، لە دووتوێی بەرهەمەکانیدا ئەو بیروباوەڕانە ناکەونە بەرچاو . بەڵام بەلای منەوە کە چەشنە هەڵسوکەوت‌و نزیکی‌یەکی دوورو درێژم لەگەڵ بەرهەمەکانیدا هەیە ، حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە بیروباوەڕو بۆچوونی لە سەرانسەری چوار بەرگی پەندەکان‌و دیوانەکەی‌و ئەم چیرۆکەیدا [مەبەستی شانۆنامەی «پیەسی تمثیلیکی ڕاستی تاریخی لە ولاتی خوماندا ڕوی‌داوە»یە ــ م] بەئاشکرا دیارە ، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە جێگای مشتومڕو لێدوان نی‌یە » . بڕوانەرە : پەراوێزی ژمارە ٢ ، ل ٣ .

(5) ئەم دەسنووسە لە ٣٢ لاپەڕەی دەفتەرا لەلایەن (ظاهر) ناوێکەوە نووسراوەتەوەو ؛ لە ١٩٨٢/٤/٢٥دا لە نووسینی بووەتەوە .

تەواوم بە دەستنووسەکە نەبوو ، گەلێ هەڵەم تیا دەستنیشان کردبوو . بیستبوویشم کە پیرەمێرد خۆی لە ڕۆژنامەی (ژین)داو پاشانیش بە کتێب بڵاوی کردووەتەوە . لەبەر ئەوە هەر بەدوای نوسخەیەکی ڕۆژنامەکە یا کتێبەکەدا ئەگەڕام ، بەڵام لە هەرکوێ بۆی ئەگەڕام نەئەگەیشتمە ئەنجام و بە دەستی خاڵی ئەگەڕامەوە[٦] .

لە ١٩٨٥دا کاکەی فەللاح چاپێکی دووەمی شانۆنامەکەی بە پێشەکییەکەوە بڵاوکردەوە[٧] . بە بەراوردکردنی ئەم چاپەی کاکەی فەللاح لەگەڵ دەستنووسەکەی پێشتر بۆی ناردبووم ، بۆم دەرکەوت هەرچەند هەندێ لە هەڵەکانی دەستنووسەکەی تیا ڕاست کردووەتەوە ، هەندێکیان هەر ماون . کاکەی فەللاح لەبارەی ئەو نوسخەی شانۆنامەکەوە کە چاپەکەی خۆیی لەڕوو ئامادەکردووە هیچ ئیشارەتێکی نەکردووەو لەوە پاتری نەوتووە کە پیرەمێرد « لە ساڵی ١٩٤٢دا بڵاوی کردووەتەوە[٨]» .

---

(٦) تا ئەوکاتە هەر لە کتێبخانەی هەموانی سلێمانی کۆمەڵەی ڕۆژنامەی (ژیان)و (ژین)م دەسگیر بوو ، ئەبینم لە کۆمەڵەی ساڵی ١٩٤٢ی ڕۆژنامەکەدا چەند ژمارەیەك ناتەواوەو لە هیچکام لە ژمارەکانی‌تریا هیچ بەشێکی شانۆنامەکەم نەدی‌یەوە . بە خەیاڵی خۆم وتم لەوانەیە کەسێك کاریکی بەو ژمارە ناتەواوانەی ڕۆژنامەکە بووبێ‌و بردبنی بۆ خۆی‌و ، ئەو ژمارانەی شانۆنامەکەیان تیا بڵاوکراوەتەوە لەناو ئەو ژمارە فەوتاوانەدا بن . کتێبەکەیشم هەروا لە هیچ کتێبخانەیەکا دەسگیر نەبوو ، تەنانەت لە دوو بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی‌یشا کە تا ئەوکاتە لە عێراق دەرچووبوون ناوی ئەم کتێبە نەبوو [بڕوانەرە : نەریمان ، کتێبخانەی کوردی ، کەرکوك ، چاپخانەی شارەوانی ؛ ١٩٦٠ ؛ نەریمان « مستەفا سەیدئەحمەد » ، بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی ، ١٧٨٧ — ١٩٧٥ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٧] .

(٧) بڕوانەرە : پەراوێزی ژمارە ٢ .

(٨) بڕوانەرە : سەرچاوەی پێشوو ؛ ل ٢ .

لەم ڕووەوە لە کاکەم پرسی ، ئاگاداری کردم کەوا ئەویش نوسخە چاپەکەی شانۆنامەکەی نەدیوەو وەختی خۆی تەنها ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (ژین)ی بەرچاو کەوتووە کە بەشێك لە شانۆنامەکەی تیا بڵاوکراوەتەوەو لەبەرئەوە کتێبەکەی لەڕووی نوسخەیەکی دەسنووس لەچاپداوە کە نوسخەیەکیشی لێ ناردبوو بۆ منو ، ئەو دەسنووسەیش هەڵەی زۆری تیا بووە بە بۆچوونی خۆی هەندێکی لێ ڕاست کردوونەتەوەو ، هێشتایش هەڵەیوای تیا ماوە بۆی ڕاستنەکراوەتەوە •

بە بڵاوبوونەوەی چاپەکەی کاکەی فەللاح نیازەکەی من ئەوەندەیتر نەگەرەی هاتەڕێ ، چونکە مادەم کاکەی فەللاح چاپێکی ، با بێکەموکووڕییش نەبێ ، بڵاو کردەوەو ، لەولایشەوە نوسخەی چاپەکەی پیرەمێرد خۆی یا دەسنووسێکی خۆی بەدەستەوە نییە ، با منیش لاموابێ ئەتوانم تێکستی دەسنووسەکە لە کاکە چاکتر ڕاستبکەمەوە ، هێشتا هەر بەڵگەیەکی پەسەند بەدەستەوە نابێ بۆ پێویستیی بڵاوکردنەوەی چاپێکی نوێتر • لەبەرئەوە دەسبەرداری نیازەکەی خۆم بووم و لێی گەڕام بۆ ڕۆژێ کە نوسخەیەکی پشتپێبەستراوم دەسگیر ئەبێ •

* * *

لەسەرەتای ١٩٩٠دا دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی بەغدا بڕیاریدا بەبۆنەی یادی چل ساڵەی کۆچی دوایی پیرەمێردەوە کۆڕێکی بەربڵاو لە سلێمانی بگێڕێ • منیش یەکێ بووم لەوانەی دەزگای ناوبراو بۆ بەشداری لەو کۆڕەدای بانگکردبوون • نیازی بەستنی ئەو کۆڕەم بە دەرفەتێکی لەبار زانی بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی «پێیەسی تەمسیلێکی ڕاستی تەئریخی لە وڵاتیخۆماندا ڕوویداوە»وە • زۆر بەوە خۆشحاڵ بووم کەوا بۆمئەلوێ ئەم ئەسەرە مێژوویی و هونەریو کۆمەڵایەتییەی پیرەمێردی مەزن بەسەربکەمەوەو ، لە کەلێنیەوە لە بیرو

بۆچوونی ئەو ڕۆشنبیرە گەورەی کورد لە هەندێ بابەتی پڕکەفوکوڵی ژیانی دوردەواریدا بکۆڵمەوە .

ئەم وتارە کەوا ئێستا لەگەڵ تێکستی شانۆنامەکەی پیرەمێردا ، بە هەندێ وردە دەستکاری‌یەوە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە ، ئەو بابەتەیە کە بۆ ئەو کۆڕەم ئامادەکردو ، لە کۆبوونەوەی تاقی ئێوارەی ١٩٩٠/٦/١٩دا لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەری سلێمانی پێشکەشی گوێگرانی ئامادەبووی کۆڕەکەم کرد .

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم خوێندەوارانی خۆشەویست لەم خاڵانەی خوارەوە ئاگادار بکەم :

(١) ئەو پارچانەی شانۆنامەکەی پیرەمێرد کە لەم وتارەدا بەکارم‌هێناون ، لەڕووی تێکستە دەستنووسەکەی بەردەستمم نوسیونەتەوە کە پێشتر لێی‌دوام‌و ، لەگەڵ چاپەکەی کاکەی فەلاح بەراوردم کردوون ، سەرەڕای ئەو هەڵانەی کە بە بۆچوونی خۆم ڕاستم‌کردوونەتەوەو ، تەنها پاش خوێندنەوەی وتارەکە لە کۆڕەکەدا ، بە ماوەیەك ، کە بە ڕەنج‌و تەقەلای برای ئازیزم یاسینی شێخ قادری بەرزنجەیی نوسخەیەکی چاپەکەی پیرەمێردی شانۆنامەکەم بەر دەست کەوت [٩] توانیم بەراوردێکی وردیان لەگەڵ ئەو نوسخەیە بکەم‌و هەموو هەڵەکانیان ڕاست‌بکەمەوە .

---

(٩) نوسخەی ناوبراو یەکێکە لە کتێبەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیری خوالێخۆشبووی کورد عەبدوللا جەوهەر کە لەپاش کۆچی دوایی کردنی دراوە بە کتێبخانەی مەرکەزیی هەموان لە سلێمانی‌و ئێستە لەوێ پارێزراوەو ژمارەی گشتیی ٩٦٦و تەسەلسولی ٦٦و سێنف (کوردی ع.ج)ە . لێرەدا ئەبێ سوپاسی زۆرم بۆ کاك یاسین‌و گشت کاربەدەستانی کتێبخانەی هەموانی سلێمانی بنووسم کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساندم ئەو کتێبە ببینم‌و فۆتۆیەکی لێ بکرمەوە .

(٢) وەك لە تەماشاكردنی تێكستی شانۆنامەكەوە دەرئەكەوێ ، لام‌وایە چاپەكەی پیرەمێرد خۆیشی هەندێ هەڵەی زەقی تێكەوتووە كە هەندێكیانم بە بۆچوونی خۆم ڕاستكردووەتەوەو لە پەراوێزا ئیشارەتم بۆ كردوونو ، هەندێكی كەم‌بایەخیشیانم پشت‌گوێ خستووە . بە دووریشی نازانم هەندێكیان هەڵەی چاپ نەبن‌و پیرەمێرد خۆی وای نووسیبێ كە من لام‌وایە نابێ وا بووترێ . بە هەرحاڵ لەگەڵ ئەوەیشا كە پیرەمێرد كوردی‌یەكی زۆر ڕەوانی نووسیوە ، گەشەنەكردنی تەواوی كوردی نووسینی ئەو سەردەمەی ئەو مەیدانی ئەوەمان ئەدا بڵێین بنووسانی ئەو ڕۆژانەمان نەیانتوانیوە كوردی‌یەكی لەڕووی گراماتیكاوە بەتەواوی بێ‌هەڵە بنووسن . ئەوانەی ئەمڕۆ خۆیان بە ڕاستكردنەوەی هەڵەی نووسینی كوردی‌یەوە خەریك ئەكەن ، ئەتوانن بەئاسانی بەڵگەی ئەم قسەیەم لە نووسینی زۆر لە بنووسانی وەچە یەكەمەكانیشمانا بەدی‌بكەن ، وەك لە نووسینی وەچەكانی هاوچەرخمانایشای بەدی‌ئەكەن[١٠] .

(٣) هەرچەند پیرەمێرد كارە ئەدەبی‌یە سیاسی ـ كۆمەڵایەتی‌یەكەی خۆی بە (پی‌یەس) واتە (شانۆنامە) وەسپ‌كردووە[١١] ، بەتەواوی مەرجە هونەری‌یەكانی شانۆنامە نووسینی تیا ڕەچاو نەكردووەو لە زۆر شوێنیا وەك چیرۆك‌نووس مامەڵەی لەگەڵ كردووە . من لەم كارەمدا بەر لە هەرچی ئەوەم ڕەچاو كردووە كە تێكستەكەی پیرەمێرد بێ‌هەڵەو بێ‌دەسكاری‌یەكی كەس‌پێ‌نەزانیو بخەمە بەرچاوی خوێنەواران ، چونكە ، وەك كاكەی فەللاح لە سەرەتای چاپەكەی خۆیا نووسیویە ، «بەدەگمەن نووسەرانو

---

(١٠) بۆنموونە بڕوانەرە : مەلا عەبدوڵڵای زێوەر ، گەنجینەی مەردانو یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری ، محمدی مەلاكریم هێناونیەتە سەر شێوەنووسینی نوێ‌و پێشەكی‌و پەراوێزی بۆ نووسیون ، چاپخانەی (شركة مطبعة الادیب البغدادیة) ، بەغدا ، ١٩٨٥ .

(١١) بڕوانەرە : پەراوێزی ژمارە ٣ ، لاپەڕە ١ .

ڕۆشنبیرانی کورد دیویانە[12]»و ، هەر هیچ نەبێ وەچەی ئەمڕۆمان ئەگەر چاپەکەی کاکەی فەللاح نەبوایە مەگەر هەر بە بیستن باسی ئەم شانۆنامەیەیان بەرگوێ کەوتایە . لەبەرئەوە لەڕووی ئامادە کردنی شانۆیی‌یەوە هیچ دەسکاری‌یەکی تێکستەکەم نەکردووە . هیوامەوایە ئێستا تیپە شانۆیی‌یەکانمان بیر لە پیشاندانی ئەم شانۆنامەیە بکەنەوەو بەرلەوەیش یەکێ لە شانۆنامەنووسە کارامەکانمان تێکستەکە بخاتە قالبی شانۆنامەیەکی بەتەواوی ئامادەی پیشاندانەوە .

* * *

پیرەمێرد شانۆنامەکەی بەمجۆرە وەسپ کردووە کە «پێ‌یەسی تەمسیلێکی ڕاستی تەئریخی »یە «لە ولاتی خۆماندا ڕوویداوە» .

پێش دەستپێکردنی تێکستی شانۆنامەکەیش ، بەمجۆرەی بە خوێندەواران ناساندووە :

« ئەم تەمسیلە چەند دەرسی تیایە :

١ ـ عەدالەت‌و ڕەعیەت نەوازیی مەحموودئاغا نەیهێشتبوو ئیجارەدارو زۆردار دەست بکێشنە مسکێن . ئەوانیش گیانی خۆیان بۆ بەخت ئەکرد .

٢ ـ خوێندەواری لەو بەردە ڕەقەی شێوەکەڵو سیاگوێزد چ‌دەماغێکی بە مەحموودئاغاو پەرچیهرە دابوو .

٣ ـ مەسرەفی بێهوودەو هەوایی جلەبووکو شایی .

٤ ـ کچ کە بە ئارەزووی خۆی بدرێ بە شوو ، ماڵو مێردی خۆی لا شیرینە .

---

(١٢) بروانەرە : پەراوێزی ژمارە ٢ ، ل ٢ .

٥ ـ حەسوودیو فیتنەجۆیی قەومێك دەربارەی یەكتری ، چ نەوعە پیاوێكیان لەكیس ئەدا •

٦ ـ حوكوومەتێك كە فەرقو تەرجیحی عونسوریی كـرد ، ڕوو لـە نەهاتی ڕەـــە» •

ئەمە پوختەیەكی هەندێ لەو بابەتانەیە پیرەمێرد لە شانۆنامەكەیا مینا ویەتە ئاراوەو ویستوویەتی لەم سەرەتایەدا جەختیان لەسەر بكا • لە هەمانكاتـا نیشانەی ئەوەیشە كە شانۆنامەكەی بە مەبەستێكـی سیـاسی نووسیـوەو ئاگاداری ئەو ڕاستییەیش بووە كە شانۆ دەورێكی چەنـد كارێگـەر لـە پێشخستنی گەلو بەئامانجگەیاندنیا ئەیبینێ • بەڵام وەنەبێ پیرەمێرد لـەم شانۆنامەیا تەنها لەم بابەتانە دوابێ • ئەو گەلێ بابەتی پڕبایەخیوای تریشی تیا خستووەتەڕوو هیی‌وایان تیایە ، بە بۆچوونی من ، گەلێ لەو بابەتانەیش لەپێشترن • من بە دووری نازانم پیرەمێرد بە مەبەستی ڕەچاوكردنـی بارو دۆخی سیاسیی وڵاتو بۆ خۆ دوورگرتن لە ورووژانـدنی هەندێ كوڕو كۆمەڵو نەكەوتنە گێرەوكێشە لەگەڵیان ، ئەو جۆرە بابەتانەی بە زەقی لـە ڕیزی دەرزەكانی تەمسیلەكەدا دانەنابێو ، كورتی تەنها لەسەر ئەو شـەش بابەتە هەڵهێنابێ كە باسیكردوون •

هەرچۆن بێو ، پیرەمێرد لەبەر هەرچی تەنهـا ئـەو شـەش دەرزەی دەسنیشان كردبێ ، من لەم لێكۆڵینەوەما خۆم بە بابەتبەندییەكانی ئەوەوە نەبەستووەتـەوەو ، چ بابەتێكـم بزیاتـر بە شایانـی لێـدوان زانیــێ لێیدواوم[١٣]و ، ئومێدەوارم توانیبێتم دەورێ لە ئاساندنی پتـری بـیری پیرەمێردا بە ڕۆڵەكانی گەلەكەی ببینم •

---

(١٣) وەنەبێ ، وەك بەڵگە بۆ هەر هەڵسەنگاندنێك لەم وتارەدا ، بڕگەیەكـم لە تێكستی شانۆنامەكە هێنابێتەوە . خوێنەدەوار خۆی ئەتوانێ ئـــەو بەڵگانە بەئاسانی لە شوێنی خۆیانا لە شانۆنامەكە دەربێنێ .

پیرەمێرد لەم شانۆنامەیەدا ، سەرەڕای ئەو دەرزانەی خۆی دیاریی کردوون ، بە زمانی قارەمانانی شانۆنامەکەیەوە ، هەلوێستی خۆی لەبارەی زۆرەلێ بابەتی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ڕۆشنبیری‌یەوە دەربڕیوە کە لەناو ئەوانەیانا خۆی ناوی نەهێناون من ئەمەوێ پەنجە بۆ هەندێکیان درێژ بکەم :

١ ـ بە یەك چاو ڕوانین بۆ ئەم‌بەرو ئەوبەری سنووری دەسکردو ، تەقەلادان بۆ دابین‌کردنی سوودو قازانجی دانیشتووانی هەردوو بەرو ، کەلك‌وەرگرتن لە دەولەتی هەردوولا بۆ ئەم مەبەستە .

٢ ـ هیچ حوکمڕانی‌یەکی ناوخۆیی سوودبەخشی ڕاستەقینە نابێ مادەم پشت بە پشتگیریی دەولەتی مەرکەزی نەبەستێ .

٣ ـ گۆڕانی بیری بە ئاییندا ناسرانەوەی هاونیشتمان بۆ بە نیشتمانو نەتەوەدا ناسرانەوەی .

٤ ـ گەشەکردنی بیری مرۆ لە خولانەوەوە بەدەوری سوودی خۆدا بۆ خولانەوە بەدەوری سوودی کۆمەلدا .

٥ ـ ڕەخنەگرتن لە بەکارهێنانی ئاین بۆ چەوساندنەوەی خەلك‌و هەراو ئاژاوە خستنە نێوانیان .

٦ ـ بەختیاری ڕاستەقینە ئەوکەسەیە خەلك خۆشیان بوێ .

٧ ـ گەورە ئەگەر بەڕاستی گەلی خۆی خۆش‌بوێ ، ئەوانیش بە دل ئەویان خۆش‌ئەوێ .

٨ ـ خۆشەویستیی ڕاستەقینە کاتێ ئەبێ کە خەلك بەختەوەر بن .

٩ ـ بایەخی ئەوە کە خەلك تێ‌بگەن مرۆ کاتێ ڕێزی ئەبێ کە ولاتی ئاوەدانو گەلی بەختەوەر بێ .

١٠ ـ داکۆکی لە هەژارانو زەحمەتکێشان بەرابەر بەوانەی ئەیانچەوسێننەوەو بەری ڕەنجی شانیان ئەخۆن .

١١ - دەوری زانست لە شارەزاکردنی خەڵکدا لە ژیانی ڕاستەقینەیان .

١٢ - ئەوەی مەسلەحەتێکی لە چەوساندنەوەی خەڵکدا هەبێ ، ناتوانێ ئەرکی ڕاستکردنەوەی ناتەواوی‌یەکانی ژیانیان لەئەستۆ بگرێ ، چونکە لەگەڵ سوودی خۆی ناگونجێ .

١٣ - سیستێمی ژیانی خێڵایەتی ناتوانێ پاڵ بەخەڵکەوە بنێ بۆ خوێندەواری چونکە لەگەڵ قازانجی خۆی یەکناگەوێ .

١٤ - ژیانی خێڵایەتی دڕندەیی خۆی بەناچاری بەسەر خەڵکدا ئەسەپێنێ .

١٥ - بایەخی پێگەیاندنی وەچەیەکی خوێندەوار لەناو ئافرەتانا و ، دەوری ئەمە لە پێگەیاندنی تێکڕای وەچەی نوێدا .

١٦ - دەوری ناثارامیی سیاسی لە وێرانیی وڵاتو ساردکردنەوەی حوکمڕانانا لە ئاوەدانکردنەوەی ئەگەر نیازی وایشیان بێ .

١٧ - دەوری مفتەخۆرانی ناوخۆی کاسەلێسی بێگانە لە بەهەڵەبردنی دەوڵەتی مەرکەزیو ئاشووبنانەوە لە وڵاتا .

١٨ - جەختکردن لەسەر پێویستیی هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی ناباری‌یەکانی ناو کۆمەڵ بەئاستەمو چاوەڕوانیی لەسەرخۆی هاتەڕووی وەچەیەکی تێگەیشتووی پێگەیشتو بۆ وەدیهێنانی ئەم ئەرکە .

١٩ - زانکردنی وێڵو نام بەسەر سۆزداو داوای خۆدوورگرتن لە هەڵوێستی سەرەڕۆیانە لە کاتی ڕوودانی کارەساتی گەورەدا .

٢٠ - بە ڕووسووری پیشاندانی کەلەپووری مێژوویی نەتەوەو شانازی‌کردن بە هەڵوێستی مەردانەی گەورەپیاوانی گەلو ، بە ناکەس‌بەچەو ناچیز دەربڕینی ئەوانەی بۆ تەماعی دنیا خۆیان بە کلکی داگیرکەری بێگانەوە ئەبەستن .

٢١ - له دوو تای ترازووی بەراوردپێکردنا دانانی هەڵوێستی ئەوانەی ئامانجی بەرزی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و ئینسانی‌یان ڕەچاوکردووەو ، ئەوانەی لە سنووری سوودی تایبەتیی خۆیان بەولاوە نەیانتوانیوە هەنگاوێ هەڵبێننەوەو ، پشتیان لە هەموو بەهایەکی مەردایەتی‌و گەلدۆستی‌و نیشتمانپەروەری هەڵکردووە ٠

بەڵام بە تێگەیشتنی من بایەخدارترین بابەت لەم شانۆنامەدا هەڵوێستە لەئاست ڕژێمی حوکمڕانو دەسنیشانکردنی جۆری مامەڵەیە لەگەڵی ٠ مەحمووددئاغای کەسی سەرەکیی ئەم شانۆنامەیە ، کە پیرەمێرد لە بڕگەیەکی شانۆنامەکەدا بە زمانی پەریچیهرەی خێزانی لەوەپاشیەوە وای لێ ئەدوێ کە پێی‌ئەڵێ : « من موتەحەیرم تۆ لەم بەردەڕەقەو لەم نەسلە کەلەشەقە ئەم دەماغەت لەکوێ بوو ؟ » و بە زمانی خۆیشیەوە ، دەربارەی خۆی ، ئەڵێ : « من کوڕی سەلیم شیوەکەلیم ، باوکم لەناو دارو بەردا گەورە بووە، پیشەمان شەڕوشۆڕو تەعەدداو کوشتن‌و بڕینە » ٠٠ مەحموودئاغایەکی‌وا کە پاشان لە ڕەوتی بیرکردنەوەو هەڵسووڕانو تێکۆشانا شانبەشانی پەریچیهرەی خێزانی‌و سەلیم‌ئاغای باوکی‌و هەموو خێرخوازانی دەوروبەری لە شارباژێڕو لە سلێمانی‌و لە بانە ، ئاسۆی بیری ئەوەندە ڕوونو بەربڵاو بێ ، بەرانبەر بە تاوانی دەرمانخواردکردنی لەلایەن نوێنەری ڕژێمەوە لە وڵاتی بابان کە موتەسەڕیفی سەردەمی سلێمانی بووەو ، لە سزای دڵسۆزی بۆ نیشتمانو ویستی چاکەدا بۆ جەماوەری خەڵك ، لەجیاتیی ئەوەی وەك چاوەڕوانی لێ‌ئەکرا عێلجاڕی لێ بکاو هەموو خزم‌و کەسوکارو قەوموقیلەو چەكبەدەستانی عەشایری دەوروبەر دەنگ‌بدا بۆ چوونە سەر سلێمانی‌و بەگژاچوونی موتەسەڕیف‌و تۆڵە لێ‌سەندنەوەی ژیانی بەناحەق دوایی پێ‌هێنراوی ، لە ترسی ئەوەی نەوەکا بەر لە گەیاندنەوەی بە خێوەتەکەی خۆی زمانی بشکێ‌و دەمی گۆ

نەکا چی لە دلیایەتی بە براکانی بلێ ، هاورێکانی ڕانەسپێرێ بە زمانی ئەوەوە پێیان ڕابگەیەنن : « زینهار ، لەسەر خوێنی من بەگژ حوکوومەتدا نەچن .. » .

مەحموودئاغا ئەوەندە ڕاستی ڕەوتی دواڕۆژی تێکۆشانی بۆ ئەو ئامانجانەی خۆیو پەریچیهرە لە دلیانا پەروەردەیان کردبوون ، لا مەبەستە، نایەوێ براو پاشماوەو جێگرەکانی هیچ هەنگاوێکی سەرەڕۆیانەو ناوەخت بنێنو کارێ بکەن ئەو مەسەلەیەی ئەم گیانی لەپێناویا دانا ، لە قوڕی خەستی ئەو پیلانە بچەقێ کە خۆپەرستانی بەرچاوتەسکی ناوخۆو نوێنەرانی ڕژێمی داگیرکەری عوسمانی بۆ کوردو کوردستانیان نابوەوە ، تەنانەت بەش بەحالی نوێنەری ڕژێمیش ، تاوانەکە پاساوئەداو ئەیخاتە ئەستۆی تۆکەرە ناوخۆییەکانیو ئەلێ : «ئەم موتەسەڕیفە حەرەکاتێکی زۆر خراپی کرد ، بەلام ناحەقی نەبوو ، لەو پیاوماقوولانی وەتەنپەروەرە کە حوکوومەتی ئەحمەدپاشایان ڕووخاندو پەری ئیستیقبالی کوردستانیان خنکاند ، دەربارەی من چشتێکی‌وایان هەلبەستبوو کە موتەسەڕیف لە خۆی ترساو پێشدەستی کرد » .

* * *

ئەگەر باوەڕمان بەو ڕایە بێ کە ئەلێ بنووسی ڕۆمانو چیرۆکو شانۆنامە لەڕاستیدا لە کارە ئەدەبییەکەیا هەلوێستی خۆی دەرئەخاو ئەیداتە پال قارەمانانی کارەکەیو ، من خۆیشم لەوانەم باوەڕیان بەم ڕایە هەیە ، بەلێ ئەگەر باوەڕمان بەم ڕایە بێ ئەلێین پیرەمێردیش لەم شانۆنامەیەدا ، لەڕاستیدا ، بیرو بۆچوونی خۆی بە زمانی قارەمانانی شانۆنامەکەیەوە دەرئەبڕێ . بەلام ئەمەیش مەعنای وانییە ئەو بیرو ڕایانەی لە کارە ئەدەبییەکەدا ئەدرێنە پال قارەمانانی ڕۆمانو چیرۆکو کەسانی شانۆنامە ، لەڕاستیدا پێوەندیان بەوانەوە نییەو تەنها هیی بنووسی کارە

ئەدەبی‌یەکەن ، نەخێر ، مەعنای وا نی‌یە ، چونکە ئەگەر کارە ئەدەبی‌یەکە لەسەر بنەمای مێژوو نووسرابێ‌و ئەو کەسانەی ناویان تیایا هاتووە هەموویان یا زۆرتریان یا هەر هیچ نەبێ کەسە سەرەکی‌یەکانیان کەسی ڕاستەقینە بن یا کەسانی‌وا بن لە چوارچێوەی ڕووداوە مێژوویی‌یەکەدا ئەو بیرو ڕایانەیان بووبێ کە دراونەتە پالیان ، یا لە کارە ئەدەبی‌یەکەشا ناوی‌تریان لێ نرابێ ، ئەوە بەئاشکرا نیشانەی ئەوەیە ئەو قسەو بیرو ڕایانەی لە چوارچێوەی تێکستە ئەدەبی‌یەکەدا گونجێنراون ، وەك هی کەسە مێژوویی‌یەکانینی ، هەروایش لە هێلە سەرەکی‌یەکانیانا لەگەڵ بیرو ڕای بنووسی کارە ئەدەبی‌یەکە یەك‌ئەگرنەوە .

* * *

مادەم لەم شوێنەدا قسەمان هاتە سەر ئەوە کە بەناو «پیاوماقوولآنی وەتەنپەروەر» بوون دلی موتەسەڕریفیان لە مەحموودئاغا کرمێ‌کردو هانی‌یان لێ‌داو ، وتیشمان بنووس‌و هارەمانو کەس تێدڕا لەو بیرو ڕاو بۆچوونانەدا یەکدگیر ئەبنەوە کە لە کارە ئەدەبی‌یەکەدا خراونەتەڕوو ، ئەبێ لەمەوە بگەینە ئەو ئەنجامە کە پیرەمێردیش ، وەك زۆر کەسانی‌تر ، هەر لە سەرەتاوە دەردەکوردە کۆنەکەی دەسنیشان کردووەو زانیویەتی هۆی هۆیانی کوێرەوەریی ئەم خەڵکەو پاشکەوتوویی‌و شوێنکەوتوویی ئەم نیشتمانە هەر خودپەرستی‌و شوێنی مەسلەحەتی تەسکو چاوچنۆکانەی خۆ کەوتنی چینێکی دزو جەردەو خەڵك‌ڕووتێنەوەو خۆفرۆش‌و خوێنمژە کە پیرەمێرد بە زمانی مەحموودئاغاوە وایان وەسپ ئەکا کە ئەڵێ : « ئەم یادگارانە وەیانزانی کە ئەحمەد پاشا نەما خۆیان جلەوی حوکومەتیان بەدەستەوە دەبێ ، کەچی ئەشباهیان تەحسیلداری‌یان دەست‌ناکەوێ . ئێستاش بە خەیالی ئەمەن ئیجارەی شاربازێڕ بکەن‌و دێهات بگرنە دەست خۆیان . ئەوە خەیالی مەحالە » . کەواتە وەك چۆن تاقمێکی لەعەل‌گەڕی

جلخواری خۆپەرست هەزار درۆو دەلەسەیان بەنیازی بەد لەگەل هەندێ ڕاستی بۆ مەبەستی چەوت هێناوە ئارا پێکەوە شێلاو کارێکیان کرد دەولەتی عوسمانی میرنشینی بابان ، وەك میرنشینەکانی تری کوردستان ، لە ناوبەرێ ، هەر تاقمێکی لەو بابەتەیش بوون ئەو بنەمایەیان لەبنەوە هەلتەکاند کە مەحموودئاغای شیوەکەل بە هاودەنگی لەگەل ژنە ڕۆشنیرو ئازادیرەکەی‌و بە ڕەنگ‌بۆڕشتنی سەلیم‌ئاغای باوکی پێکەوەی‌نابوو بۆ سوودی کوردی ناوچەکەو ، سنووری نێوان بەشی عوسمانی‌و بەشی عەجەمی هەرێمی شاربازێڕو بانەی شکاندبوو و کاری بۆ ئەوە ئەکرد کاروباری ناوچەکە بەدەست کەسانی خۆمالی‌یەوە بێ‌و ، زەبروزەنگ‌و جەورو ستەمی جەندرمەی عوسمانی‌و سەربازی ئێرانی لە کۆلی ڕەشورووتی لادێی ئەو ناوچانە هەلگیرێ . ئەمانە ئەم نامەردی‌یەیان بۆ هیچ نەکرد بۆ ئەوە نەبێ خۆیان ، وەك بەرماوەخۆری داگیرکەر ، بتوانن دوو سێ گوندی کاول‌و وێرانی شاربازێڕ بە ناوی ئیجارەوە لە دەولەت وەرگرن‌و بە ڕووتاندنەوەی ئەو گوندی‌یە هەژارانەو لێ‌زەوتکردنی چوار بار ترێ‌و بارێ مێوژو ئیزرەم باسووق‌و بە بەسەرادانی دوو سوخرەو دوو بێگار چەند لیرەیەکیان لێ کۆکەنەوەو گیرفانی خۆیانی پێ گەرم‌کەنەوە .

هەر لەم شانۆنامەیەدا پیرەمێرد بەپێی بارو دۆخی سەردەمەو ، پشت بەو ڕادە تێگەیشتنەی لە سیاسەتی جیهاناو ئەو ئاگاداری‌یەی لەبارەی نوانی ناوخۆی کوردەوە بوویەتی ، لایەنگریی لەوە کردووە کە ئەم میللەتە لە چوارچێوەی دەولەتی حوکمڕانی سەردەما کە ئەودەمە دەولەتی عوسمانی بووە ، خاوەنی قەوارەیەکی ناوخۆیی بێ‌و بۆ سوودی ولات‌و خەلکی ولات هەمیشە ڕێگایەك بگرێتەبەر بەری لێ نەگیرابێ‌و دەرگای لەڕوودا کلیل‌و کلۆم نەکرابێ . ڕاستەکەیشی ئەوەیە ئەتوانین بلێین پیرە مێرد لەم جۆرە بیر کردنەوەیەیا پشتی بە میراتێکی مێژوویی دووروودرێژی کورد

پەستووە • کورد کە تێکڕا هەمیشە کۆمەڵێ میرنشینی دەرەبەگیی جیاجیای لە هەرلایەکی کوردستانا بووە ، ئەو میرنشینانەی هەمیشە تێکڕا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی وەخت بەوجۆرەیان بەسەربردووە کە دان بە فەرمانڕەوایی ئەو دەولەتە گەورەیەدا بنێن‌و لە کاروباری ناوخۆیانا کەم‌وزۆر سەربەخۆ بن • تەنانەت دەوڵەتی عوسمانیش پاش داگیرکردنی کوردستانی ئێستای عێراق‌و تورکیا هەر بەم‌جۆرەی مامەڵە لەگەڵ ئەکردن‌و تەنها لە سەدەی نۆزدەهەمدا سیاسەتی خۆی گۆڕی‌و کەوتە تێکدانی یەك لەدوای یەکی ئەو میرنشینانە ، کە ئەمە بە بۆچوونی من پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردە تا هۆکەی بزانرێ‌و بگەینە ئەوە ئاخۆ دەوری دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی ئورووپا لە خستنەسەر ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی عوسمانیدا چی‌و چۆن بووە•

بگەڕێینەوە بۆسەر ئەسڵی مەتلەب •

ئەوەتە لە شانۆنامەکەدا مەحموودئاغا ئەیەوێ هەر لە ڕێگای هاوکاری‌یەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی مەسلەحەتی هاونیشتمانەکانی داپێ بکاو بیر لەوە ناکاتەوە ڕێگایەکی‌تر بگرێتەبەر • ڕەنگە زۆر کەسی خوێنگەرم کە بەمە بزانن ، بە چاوێکی پڕ لە گومانەوە بڕوانتە مەحموودئاغاو تەنانەت پیرەمێردیش کە بیرێکی‌وای خستووەتە دووتوێی شانۆنامەکەیەوە • بەڵام مەحموودئاغای نووکی قەڵەمی پیرەمێردو پیرەمێردی سەر زمانی مەحموودئاغا وا بیرناکەنەوە • ئەوان سەنگوسووکیی وەزعەکە باشتر ئەکەن‌و ئەزانن ئێمە خۆمان چەندمان لە توانا هەیە • کە موتەسەڕڕیفی عوسمانی لە سلێمانی بە فیتنەجۆیی‌و بەدگۆیی هەڵدێ لەوانەی لەبەر تەماعی خۆیان بۆ مەحموودئاغایان لا تێچاندبوو و دڵدۆنگیان کردبوو لێی ، ئەنێرێ بەدوای مەحموودئاغاداو پیلانی بۆ ناوەتەوە دەرمانخواردی کا ، لە مەجلیسا لێی‌ئەپرسێ : « مەسئەلەی دەرکردنی ئەماتوڵڵا کوری کەریم‌خانی حاکمی بانە چی‌یە ؟» • مەحموودئاغا

وەلام یەداتەوە : « پاشام ، ئێمە لە گەڵ بانەدا دراوسێین • هەموو ئالووێرو خرید‌وفرۆخت‌و تیجارەتی ئێرانمان بە واسیتەی بەندەری بانەوەیە • بانەیش لە زەمانی حوکوومەتی بەنی‌ئەردەلانیەوە تا پێش کەریم‌خان حاکمی کوردەواریی بووە هیچ فەرقێکی نەکردووە • کەریم‌خان داوای کارپەردازو پەساپۆرت‌و ویزەی لە تەبەعەی ئێمە دەکردو دەستی دوو کەسی تەبەعەی عوسمانیی بڕیبوو • یونس‌خان کە نائیبی حوکوومەت بوو لەنگەری بۆ ڕاگرتبوو ، بەڵام ئەمجارە کە دەستی ئەو پیاوانەی بڕی ، تەبەعەو شابەندەر گەلەکۆمەکیان لێ‌کرد ، ڕای‌کرد • زاتەن یونس‌خان بە وەکالەت لەوێ ئیفای وەزیفە دەکا • هێشتا حوکوومەتی ئێران حاکمی‌تری نەناردووە » •

« موتەسەڕیف : ئەی تۆ بۆچی چووبوویتە بانە ؟ »

« مەحموودئاغا : من خۆم هیچ کوێ نەچووم • مامەکانم بۆ خوازێنی چووبوونە بانە • من ئەگەر هەرچی بکەم ، ئایا خزمایەتی‌و ئایا موعاوەنەت لەگەڵ ئەمانەدا ، هەمووی بۆ تەقویەی وەزیفەو ڕەواجی کاری حوکوومەتە • شوکر بە سایەی خواوە نە نوفووزی ئەجنەبی دەناسم ، لە (کاپیتۆلاسیۆن) • ئەمەیش سەربەرزی‌و حورمەتی ئێوەی تێدایە » •

« موتەسەڕیف : باشە • من زۆر لە تۆ مەمنوونم • با بچینە سەر سفرە ••• » •

جا کە پاش ئەم مەمنوونیە بەدرۆیەو ، پاش ئەم بانگهێشتنی سەر سفرەیە ، کە نۆکەرەکانی موتەسەڕیف پیلانە چەپەڵەکەی بەجێ‌دێنن‌و قاوەی ژاراوی دەرخواردی مەحموودئاغا ئەدەن ، لەگەڵ هەموو ئەمەیشا مەحموودئاغا لە سەرەمەرگا ئەم قسانە ئەکا : « زینهار ، نەکەونە سەودای موخالەفەتی حوکوومەت ! ئاخ چی‌بکەم بەختی کوردەواری نەبوو • ئەوەی من ئەمویست‌و تەعقیبم ئەکرد خدمەتی وەتەن بوو • خدمەتی وەتەنیش بە

پشتئەستووریی حوکوومەت ئەبێ • هەرچی حوکوومەت ڕووی لێ وەرگێڕا ، شێر بێ ، ڕێوی یە » •

خوێن ساردیو واقیع بینیو دوورئەندێشی یەکی وەك ئەمەی لەم بڕگەیەی پێشەوەدا خراوەتەڕوو ، لەلایەن کەسێکەوە کە چارەك سەعاتێ پێش ئەم قسانەی ، ئەوەی ئەو داوای ملپێچی لێ نەکردنو بەگژانەچوونی ئەکا ، دەرمانخواردی کردبێو لەسەر سفرەو خوانی میوانداریی مالی خۆی بەو شێوە نامەردانەیە کوشتبێتیو ، هەروا بەشانازی یەوە خستە پێش چاوی جەماوەری خوێندەوارانی نەتەوەی ، لەلایەن پیرەمێردێکی ڕۆشنبیری خاوەنی ئەو دلە گەورەی پڕ لە خۆشەویستیی لە ناخی دلو دەروونا ڕیشەداکوتاوەی کوردو کوردستانەوە ، نیشانەی هەستێکی هەرە بالای سیاسەتمەداریو ڕەچاوکردنی سوودی ڕاستەقینەی دوارۆژی گەلو بەهەلدێرا نەبردنیەتی • من خۆم کە ئێستا ئەم هەلوێستەی ئەوان ئەگێڕمەوە ، نەك هەر وەختە بلێم پێم تەحەممول ناکرێ بەلکو درۆیش ناکەم ئەگەر بلێم ناتوانم بەئاسانی داکۆکیی لێ بکەم • وائەزانم زۆر لەوانەیش ئەم چەند دێرە ئەخوێننەوە هەر وەك من وان • بەلام سیاسەتی ڕاستەقینە هەلسەنگاندنی هەموو ڕوویەکی مەسەلەو دۆزینەوەی وەلامی دروستی لەسەر بنەمای توانو لێهاتن بنیاتنراوی هەموو ئەو پرسیارانەیە ژیان لە هەر بارو دۆخێکی تایبەتیدا ئەیانخاتە بەردەم •

* * *

بەپێچەوانەی ئەوەوە کە بەدرێژایی مێژووی میرالی بابانو سۆران ڕوویداوە کە ئاکۆکیی ناوخۆیان بە پشتبەستن بە ڕۆم دژی عەجەمو بە عەجەم دژی ڕۆم چارەسەر کردووەو لەگەل ئەم لا تێکچووبن پەنایان بردووەتە بەر ئەولاو بەپێچەوانەیشەوە ، پیرەمێرد لەم شانۆنامەیەیدا بە زمانی یەکێ لە کەسە سەرەکی یەکانیەوە کە سەلیم ئاغای باوکی مەحموود ئاغایە

دژی ئەم خۆ بەسەرلایەکا دژی لایەکـیـدی ساغکـردنەوەیـەو ، یا لـە مەودایەکی تەسکی وەك سەرسنووری شارباژێڕو ولاتی بانەیشا بێ ، هەوڵی ئەوەیتی لە کورد بکەیەنێ ئەبێ کارێ بکرێ دڵی هەردوولا ڕابکیرێ ، ئەوەتە بە زمانی سەلیم ئاغاوە بەمجۆرە لە دامەزراندنی یۆنس بەگی ئەحمەدبەگ بە حاکمی بانە لەلایەن ئێرانەوەو بە هەوڵو تەقەلای خۆیان لای والیی سنەو لایەنگرتنی والیو بە فەرمانی شای عەجەم ـ ئەدوێو ، ئەڵێ : « زانەن کە خوا ئەمدیوی دایە دەست ئێمەو لەمدیو مەحموودی کوڕم بە ئیرادەی پادشای عوسمانی قائیممامی هەموو شارباژێڕ بێو لەودیو یۆلس خانی کوڕیشمان حاکمی بانە بێو ، ئەمدیوەودیو یەککەونو ، ڕۆمو عەجەمیشمان بەدەستەوە بێ ، خوا یار بێ هیچ قووەتێ ناماننلەرزێنێ » •

بەمجۆرە ، بۆ یەکەمین جار ، پیرەمێرد بیرێکیوا دێنێتە ئاراوە ، لەسەر بنەمای کەڵك وەرگرتنی لەیەك کاتای کورد لەمدیوو لەودیو بێ ، لەجیاتیی ئەوەی بین بە ڕەگەزێکی ئاڵۆزیی ژیانو ناکۆکیی نێوان • ئەمەیش لەگەڵ ئەو فەلسەفەی پیرەمێرد خۆیە ئەچێتەوە سەر یەك سەرچاوە کە ویستوویە هەرچی گیروگرفتی ژیانی کوردەوارییە لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە لەگەڵ ئەوانەی پێوەندیان بە مەسەلەکەوە هەیە ـ چاربکرێ • ئەم بۆچوونەی پیرەمێرد کە بە زمانی سەلیم ئاغاوە دەری ئەبڕێ ، یا بەپێچەوانەوە ، هەر هیچ نەبێ ، بەش بەحاڵی ئەو سەردەمە ، زیرەکانەو دووربینانەو واقیعبینانە بووەو ، بۆ سوودی دانیشتووانی هەردوو بەری سنووری ناوچەکەو ، قازانجی ڕاستەقینەی هەردوولای ، چ لەئاستی ناوچەو چ لەئاستی ولاتدا ـ دابینکردووەو ، یەکێکیش بووە لە ڕێگاکانی بڕینی دەستی ئیمپریالیستانی ڕۆژاوایی کە هەمیشە بەدوای بیانوویەکا گەڕاون پەنجەی پێ وەردەنە ناو کاروباری

هەر ولاتێکی ڕۆژهەلات ، تا پاشان خۆیان ، وەك ناوبژیکەر ، بێنە پێشەوەو ، لەو ڕێگایەوە جێپێیەك لەو ناوچەو ولاتەدا بۆ خۆیان بدۆزنەوەو دزەدەسەکێکی خۆیانی بۆ سوودی دوارۆژیان تیا دابێنن .

* * *

پیرەمێرد کە لە شانۆنامەکەیا ئەیەوێ نموونەی پیاوی گەورەو کارامە بۆ کورد دروست بکا ، ئەو شێوە کۆنانەی گەورەیی ڕەتئەکاتەوە کە لەسەر بنەمای پێوەندی ژنوژنخواز لەگەل بنەمالەو خێزانی دەلەمەندو دەسەلاتدار بنیاتنراونو ، شێوەیەکی نوێ دێنێتە ئاراوە کە بنچینەکەی یەکتری ناسینو لەیەك گەیشتنو بەهرەو توانو لێهاتنی ئەو ئافرەتە بێ کە بۆ خوازێنی دەسنیشان ئەکەن .

ئەوەتە کە سەلیم ئاغای باوکی مەحموودئاغای کەسی یەکەمی شانۆنامەکە ، مەحموودی کوڕی لەگەل ئەحمەدبەگی کەندەسوورە ئەنێرێ بۆ سیاگوێز ، مەحموود هۆمەری خەزنەدار مەعنای ئەم ناردنەی مەحموودئاغا بەوە لێئەداتەوە کە بچێ چاوی بە پەریچیهرەی کچی ئەحمەدبەگ بکەوێ ، بەلکو دلی بیگرێو داخوازیی بکاو ، بە سەلیم ئاغا ئەلێ : «ئاغا ، خوا موبارەکی کا . وا تێگەیشتم مەحموودی کوڕت دەنێری بۆ سیاگوێز بکەوێتە حەلقەی کەمەندی زولفی پەریچیهرەی کچی ئەحمەدبەگەوە . هەرچەند بۆ سیاسەتی ئەمڕۆ تێکەلیو خزمایەتی لەگەل ئەماندا بەجێیە ، بەلام مەحموودی کوڕی تۆ نەمامی باغی دەولەتی عوسمانییەو قائیمقامەو بەهۆی قائیمقامەتییەوەیە کە ئەم لەشکرو سوپای ئالانو شارباژێرو بەرکێو ، ئەم بگرەو بەردەیەی بەدەستەوەیە . ئەگەر نەزەری حوکوومەتتان لەسەر نەبێ لەم بەردە ڕەقەدا دەبێ ئێوە هەر ماشی هۆمەرلیسك بخۆنو ، مەگەر تەنها لە چوار دێی سیوەیلەکەدا بتانناسن . لەپێش چاومانە دوێنێ ، هێشتا نەبوە بە پێری ، نەرەشێرێکی وەك

عەزیزیەکی بابان کە بە حەسەبو نەسەبو شەجاعەت قیاسی لەگەڵ ئێوە ناکرێ ، خزابووە قەڵای سرۆچك بەڕوویان دەکرۆشتو خوێڕیەکی وەك سمایل پاشایان ناردبوە سلێمانی ، حاکمی سلێمانیی دەکرد چونکو کەمەربەستەی دەوڵەت بوو . ئێستا بە من بێ ، ئەگەر بۆ قووەتی عەشائیری بێ وا وەڵەدبەگیی جاف زاواتن ، مەحموود یا ژنێکی لە میرئاودەڵیان بۆ بێنە ، یا لە سلێمانی کەسێکی ئەرکانی حوکوومەت بگرنە دەست . بزانە جاف بە ئەکسەریەت ژن لە سلێمانی دێنن کە حوکوومەتیان بەدەستەوەیە . ئینسان دەبێ تەنها بۆ ئەمڕۆ نەژی ، سبەی ڕۆژی ئەولادو عەشیرەتو کەسوکارشی لە پێش‌چاو بێ » . سەلیم ئاغا لە وەڵامیا ئەڵێ : « ئاغا ، بەخوا فکرەکەت پەسەندە ، بەڵام نسیبو قسمەت بەدەست خوایە » .

سەلیم‌ئاغا ، دیارە ، تەنها بۆ لەڕووداماں هەر ئەوەندە بە مەحموود هۆمەر ئەڵێو قسەکە لەویا ئەبڕێتەوە .

سەلیم‌ئاغا کە ئەزانێ کچی ئەحمەدبەگ لە هەموو ڕوویەکەوە شایانی خواستنە : خوێندەوارە ، ئازادبیرە ، بە ڕاو تەگبیرە . بۆ دوارۆژی ئەو پرۆژانەی ، لە دڵی خۆیا ، لەمدیو لەودیو ، بۆ مەحموودئاغای کوڕی بنیات‌ناون ، بەسوودو کەڵکە ـ بەو قەدەرە قسەکەی خۆی لەگەڵ مەحموود هۆمەر بڕیوەتەوەو ، مەحموود ئاغایش چووە بە ڕێی خۆیەوە .

* * *

دیارە ، پیرەمێرد کە باوەڕی بە گەشەکردنی بەئاستەمو لەسەرخۆو لەسەر بنەمای بنیاتنانی پتەوە ، لەبارەی ژیانی خێزانیشەوە ، وەك بەشێکی پربایەخی ژیانی مرۆ ، بۆچوونی تایبەتیی خۆی هەیە کە بە دوورو درێژی لە دەمەتەقێی نێوان مەحموودئاغاو پەریچیهرەی پاش دیدارو بەیەك‌گەیشتنیانا ڕوونی ئەکاتەوە .

پیرەمێرد ، لە شانۆنامەکەیا بەیەکگەیشتنێکی ، وەك بەدەستەنقەست دروستکراوی ، لەنێوان بووكو زاوای دوارۆژا ڕێکخستووە • لە گفتوگۆی نێوانی ماوەی ئەو بەیەکگەیشتنەیاندا ئەم ڕستانەمان بەرگوێ ئەکەوێ :

پەریچیهرە تێگەیشتنی خۆی لە مەسەلەی ئافرەت لەم ڕستانەدا دائەڕێژێ : « وادەزانن هەرچی بەشی ئافرەت هەیە خوا هەر بۆ ئەمەی خەلق کردوون ئەسبابی کەیفو هەواو هەوەسی کوڕان بن‌و ، تێرنەیش کە ئافرەتی دی بە حەلوای نەرمەقووتی بزانێت • ئیتر ئەمنیەتی ناموس نی‌یە • ئاخ ! ئەمویست خوا یا بە ئافرەتی خەلق نەکردمایە یا نەمخوێندایە وە لە بەر خەزەکدا دانیشتمایە بێ‌حیس‌و بێ‌شوعوور ، دەماغم بە حیکایەتی دێوو پەری‌و چەرخوفەلەکی پیرێژنەکان پەروەردە بیوایە ، ئەوسا نەمئەوت ژنانیش حەقی حەیاتو مەوجوودی‌یەتیان هەیەو بە شیربایی نافرۆشرێن‌و بۆ تەشکیلی عائیلەو دلسۆزی بۆ مێردو ئەولاد لە پیاوانا پێشترن‌و لە حەیاتی عائیلەدا ڕوکنی موهیمن ••» •

لە مەحموودئاغایش ئەم ڕستانە لە وەڵامی پەریچیهرەدا ئەبیسین :

«خوێندەواری‌و ڕۆمانی تورکی‌و کتێبی ئەحمەد مەحمەت ، ئادابی موعاشەرەتی ئوورووپا ، هەمدەم‌و هەمفکریی سالم‌و کوردێ کە زۆرم خۆش‌ئەویست‌و هەمیشە لە خزمەتیانا بووم ، وایان چەسپاندۆتە کەللەمەوە کە ئافرەت ئەبێ نیوەی حەیاتی پیاو بێ ، هامدەم‌و دلسۆز ، هەمسەوداو بەسۆز بێت • غایەی هەردوولا تەشکیلی عائیلە بێت • مەرام لە تەشکیلی عائیلە ئەوەی چاك پێگەیاندنە کە خزمەتی خاكو عەشیرەتو قەومو قەبیلە بکەن وە نەهێڵن ولاتیان پامالی بێگانە بێت‌و ، میللەتی داماوی دەستی دوشمن نەبن » •

بەمجۆرە گفتوگۆ لەنێوان هەردولادا بەردەوام ئەبێ •

پەریچیهرە ئەڵێ : تۆ « عەجائیبیت لە من ما چۆن لەم بەردەمڕەقەدا ئەم لێکدانەوەیەم هەیە . منیش سەرم لە تۆ سڕ ماوە ئەم زەبروزەنگە لەعاقاری پیاو ، ئەم نەرمونیانیەیە لەڕاستی ژنان لەکوێوە پەیدا بووە ؟ جاریٚ تۆ سیوەیلیت ، کە سیوەیلی کەللەیان لە گوێزیان سەختترەو ، مەحموودی سەلیم شیوەکەلێت کە لە هەموو براکانی جەنگاوەرترە ، چۆن ئەم فەلسەفەیٚ حەیاتەت بۆ حەل بووە ؟ من لە تۆ موتەحەیرمو تۆ لە من تەراسیمە . کەواتە با باوەڕ بە یەك بکەین . کتیبی تورکیش ئەخوێنمەوە . هێچکاری لە ڕەوشتی ئێرەم لاداوەو ، ئەمەم گرتووەتە پێش‌چاو کە ڕۆژیٚ سەرم پانئەکەنەوە . بەلاز پێم‌خۆشە ، قوبوولی عیززەتی نەفس شکاندن ناکەم » .

مەحموودئاغایش ئەڵێ :

« ئەگەر ئێمە هەردوکمان لەم ئەخلاقو تەبیعەتەدا بین ، هیچ نەبێ خۆمان لە ژیانی هامسەریو هامفکری لەززەت ئەبەینو ، بە مەحەبەتی ئەخلاقیەوە خۆش ڕادەبوێرین . ئەمە یەك . دووهەم هەر مەحسوولێکی حەیاتمان بێ ، ئەوانیش لەسەر سروشتی ئێمە بڕۆن ، سەعادەتو بەختیاری بۆ خۆیان تەئمین دەکەنو ، لە ڕێدا هەیە کەلکی میللەتو وەتەنی خۆیان بگرن » .

* * *

مەحموودئاغا لەم وەڵامەیدا بۆ پەریچیهرە کە بۆخۆی نیچە موحازەرەیەکە ، ئەچێتە سەر یەکێ لە نیشانەکانی چەرخی نوێ ، چەرخی دەرکەوتنو پێگەیشتنو گەشەکردنی نەتەوە ، کە چۆن لایەنگریی خەڵك لە شێوەی جارانیەوە کە لەسەر بنەمای ئاین بووە ، ئەگوێزێتەوە بۆ شێوەیەکی نوێ کە لەسەر بنەمای نەتەوەییو نیشتمانیەو ، ڕەخنە لەوە

ئەگرێ کە ئەو سەردەمە خەڵك لەسەر بنەمای یەکێتی‌و جیاوازیی ئایـــن پۆلبەندی‌و ڕیز ئەکران‌و ئەدرانە پاڵ یەك پێوەند • بـەلام ئێستا لەســەر بنەمای نەتەوەو نیشتمان‌و ، یەکێتیی دەسانیـنی سەر بە یەت نەتەوە یا یەك نیشتمان بە بناغەی یەکبەرەیی کۆمەڵانی خەڵك دائەنرێ •• لەم‌بـارەوە ، بە زمانی مەحموودئاغـاوە ، لـە شانۆنامەکـــەدا وتراوە : « لە زەمانـــی سەعادەتەوە تا ئەم قەرنـی ئەخیرە ، ڕایتەیـەك کە هەمـوو میللەتێکـی یەکدەخست ، دین بوو • چەندێك دنیان کرد بە ئالەتی شەڕوشۆڕ • هەر حوکمداری ئارەزووی بیوایـە بچوایە بەگژ حوکـوومەتێـــی‌تردا ئیعلانی جیهادی ئەکرد • موسولمانی موسولمانی بکوشتایە جیهاد بوو • ئێـرانی‌و تورك کە هەردوکیان خوداێك‌و پێغەمەرێکیان دەپەرست، بە ناوی جیهادی دین یا ئیختیلافی مەزهەبەوە ، یەکتریان دەکوشت ، خێر بوو • ئێـستا خەڵك لەم فرۆفێڵە گەیشت • ئیتر نە ئەهلی سەلیب بۆ دین یەکدەگرن ، نە ئیعلانی جیهادی خەلیفە • تەنها ماوەتە ســەر ئەوە ئەو خاکـەی کە بـاوك‌و باپیـری تیا هەڵکەوتووەو ڕاوەتەوەو نیشتمانەو خۆتی تیا دەژیت ، نیگەهداریی ئەو خاکە کە وەتەنی پێ‌دەڵێن • ئەوە پێش هەموو مەرامێك دەکەوێ » •

پیرەمێرد ، هـەروا لە ڕیـزی قسەکانـی مەحموودئاغـادا کـە بـۆ پەرێچیمرەیان ئەکا ، شێوەی ئەو کۆمەڵگای کوردەواری‌یە نەخش ئەکا کە چاوی بڕیوەتە وەدیهاتنی • کەسی سەرەکیی شانۆنامەکەی وا ئەخاتە پێش چاو کە مرۆیەکە لە کۆت‌و زنجیری تەنها بۆ خۆ ژیان ڕزگار بووەو بـووە بە کەسێکی کۆمەڵایەتیی بۆ کۆمەڵ ژیاو ، واتە ئەیەوێ کاری تاکەکـەس بۆ سوودی تێکڕای کۆمەڵ بێ‌و ، کە کۆمەڵیش گەیشتە ئەم ئاستـە بالاو بڵندی مرۆڤایەتی‌یەو گەشەی‌کرد ، بۆ هەر تاکە کەسێکی وەك بۆ هەموو کۆمەڵ ئەڕوانێ • لەم ڕووەوە پیرەمێرد بە زمانـی مەحموودئاغـاوە کـە لەگەڵ پەرێچیمرەی هاوسەری ژیانی سبەینێی ئەدوێ ، ئەڵێ : « ئەگەر تۆ

نیشتمان نەپارێزی ، قەوم‌و عەشرەت‌و کەسوکارت دەربەدەر ئەبن‌و یێکەس دەمێنیتەوە . پیاو کە بێکەس بوو ، لە هەموو لایێکەوە تێی‌هەلـدەدەن‌و ، فەرزەن تێیشیـان هەلنـەداو دەولەمەندیـش بـوو ، بەپێـی ئارەزووی بـەشـەریەت‌و حیـسی ئیجتیماعیی ئینسـانی‌یەت پیاوی تەنها غەریبەو ، غەریبیش لەززەت لە دنیا نابینێ !! وا خۆشە پیاو پاروەوە نانێکی بێ لەناو کەسو کارو قەوموقیلەدا بیخوا . مادام زیندەگانی گرو پفێکە ، تەوەی بۆت دەمێنیتەوە هەلکردی یەکدلی‌و دلسـۆزی‌و خۆش‌گوزەرانیی ناو قـەوم‌و نیشتمانە . ئەگەر تۆ میللەتـی خۆتت خۆش‌بـوێ ، ئەوانیـش تۆیـان خۆش‌دەوێ . سەعادەت لە سەعادەتـی زیندەگانیـی خۆشەویستیـدایە . عیشق‌و سەودای جەمالێك فەردی‌یە . ئێستا بلێین هەردوکمان یا بۆ جەمال یا بۆ کەمال یەکتریمان خۆش دەوێ ، هەرچی بلێیت ئەمە خوسووسی‌یـە ، لەززەتی خۆشەویستی‌یەکی عموومیی تیا نی‌یـە . هەرگـاه عومـووم خۆشی‌ویستی ، ئەوسایە لەززەت لە خۆشەویستیی خوسووسی دەبینـی ، چونکو ئەگەر قەوموقیلەت خۆشیان‌نەوێت ، با منیش زۆرم خۆش‌بوێت، باز ئەو لەززەتەی نی‌یە . وەقتێ لەززەتی خۆش‌گوزەرانی دەبێ ، میللەتت دەولەمەند بن ، زەلیل نەبن . هەرچەند چاوت بە زەلیلی‌و داماویی ئەوان بکەوێ ، تۆ هەرچی بیت ، دلت دەگیرێ‌و عەیشت تال ئەبێ . بەلام کـە عەشرەتت لەپێشـەوە بوو و وەتەنت ئـاوا بـوو ، لـە هەر نۆشـەیێکـەوە شایی‌و سەیرانێك دەبێ‌و لە هەر کەسێکیدا گوزەرانێ دەبێ ، ئەوسا بە دلخۆشی‌یەوە دلداری خۆشە » .

ئەمەی پیرەمێرد بە زمانی مەحمودئاغاوە بە پەرچیەرەو ، لە رێگای ئەوەوە بە هەموومانی ئەلێ ، پوختەیەکی هەموو فەلسـەفەی خێرخوازانـی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی‌یە هەر لە پێغەمبەرانی خواوە بیگرە تا چی حەکیم‌و فەیلەسووف‌و کەسانی مرۆپەروەرو ئینسـانـدۆسـتی رووی ئەم

سەرزەمینەیە ، بەڵام بەگوێرەی ڕیزبەندیی نوێی قۆناغەکانی ژیانی ئادەمیزاد دەرزی بیروباوەڕی شۆڕشی دیموکراتیی ئورووپایە کە لە شۆڕشی فەرەنسەوە دەستی پێکردووە ، لەگەڵ ئەوەیشا کە هێشتا نەك هەر لە ئورووپای زادەی شۆڕشی فەرەنسەدا ، بەڵکو لە سەرانسەری جیهانا بەرادەیەکی پوختو تێروتەسەل نەهاتووەتەدیو ، هێشتا ئەرکی خەباتێکی زۆرو سەخت لەئەستۆی مرۆڤایەتیدایە بۆ وەدیهێنانی • هێنانەدیی ئەرکیوا هەرگیز کارێ نییە بە کۆمەڵگای سەرمایەداری بکرێ ، هەرچەند پێشکەوتوویش بێو ، هەرچەند جەماوەریش تواناییان چەردەبێ لە مافی زەوتکراوی سەدەهای دوورو درێژی خۆیان لەسایەیا وەربگرنەوە • ئەمە ئەرکی کۆمەڵگایەك نییە ڕەحمو بەزەیی جێی تیا نەبێتەوەو لەسەر بنەمای خوێنمژینی بەشی زۆری خەڵك بۆ سوودی کۆمەڵێکی کەم دامەزرابێ • ئەرکی کۆمەڵگایەکی بەراستی سۆشیالیستو دیموکراتو ئینساندۆستە • هاتنەدیی ئەرکیوایش زەمانێکی زۆری ئەوێ ، بەڵام پیرەمێردی ئینسانو ئینساندۆست بە پێویستی سەرشانی خۆیی ئەزانێ بە زمانی مەحموودئاغاوە هاولێشتمانانی خۆی بەم گیانە پیرۆزە پەروەردە بکا •

* * *

پیرەمێرد بۆ ڕزگاربوونی گەل لە بەشێکی زۆری ئەو دەردو ئازارانەی بەدەسیانەوە ئەناڵێنێ ، پشت بە خوێندەواری ئەبەستێ • ئەو لای وایە ئەگەر خوێندەواری بەناو ئەم خەڵکەدا بڵاوبێتەوە ، خەڵك چاویان ئەکرێتەوەو فرتوفێڵی کەسانی درۆزنو ساختەچییان بەسەرا تێناپەڕێ ، چونکە هەر ڕووداوێکیان هاتەڕێو هەر بیروباوەڕێکیان لە هەر بەرگێو سیاڵێکا پیشاندرا ، ئەتوانن پشت بە هێزی خوێندەواری لەو ڕووداوە بکۆڵنەوەو ئەو بیروباوەڕە تاوتوو بکەنو هەڵوێستی ڕاستی پێویستیان لەئاست وەربگرن •

کەواتە ، ئەو خوێندەواری‌یەی پیرەمێرد بەدوایا عەودالە بۆ گەلەکەی، نە تەنها حاڵەتی توانی لەیەك‌کردنەوەی خەتی ڕەش‌و سپی‌یەو نە تەنها بڕینی قۆناغێ یا زیاتر لە قۆناغەکانی خوێندن ، هەرچەنـد ئەم دوو پلەیـەی خوێندەواری‌یش بایەخێکی گەورەیان هەیەو مەرجی دەس‌لێ‌هەڵنەگیراوی گەیشتن بە خوێندەواریی ڕاستەقینەن . ئەو خوێندەواری‌یەی پیرەمێرد بە زمانی مەحموودئاغای کەسی یەکەمی شانۆنامەکەیەوە بە ئاواتی ئەخـوازێ بۆ میللەتەکەی ، گەیشتنە بـە حاڵەتی هوشیـاری . گەیشتـە بە قۆناغی گواستنەوە لـە خۆپەرستی‌یـەوە بـۆ کۆمەڵپەرسـتی .. ئەوەیـە کـە مەبەست‌بوونی ئاوەدانی‌و پێشکەوتنی وڵات‌و سەربەرزی‌و سەفرازیی گەل ببێ بـە شتێکی جێگرتوو لە دڵ‌و دەروونی هەر هاووڵاتیکاو بچێتە نـاو خوێنیەوەو وەك داب‌ونەریتی جێگیربووی بەمیرات‌بۆماوەی سەدان ساڵی باب‌وباپیران لەناو کۆمەڵا بچەسپێ .. ئەو خوێندەواری‌یەی کەوا پیرەمێرد مەبەستیـەتی لە هەمـوو ئـاوەدانی‌یـەکی کـوردەواری‌یا بڵاوبیێتـەوە ، خوێندەواری‌یەکە مرۆ بیەستێتەوە بە گەل‌و وڵاتەوەو وای‌لێ‌بکا خۆشـی‌و ناخۆشیی ژیانی خۆی لە خۆشی‌و ناخۆشیی ژیانی گەل‌و باری وڵاتا ببینێتەوە چونکە لای‌وایە قەدری هاونیشتمان بەوەوە بەندە کە وڵاتی ئاوەدان‌و میللەتێ لە مافی خۆ بەرخورداروو ڕێزلێ گیراو بێ . خۆ ئەگەر وانەبوو ، واتە نە وڵات ئاوەدان‌و نە میللەت لە مافی خۆی بەرخوردار بوو، ئەوە وائەگەیەنێ خەڵکەکە بۆ مەبەستی ئاوەدانیی وڵات‌و لە ماف بەرخورداریی خۆیان هەوڵنادەن ، بـا بە دەمیش لە ئیدیعای بێ‌بنەمای نیشتمانپەروەری هیچیان نەهێشتبێتەوە . کە میللەتیش هەوڵی بۆ ئاوەدانیی وڵات‌و لەماف‌بەرخورداریی خۆی نەدا ، ئەوە واتە هەرکەس لەدووی سوودی تایبەتیی خۆی ئەگـەڕێ‌و ، ئـەوێ خاوەن‌دەسەڵات بێ خەڵکی‌تر ئەکا بە ژێردەستەی خۆی‌و ، لەم‌حاڵەدا وڵات ئەبێ بە هەراو پشێوەو ، ئەوەی بتوانێ دەس ئەگرێ بەسەر ئاوچەیەکـاو

تیا ئەبێ بە دەرەبەگو خەڵکەکەی ئەکا بە ڕەنجبەری خۆیو ، سوودی تایبەتی ئەبێ بەو سەنگو ترازووەی هەرئەس سەنلوسوودیی کاروباری پێ ئەکاو ، کە وایش بوو کەس نابێ بە شتێکی ڕاستەقینە ، چونکە هیچیەتیی ڕاستەقینە لەوەدایە مرۆ بۆ قازانجی هەموان تێکۆشێ •

ئەمانە گشت دەرزی پەروەرشتی نیشتمانیو کۆمەڵایەتیێ پیرەمێرد بە زمانی مەحموودئاغاوە پێمانئەڵێو ، ئەیەوێ بەم گیانە پەروەردەمان بکا، بۆیە لە شانۆنامەکەیا ئەنووسێ : « ئاخ ! خوا ڕۆژێك بڕەخسێنێ کە هەر شارێك خوێندەواریی تێبکەوێ • هەموو بزانن کە خۆشیو قەدری ئینسان بە حورمەتی قەومو ئاوەدانیی نیشتمانیەوەیە ، ئەگینە ئێستا من بڵێم : وەتەنپەروەرم ، درۆ دەکەم • هەموو بۆ دەبدەبەو ناوو شوهرەتی خۆم بەگژ عەشرەتەکانیتردا دەچم • لەبەرئەوە گەورەی عەشیرەتەکانیتر دیارە نایانەوێ من بم • هەرکەسە بووەتە دزی گای خۆیو ، هەریەکە بووەتە ملۆزمی فەقیرو هەژاری قەتمەیێك • هیچکەس نابینم جوزئی مەنفەعەتێکی خۆی بۆ مەنفەعەتێکی زۆری عومومی فیدا بکاو ، تا هەرکەسە بۆخۆی بێ بە هیچ نابێ ، با ئەمڕۆیش بڵێن پارەدارە خۆشیانئەوێ • سبەینێ کە خوێندەواری چاوو گوێی میللەتی کردەوەو زانییان هەر بۆ خۆیەتی ، ئەو قەدرەی نامێنێ » •

* * *

پیرەمێرد لە ڕیزی قسەکانیدا بە ناوی مەحموودئاغاوە لەگەڵ پەرچیمرەیێ خێزانی دوارۆژی ، ڕایەك ئەخاتە ڕوو پوختەکەی ئەچێتەوە سەر ئەوە کەسێك لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە لە بەرەی ئەوانە بێ جەماوەری ڕەشوڕووت ئەچەوسێننەوە ، بۆئەوە دەسلادا ئەرکی پێگەیاندنو ڕزگارکردنیان لە چەوساندنەوە بگرێتە ئەستۆ ، چونکە ئەو پێگەباندنو ڕزگارکردنی خەڵکە لە قازانجی خۆی نییە • کەواتە ناتوانێ ئەو ئەرکە

بەدی بێنێ • ئەوەتە پیرەمێرد بە زمانی مەحموودئاغاوە ئەڵێ : « ئێستا من کە مەوقیعێکی بلندی عەشیرەتیو حوکوومەتیم هەیە ، پێم ناکرێ صەوبی ئیسلاحی ئەم قەومە بدەم‌و ، ئەگەر ڕاستیشت دەوێ بە ئیتم دەست نادا ، چونکە ئەم خەڵکە ئەگەر تێگەیشتوو بن ، بۆ من دەست نادەنە تفەنگ‌و بۆم بچن بەگژ لەشکری دوشمنی منداو ، ئەم خاکی ئێمەیش خوا ئاوەکەی وا بۆ ڕشتووە هەموو عەشائیر دوشمنی یەکین و لە حوددوودیشداین ، لەبەرئەوە بۆمان ناکرێ ئەم ئەهالییە سەوقی سەر خوێندەواری بکەین‌و لەدەست خۆمانی بکەینەوە • ئەمە مەسلەکی ناچارییە ، یەعنی من بمەوێ‌و نەمەوێ دەبێ هەمیشە سێسەد چوارسەد تفەنگم ئامادە بێ ، ئەگەرچی ئەمە حەیاتێکی وەحشەتە » •

ئەمەی پیرەمێرد ئەیڵێ دوو خاڵی وردی تیایە ، یەکەمیان لە کرۆکا لەگەڵ یەکێ لە بنەماکانی بیری سۆشیالیستی یەکئەگرێتەوە • ئەو یەکگرتنەوەیش لەوەدایە لە بیری سۆشیالیستیدا ئەرکی ڕزگارکردنی کۆمەڵ لە ڕژێمی چەوساندنەوەی چینایەتی بە چینی کرێکار سپێرراوە ، چونکە ئەم چینە تاقە چینێکە ئەگەر نەشێوێنرابێ‌و لەخشتەنەبرابێ‌و باری چینایەتیی ڕاستەقینەی خۆی بفامێ ، هیچ سوودێکی لە چەوساندنەوەی هیچ کۆمەڵە خەڵکێکا نییە ، بۆیە کە دێتە مەیدانی ئازادکردنی کۆمەڵەوە بەڕاستی دێتە مەیدانەوە •

دووەمیشیان ئەوە کە مرۆ ڕۆڵەی ئەو ئاووهەوا کۆمەڵایەتییەیە تیا پەیدا بووەو تیا پەروەردە بووەو ، ئەگەر کارایەکی لاوەکی نەیەتە پێشەوە ڕەوتی ژیانی پێ بگۆڕێ‌و بیخاتە سەر ڕێگایەکی نوێ ، خۆی بە ناچار ئەبینێ هەر لە چوارچێوەی ئەو سوودو قازانجانەدا بسووڕێتەوە کە بارو دۆخی ژیانی ڕەنگی بۆ ئەڕێژێ ، بەڵکو لەوە زیاتر نازانێ •

هەروا پیرەمێرد کە ئەم بیرە بە زمانی مەحموودئاغاوە دەرئەبڕێ

سەرەنجام ئەیشیکا یە بەلگەیەکی‌تر بۆ ڕەوایی ئەو باوەڕەی بووە بە سەرچاوەی دیاری‌کردنی زۆر لەو هەلوێستانەی لە ژیانی خۆیا ناونی‌و باوەڕێکی پتەوو جێگرتووی پێ بووەو ئێمەیش یەك دوو جار لەم وتارەدا پەنجەمان بۆ درێژ کردووە ، کە ئەویش باوەڕی متمانەنەکردنە بە چاکبوونی ڕاستەقینەی بارو دۆخی کۆمەڵ ، مەگەر بەئاستەم‌و لەسەرخۆو لەئەنجامی گەشەکردنی هێدیی هەموو ڕووەکانی ژیانی کۆمەڵدا . ئەوەتە دوایی قسەکانی لەگەڵ پەریچیهرە بەوە دێنێ کە ئەڵێ : «جا ئەگەر خوا بەزمویی بە مندا بێ‌و ڕەفیقەیێکی دلسۆزم بداتێ هیچ نەبێ بە شەو کە فەراغەتێکمان بوو دەردی دڵ لای یەك هەڵئەڕێژین‌و تەسەللایێکمان بەیەکتری ئەبێ‌و ، ئەگەر خوایش بیدا ، ئەولادمان ببێ ، بەپێی دڵو دەروونی خۆمان بیهێنینە بەرهەم » .

بەلای منەوە ئەم ڕستەیەی پیرەمێرد ، بە زمانی مەحموودئاغای شێوەکەڵەوە ، لە چوارچێوەی دەمەتەقێی نێوانی مەحموودئاغاو پەریچیهرەی خێزانی دواڕۆژیا ، لە تێکستی شانۆنامەکەیای گونجاندووە ، بەبێ‌پێچوپەنا وائەگەیەنێ باوەڕی وابووە باری کۆمەڵ هەرگیز بە قەڵەمباز نا ، بەڵکو وردەوردەو لەسەرخۆ ڕاست ئەبێتەوەو ، پێویستی بە گۆڕانی ئاستی تێگەیشتوویی‌و پێگەیشتوویی ئەندامانی کۆمەڵە . جا کە ئەمە وابوو ، ئەبێ پیرەمێرد لایشی وابووبێ مادەم کۆمەڵ لەخۆیا ئامادە نەبووبێ بۆئەوەی باری لاری ڕاست ببێتەوەو ، نەگەیشتبێتە ئاستی ئامادەیی بۆ گۆڕانی دەسەلاتدارێتی یا جۆری ڕژێمی کۆمەلایەتی بە یەکێکی‌ترو ، مەسەلەی تەقەلای گۆڕینەکە با لەگەڵ بەشداری‌کردنی کۆمەلاتێکی فراوانی خەڵکیشا بێ ، لە کرۆکا هەر لە سنووری دەستەیەکی کەمی لە بیروبۆچوونی خەلکەکە دابڕاودا بێ ، ئەگەر ئەو دەستە کەمە ئەوەیشیان بۆ بڕەخسێ کە دەسەلاتدارێتی یا تەنانەت خودی ڕژێمی کۆمەلایەتی‌یش

بگۆڕن بە ڕژێمێکی بەدیمەن لەپێشتر ، لەڕاستیدا شتێکی ئەوتۆیان نەکردووە ، چونکە لە سوورەتی گۆڕینی تەنها دەسەلاتدارییا نەبێ لە خەلکەکەدا ناگۆڕێو ، لە دەسەلاتدارێتی خۆشیا تەنها دەموچاوو سەروسیما گۆڕاوەو ، کەمجار وائەبێ دەموچاوە نوێکە جیاوازییەکی ئەوتۆی لە دەموچاوی پێشوو بێ ئەندازەیەك کار بکاتە هەندێ سەری باری ژیانی خەلکەکە • لە سوورەتی گۆڕینی ڕژێمیشا ، مادەم گۆڕینی ڕژێم پێویستی بە بنکەیەکی بەربلاوی ئەوتۆی جەماوەرییە بۆ جێگیرکردنی ڕژێمی نوێ لەجێی ڕژێمی پێشوودا تێکۆشێو ئەو بنکەیەیش لێیە ، دیسان ، با هەندێ شتیش بەدیمەنو ڕووکەش بگۆڕێن ، ناخی کۆمەل هەر ناخەکەی جارانەو شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕاوەو ، زوو بێ یا درەنگ ، کار ، لە ڕووی نەگۆڕانی کرۆکەوە ، ئەگەڕێتەوە سەر دۆخەکەی جارانی یا شتێکی نزیك لەوەو ، هەر ئەبێ چاوەڕوان بین کۆمەل لەسەرخۆو لەبنەوە گۆڕانی بەسەرا بێو ، لە حالەتێکەوە بچێتە حالەتێکیترو ، وای لێبێ بەڕاستی پێویستی بە ڕژێمێکی نوێ بێ •

بیرو بۆچوونیوا زۆر جار قسەی تالو سەرزەنشتی ناواقیعیی لە هەندێ لە لاوانی نیشتمانپەروەری خوێنگەرمی کەمتەجرەبەوە هێناوەتە ڕێی پیرەمێرد ، بەلام سەرەنجام بۆ ئەو لاوانە خۆشیان دەرکەوتووە تێکڕا بیگری ئەو لەسەر هەق بووە نەك خۆیان ، بەلام کەسیان بە خۆی نەزانیوە کە مەسەلەکە وایە تا کاتێ کە یا لەبەر لەکارکەوتنی خودی خۆی ، یا لەبەرئەوەی بارو دۆخەکە وا نەماوە هەمووکەس بتوانێ پەلی تیا بهاوێ ، توانی ئەوەی نەماوە هەلوێستی خۆی ڕاستکاتەوە •

* * *

پاش ئەم هەموو باری سەرنجانەی پیرەمێرد بە زمانی مەحموودئاغاوە دەری بڕین ، سەرە دێتە سەر ئەوە بە زمانی پەریچیهرەیشەوە شتێ بلێ . لەم مەیدانەیشا دێتە سەر شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی باری ژیانی ئافرەتو ، بە زمانی ئەمیشەوە وا دەرئەبڕێ کە ئەمیش هەر لەوباوەڕەدا بێ لە ڕێگای پێگەیاندنو ئامادەکردنی وەچەی دوارۆژەوە نەبێ بۆ تێگەیشتنی پێویستیی گوڕینی کۆمەڵ ، باری لاری کۆمەڵ ڕاست ناکرێتەوە . ئەمیش بۆ داپێنکردنی وەدەستهێنانی دوارۆژ پشتی هەر بە پێخوێندنی وەچەی نوێ ئەستوورە : «... ئەگەر لە مێردم پشتئەستوور بم عوودیش لێئەدەمو گۆرانیش ئەڵێم . لیهایەت پێم ئەڵێن «سۆزانی» ، خۆ هیچ نەبێ ئاسارێکی سەنایعی نەفیسەو جەسارەتێکی مەدەنییە دەخەمە ناو جینسی لەتیفەوە . ئەو لەونە ، یەعنی ئەم حوڕریەتە بەکەڵکی کەس ناشێ . کەواتە ئەگەر هەر بە کچێنی لە ماڵی باوکدا بمێنمەوە ئەم حیسیاتە ئەخەمە بن گوێژی سیاگوێزەوە دەینێژم ، بەڵام تا پێم بکرێ کچان کۆدەکەمەوە ، بە ڕۆژ جزمیان بۆ دەنووسمەوە ، فێری خوێندنیان دەکەم ، ئەوسا بە خوێندەواران سوپای خۆم وا ڕێکدەخەم کە ڕۆژێک بێ لەشکری نادانی بشکێنن » .

لێرەدا سەرنجی خوێندەواری ئازیز بۆ پیشاندانی چۆنیەتیی تێگەیشتنی ئەو سەردەمە(و بەڵکو تارادەیەکیش ئێستا)ی جەماوەر لە هونەرو ، بۆ هەڵوێستی لە هەڵسەنگاندنی هونەرمەندانو ، بۆئەوەیش ڕائەکێشم کە پیرەمێرد چۆن ئەیەوێ بە زمانی کچە ئاغایەکی لادێیەکی ڕەقەڵی وەك سیاگوێزەوە خەڵك لە باری ڕاستی مەسەلەکە بگەیەنێ . هەروا سەرنجی بۆ وردبوونەوەیش لە باوەڕی پتەوی ئەو کچە ڕۆشنبیرە نەبەزو کۆڵنەدەرە بە دوارۆژ ، بە بێ گومانیی ڕەوینکردنی لەشکری تاریکیو هەڵهاتنی خۆری گەشی جیهان گرەوەی خوێندەواری ڕائەکێشم کە

نیشتمان نەپارێزی ، قەوم‌و عەشرەت‌و کەسوکارت دەربەدەر ئەبن‌و یێکەس دەمێنیتەوە . پیاو کە یێکەس بوو ، لە هەموو لایێکەوە تێی‌هەڵـەدەن‌و ، فەرزەن تێشیـان هەڵـەداو دەوڵەمەندیـش بـوو ، بەپێـی ئارەزووی بـەشـەریەت‌و جیـسی ئیجتیماعیی ئینـسانی‌یەت پیاوی تەنها غەریبەو ، غەریبیش لەززەت لە دنیا نابینێ !! وا خۆشە پیاو پارووە نانێکی بێ لەناو کەسوکارو قەوموقبیلەدا بیخوا . مادام زیندەگانی کۆرو پنێکە ، تەوەی بۆت دەمێنێتەوە هەڵکردی یەکدلی‌و دڵسـۆزی‌و خۆش‌گوزەرانیی ناو قـەوم‌و نیشتمانە . ئەگەر تۆ میللەتـی خۆت خۆش‌بـوێ ، ئەوانیـش تۆیـان خۆش‌دەوێ . سەعادەت لە سەعادەتـی زیندەگانیـی خۆشەویستیـدایە . عیشق‌و سەودای جەماڵێك فەردی‌یە . ئێستا بڵێین هەردوکمان یا بۆ جەماڵ یا بۆ کەماڵ یەکتریمان خۆش دەوێ ، هەرچی بڵێت ئەمە خوسووسی‌یـە ، لەززەتی خۆشەویستی‌یەکی عومومیی تیا نی‌یـە . هەرگـاه عومـووم خۆشی‌ویستی ، ئەوسایە لەززەت لە خۆشـەویستیی خوسووسی دەبینـی ، چونکو ئەگەر قەوموقبیلەت خۆشیان‌نەوێت ، با منیش زۆرم خۆش‌بوێت، باز ئەو لەززەتەی نی‌یە . وەقتێ لەززەتی خۆش‌گوزەرانی دەبێ ، میللەتت دەوڵەمەند بن ، زەلیل نەبن . هەرچەند چاوت بە زەلیلی‌و داماویی ئەوان بکەوێ ، تۆ هەرچی بیت ، دڵت دەگیرێ‌و عەیشت تاڵ ئەبێ . بەڵام کـە عەشرەتت لەپێشەوە بوو و وەتەنت ئـاوا بـوو ، لـە هەر دۆشـەیێکـەوە شایی‌و سەیرانێك دەبێ‌و لە هەر کەسێکیدا گوزەرانێ دەبێ ، ئەوسا بە دڵخۆشی‌یەوە دڵداری خۆشە » .

ئەمەی پیرەمێرد بە زمانی مەحمودئاغاوە بە پەرچیەرەو ، لە ڕێگای ئەوەوە بە هەموومانی ئەڵێ ، پوختەیەکی هەموو فەلسەفەی خێرخوازانـی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی‌یە هەر لە پێغەمبەرانی خواوە بیگرە تا چی حەکیم‌و فەیلەسووف‌و کەسانی مرۆپەروەرو ئینسـاندۆسـتی ڕووی ئەم

سەرزەمینەیە ، بەڵام بەگوێرەی ڕیزبەندیی نوێی قۆناغەکانی ژیانی ئادەمیزاد دەرزی بیروباوەڕی شۆڕشی دیموکراتیی ئوورووپایە کە لە شۆڕشی فەرەنسەوە دەستی پێکردووە ، لەگەڵ ئەوەیشا کە هێشتا نەك هەر لە ئوورووپای زادەی شۆڕشی فەرەنسەدا ، بەڵکو لە سەرانسەری جیهانا بەرادەیەکی پوختەو تێروتەسەل نەهاتووەتەدیو ، هێشتا ئەرکی خەباتێکی زۆرو سەخت لەئەستۆی مرۆڤایەتیدایە بۆ وەدیهێنانی • هێنانەدیی ئەرکیوا هەرگیز کارێ نییە بە کۆمەڵگای سەرمایەداری بکرێ ، هەرچەند پێشکەوتوویش بێو ، هەرچەند جەماوەریش توانیبێتیان چەردەیێ لە مافی زەوتکراوی سەدەهای دوورو درێژی خۆیان لەسایەیا وەربگرنەوە • ئەمە ئەرکی کۆمەڵگایەك نییە ڕەحمو بەزەیی جێی تیا نەبێتەوەو لەسەر بنەمای خوێنمژینی بەشی زۆری خەڵك بۆ سوودی کۆمەڵێکی کەم دامەزرابێ • ئەرکی کۆمەڵگایەکی بەڕاستی سۆشیالیستو دیموکراتو ئینساندۆستە • هاتنەدیی ئەرکیوایش زەمانێکی زۆری ئەوێ ، بەڵام پیرەمێردی ئینسانو ئینساندۆست بە پێویستی سەرشانی خۆیی ئەزانێ بە زمانی مەحموودئاغاوە هاویشتمانانی خۆی بەم گیانە پیرۆزە پەروەردە بکا •

* * *

پیرەمێرد بۆ ڕزگاربوونی گەل لە بەشێکی زۆری ئەو دەردو ئازارانەی بەدەسیانەوە ئەناڵێنێ ، پشت بە خوێندەواری ئەبەستێ • ئەو لای وایە ئەگەر خوێندەواری بەناو ئەم خەڵکەدا بڵاوبێتەوە ، خەڵك چاویان ئەکرێتەوەو فروفێڵی کەسانی درۆزنو ساختەچییان بەسەرا تێناپەڕێ ، چونکە هەر ڕووداوێکیان هاتەڕێو هەر بیروباوەڕێکیان لە هەر بەرگو سیالێکا پیشاندرا ، ئەتوانن پشت بە هێزی خوێندەواری لەو ڕووداوە بکۆڵنەوەو ئەو بیروباوەڕە تاوتوو بکەنو هەڵوێستی ڕاستی پێویستیان لەئاست وەربگرن •

کەواتە ، ئەو خوێندەواری‌یەی پیرەمێرد بەدوایا عەودالە بۆ گەلەکەی، نە تەنها حالەتی توانی لەیەکترکردنەوەی خەتی ڕەش‌و سپی‌یەو نە تەنها بڕینی قۆناغێ یا زیاتر لە قۆناغەکانی خوێندن ، هەرچەنـد ئەم دوو پلەیـەی خوێندەواری‌یش بایەخێکی گەورەیان هەیەو مەرجی دەس‌لێ‌هەڵنەگیراوی گەیشتن بە خوێندەواریی ڕاستەقینەن • ئەو خوێندەواری‌یەی پیرەمێرد بە زمانی مەحموودئاغای کەسی یەکەمی شانۆنامەکەیەوە بە ئاواتی ئەخوازێ بۆ میللەتەکەی ، گەیشتنە بـە حالەتی هوشیـاری • گەیشتـە بە قۆناغی گواستنەوە لـە خۆپەرستی‌یـەوە بـۆ کۆمەڵپەرستی •• ئەوەیـە کـە مەبەست‌بوونی ئاوەدانی‌و پێشکەوتنی وڵات‌و سەربەرزی‌و سەفرازیی گەل ببێ بـە شتێکی جێگرتوو لە دڵ‌و دەروونی هەر هاووڵاتێکاو بچێتە نـاو خوێنیەوەو وەك دابونەریتی جێگیربووی بەمیراتبۆماوەی سەدان ساڵی بابوباپیران لەناو کۆمەڵا بچەسپێ •• ئەو خوێندەواری‌یەی کەوا پیرەمێرد مەبەستیـەتی لە هەمـوو ئـاوەدانی‌یـەکی کـوردەواری‌یا بڵاوبێتـەوە ، خوێندەواری‌یەکە مرۆ بیەستێتەوە بە گەل‌و وڵاتەوەو وای‌لێ‌بکا خۆشـی‌و ناخۆشیی ژیانی خۆی لە خۆشی‌و ناخۆشیی ژیانی گەل‌و باری وڵاتا ببینێتەوە چونکە لای‌وایە قەدری هاونیشتمان بەوەوە بەندە کە وڵاتی ئاوەدان‌و میللەتی لە مافی خۆ بەرخوردارو ڕێزلێ گیراو بێ • خۆ ئەگەر وانەبوو ، واتە نە وڵات ئاوەدان‌و نە میللەت لە مافی خۆی بەرخوردار بوو، ئەوە واتەگەیەلێ خەڵکەکە بۆ مەبەستی ئاوەدانیی وڵات‌و لە ماف بەرخورداریی خۆیان هەوڵ‌نادەن ، بـا بە دەمیش لە ئیدیعای بێ‌بنەمای نیشتماپەروەری هیچیان نەمێنێتەوە •

کە میللەتیش هەوڵی بۆ ئاوەدانیی وڵات‌و لەماف‌بەرخورداریی خۆی نەدا ، ئەوە واتە هەرکەس لەدووی سوودی تایبەتیی خۆی ئەگـەڕێ‌و ، ئـەوێ خاوەن‌دەسەڵات بێ خەڵکی‌تر ئەکا بە ژێردەستەی خۆی‌و ، لەم‌حاڵەدا وڵات ئەبێ بە هەراو پشێوەو ، ئەوەی بتوانێ دەس ئەگرێ بەسەر ناوچەیەکاو

تیا ئەبێ بە دەرەبەگو خەڵکەکەی ئەکا بە ڕەنجبەری خۆیو ، سوودی تایبەتی ئەبێ بەو سەنگو ترازووەی هەردەس سەندوسوودیی کاروباری پێ ئەکاو ، کە وایش بوو کەس نابێ بە شتێکی ڕاستەقینە ، چونکە هیچیەتی ڕاستەقینە لەوەدایە مرۆ بۆ قازانجی هەموان تێکۆشێ •

ئەمانە گشت دەرزی پەروەرشتی نیشتمانیو کۆمەڵایەتیێ پیرەمێرد بە زمانی مەحموودئاغاوە پێمانئەڵێو ، ئەیەوێ بەم گیانە پەروەردەمان بکا، بۆیە لە شانۆنامەکەیا ئەنووسێ : « ئاخ ! خوا ڕۆژێك بڕەخسێنێ کە هەر شارێك خوێندەواریی تێبکەوێ • هەموو بزانن کە خۆشیو قەدری ئینسان بە حورمەتی قەومو ئاوەدانیی نیشتمانیەوەیە ، ئەگینە ئێستا من بڵێم : وەتەنپەروەرم ، درۆ دەکەم • هەموو بۆ دەبدەبەو ناوو شوهرەتی خۆم بەگژ عەشرەتەکانیتردا دەچم • لەبەرئەوە گەورەی عەشیرەتەکانیتر دیارە نایانەوێ من ببم • هەرکەسە بووەتە دزی گای خۆیو ، هەریەکە بووەتە ملۆزمی فەقیرو هەژاری قەتعەیێك • هیچکەس نابینم جوزئی مەنفەعەتێکی خۆی بۆ مەنفەعەتێکی زۆری عومومی فیدا بکاو ، تا هەرکەسە بۆخۆی بێ بە هیچ نابێ ، با ئەمڕۆیش بڵێن پارەدارە خۆشیانئەوێ • سبەینێ کە خوێندەواری چاوو گوێی میللەتی کردەوەو زانییان هەر بۆ خۆیەتی ، ئەو قەدرەی نامێنێ » •

* * *

پیرەمێرد لە ڕزی قسەکانیدا بە ناوی مەحموودئاغاوە لەگەڵ پەرچیمرەی خێزانی دوارۆژی ، ڕایەك ئەخاتە ڕوو پوختەکەی ئەچێتەوە سەر ئەوە کەسێك لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە لە بەرەی ئەوانە بێ جەماوەری ڕەشوڕووت ئەچەوسێننەوە ، بۆئەوە دەسنادا ئەرکی پێگەیاندنو ڕزگارکردنیان لە چەوساندنەوە بگرێتە ئەستۆ ، چونکە ئەو پێگەیاندنو ڕزگارکردنی خەڵکە لە قازانجی خۆی نییە • کەواتە ناتوانێ ئەو ئەرکە

بەدی‌دێنێ . ئەوەتە پیرەمێرد بە زمانی مەحموودئاغاوە ئەڵێ : « ئێستا من کە مەوقیعیکی بلندی عەشیرەتی‌و حوکوومەتیم هەیە ، پیم ناکرێ عەرەبی ئیسلاحی ئەم قەومە بدەم‌و ، ئەگەر ڕاستیشت دەوێ بە تێنم دەست نادا ، چونکە ئەم خەڵکە ئەگەر تێگەیشتوو بن ، بۆ من دەست نادەنە تفەنگ‌و بۆم بچن بەگژ لەشکری دوشمنی منداو ، ئەم خاکی ئێمەیش خوا ئاوەکەی وا بۆ ڕشتووە هەموو عەشائیر دوشمنی یەکین و لە حوددوودیشداین ، لەبەرئەوە بۆمان ناکرێ ئەم ئەهالی‌یە سەوقی سەر خوێندەواری بکەین‌و لەدەست خۆمانی بکەینەوە . ئەمە مەسلەکی ناچاری‌یە ، یەعنی من بمەوێ‌و نەمەوێ دەبێ هەمیشە سێسەد چوارسەد تفەنگم ئامادە بێ ، ئەگەرچی ئەمە حەیاتێکی وەحشەتە » .

ئەمەی پیرەمێرد ئەیڵێ دوو خاڵی وردی تیایە ، یەکەمیان لە کرۆکا لەگەڵ یەکێ لە بنەماکانی بیری سۆشیالیستی یەکئەگرێتەوە . ئەم یەکگرتنەوەیش لەوەدایە لە بیری سۆشیالیستیدا ئەرکی ڕزگارکردنی کۆمەڵ لە ڕژێمی چەوساندنەوەی چینایەتی بە چینی کرێکار سپێرراوە ، چونکە ئەم چینە تاقە چینێکە ئەگەر نەشێوێنرابێ‌و لەخشتەلەبرابێ‌و باری چینایەتیی ڕاستەقینەی خۆی بفامێ ، هیچ سوودێکی لە چەوساندنەوەی هیچ کۆمەڵە خەڵکێکا نی‌یە ، بۆیە کە دێتە مەیدانی ئازادکردنی کۆمەڵەوە بەڕاستی دێتە مەیدانەوە .

دووەمیشیان ئەوە کە مرۆ ڕۆڵەی ئەو ئاووهەوا کۆمەڵایەتی‌یەیە تیا پەیدا بووەو تیا پەروەردە بووەو ، ئەگەر کارایەکی لاوەکی نەیەتە پێشەوە ڕەوتی ژیانی پێ بگۆڕێ‌و بیخاتە سەر ڕێگایەکی نوێ ، خۆی بە ناچار ئەبینێ هەر لە چوارچێوەی ئەو سوودو قازانجانەدا بسووڕێتەوە کە بارو دۆخی ژیانی ڕەنگی بۆ ئەڕێژێ ، بەڵکو لەوە زیاتر قازانێ .

هەروا پیرەمێرد کە ئەم بیرە بە زمانی مەحموودئاغاوە دەرئەبڕێ

سەرەنجام ئەیشیکا یە بەلگەیەکی‌تر بۆ ڕەوایی ئەو باوەڕەی بووە بە سەرچاوەی دیاری‌کردنی زۆر لەو هەلوێستانەی لە ژیانی خۆیا ناونی‌و باوەڕێکی پتەوو جێگرتووی پێ بووەو ئێمەیش یەك دوو جار لەم وتارەدا پەنجەمان بۆ درێژ کردووە ، کە ئەویش باوەڕی متمانەنەکردنە بە چاکبوونی ڕاستەقینەی بارو دۆخی کۆمەڵ ، مەگەر بەئاستەم‌و لەسەرخۆو لەئەنجامی گەشەکردنی هێدیی هەموو ڕووەکانی ژیانی کۆمەڵدا . ئەوەتە دوایی قسەکانی لەگەڵ پەریچیهرە بەوە دێنێ کە ئەڵێ : «جا ئەگەر خوا بەزەیی بە مندا بێ‌و ڕەفیقەیێکی دڵسۆزم بداتێ هیچ نەبێ بە شەو کە فەراغەتێکمان بوو دەردی دڵ لای یەك هەڵئەڕێژین‌و تەسەللایێکمان بەیەکتری ئەبێ‌و ، ئەگەر خوایش یدا ، ئەولادمان بێ ، بەپێی دڵو دەروونی خۆمان یەهێنینە بەرهەم » .

بەلای منەوە ئەم ڕستەیەی پیرەمێرد ، بە زمانی مەحموودئاغای شیوەکەڵەوە ، لە چوارچێوەی دەمەتەقێی نێوانی مەحموودئاغاو پەریچیهرەی خێزانی دوارۆژیا ، لە تێکستی شانۆنامەکەیای گونجاندووە ، بەبێ‌پێچ‌وپەنا وائەگەیەنێ باوەڕی وابووە باری کۆمەڵ هەرگیز بە قەلەمباز نا ، بەلکو وردەوردەو لەسەرخۆ ڕاست ئەبێتەوەو ، پێویستی بە گۆڕانی ئاستی تێگەیشتوویی‌و پێگەیشتوویی ئەندامانی کۆمەڵە . جا کە ئەمە وابوو ، ئەبێ پیرەمێرد لایشی وابووبێ مادەم کۆمەڵ لەخۆیا ئامادە نەبووبێ بۆئەوەی باری لاری ڕاست بێتەوەو ، لەگەیشتنێتە ئاستی ئامادەیی بۆ گۆڕانی دەسەڵاتداریتی یا جۆری ڕژێمی کۆمەڵایەتی بە یەکێکی‌ترو ، مەسەلەی تەقەلای گۆڕینەکە با لەگەڵ بەشداری‌کردنی کۆمەڵاتێکی فراوانی خەڵکیشا بێ ، لە کرۆکا هەر لە سنووری دەستەیەکی کەمی لە بیروبۆچوونی خەڵکەکە دابڕاودا بێ ، ئەگەر ئەو دەستە کەمە ئەوەیشیان بۆ برەخسێ کە دەسەڵاتداریتی یا تەنانەت خودی ڕژێمی کۆمەڵایەتی‌یش

بگۆڕن بە ڕژێمێکی بەدیەن لەپێشتر ، لەڕاستیدا شتێکی ئەوتۆیان نەکردووە ، چونکە لە سوورەتی نوێی نەھا دەسەلاتداریی تیچ لە خەلکەکەدا ناگۆڕێ و ، لە دەسەلاتدارێتی خۆشیا تەنھا دەموچاوو سەروسیما گۆڕاوەو ، کەمجار وائەبێ دەموچاوە نوێکە جیاوازییەکی ئەوتۆی لە دەموچاوی پێشوو بێ ئەندازەیەك کار بکاتە هەندێ سەری باری ژیانی خەلکەکە • لە سوورەتی گۆڕینی ڕژێمیشا ، مادەم گۆڕینی ڕژێم پێویستی بە بنکەیەکی بەربلاوی ئەوتۆی جەماوەرییە بۆ جێگیرکردنی ڕژێمی نوێ لەجێی ڕژێمی پێشوودا تێکۆشێ و ئەو بنکەیەیش نییە ، دیسان ، با هەندێ شتیش بەدیەن و ڕووکەش بگۆڕێن ، ناخی کۆمەڵ هەر ناخەکەی جارانەو شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕاوەو ، زوو بێ یا درەنگ ، کار ، لە ڕووی نەگۆڕانی کرۆکەوە ، ئەگەڕێتەوە سەر دۆخەکەی جارانی یا شتێکی نزیك لەوەو ، هەر ئەبێ چاوەڕوان بین کۆمەڵ لەسەرخۆو لەبنەوە گۆڕانی بەسەرا بێ و ، لە حالەتێکەوە بچێتە حالەتێکی‌تر و ، وای‌لێ‌بێ بەڕاستی پێویستی بە ڕژێمێکی نوێ بێ •

بیرو بۆچوونی‌وا زۆر جار قسەی تاڵو سەرزەنشتی ناواقیعیی لە هەندێ لە لاوانی نیشتمانپەروەری خوێنگەرمی کەمتەجرەبەوە هێناوەتە ڕێی پیرەمێرد ، بەلاّم سەرەنجام بۆ ئەو لاوانە خۆشیان دەرکەوتووە تێکڕا بیگری ئەو لەسەر هەق بووە نەك خۆیان ، بەلاّم کەسیان بە خۆی نەزانیوە کە مەسەلەکە وایە تا کاتێ کە یا لەبەر لەکارکەوتنی خودی خۆی ، یا لەبەرئەوەی بارو دۆخەکە وا نەماوە هەمووکەس بتوانێ پەلی تیا بهاوێ ، توانی ئەوەی نەماوە هەڵوێستی خۆی ڕاستکاتەوە •

* * *

پاش ئەم هەموو باری سەرنجانەی پیرەمێرد بە زمانی مەحموودئاغاوە دەری بڕین ، سەرە دێتە سەر ئەوە بە زمانی پەریچیهرەیشەوە شتێ بڵێ . لەم مەیدانەیشا دێتە سەر شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی باری ژیانی ئافرەتو ، بە زمانی ئەمیشەوە وا دەرئەبڕێ کە ئەمیش هەر لەوباوەڕەدا بێ لە ڕێگای پێگەیاندنو ئامادەکردنی وەچەی دوارۆژەوە نەبێ بۆ تێگەیشتنی پێویستیی گۆڕینی کۆمەڵ ، باری لاری کۆمەڵ ڕاست ناکرێتەوە . ئەمیش بۆ دابینکردنی وەدەستهێنانی دوارۆژ پشتی هەر بە پێخوێندنی وەچەی نوێ ئەستوورە : «... ئەگەر لە مێردم پشتئەستوور بم عوودیش لێئەدەمو گۆرانیش ئەڵێم . نیهایەت پێمئەڵێن «سۆزانی» ، خۆ هیچ نەبێ ئاسارێکی سەنایعی نەفیسەو جەسارەتێکی مەدەنییە دەخەمە ناو جینسی لەتیفەوە . ئەو لەونە ، یەعنی ئەم حورڕییەتە بەکەڵکی کەس ناشێ . کەواتە ئەگەر هەر بە کچێنی لەماڵی باوکدا بمێنمەوە ئەم حیسیاتە ئەخەمە بن گوێزی سیاگوێزەوە دەینێژم ، بەڵام تا پێمبکرێ کچان کۆدەکەمەوە ، بە ڕۆژ جزمیان بۆ دەنووسمەوە ، فێری خوێندنیان دەکەم ، ئەوسا بە خوێندەواران سوپای خۆم وا ڕێکدەخەم کە ڕۆژێک بێ لەشکری نادانی بشکێنن » .

لێرەدا سەرنجی خوێندەواری ئازیز بۆ پیشاندانی چۆنیەتیی تێگەیشتنی ئەو سەردەمە(و بەڵکو تاڕادەیەکیش ئێستا)ی جەماوەر لە هونەرو ، بۆ هەڵوێستی لە هەڵسەنگاندنی هونەرمەنداناو ، بۆئەوەیش ڕائەکێشم کە پیرەمێرد چۆن ئەیەوێ بە زمانی کچە ئاغایەکی لادێیەکی ڕەقەلی وەك سیاگوێزەوە خەڵك لە باری ڕاستی مەسەلەکە بگەیەنێ . هەروا سەرنجی بۆ وردبوونەوەیش لە باوەڕی پتەوی ئەو کچە ڕۆشنبیرە تەبەزو کۆڵنەدەرە بە دوارۆژ ، بە بێ گومانیی ڕەوپێکردنی لەشکری تاریکیو هەڵهاتنی خۆری گەشی جیهانگرەوەی خوێندەواری ڕائەکێشم کە

پیرەمێرد بە سەرچاوەی یەکەمی هەر باری لار ڕاستکردنەوەیەکی کۆمەڵەی کوردەواریی ئەزانێ • ئەم وردە لاکردنەوەیە بەلای ئەم جۆرە بابەتانەدا ، بایەخێکی گەورەی لە تێگەیشتنی بیری پیرەمێردو لە پایەی مەحموودئاغای شێوەکەڵو پەرچیهرەی خێزانی لە مێژووی لایەکی چەکەرەکردنو گۆڕێکە دەرکەوتنی بیری شارستانەتیی نوێ لەناو کۆمەڵەی کوردەواریدا هەیە •

جا کە پەرچیهرە لەم بەشەی قسەکانی ئەبێتەوە ، ئەمیش وەك زۆر کەسی دڵپاکی دڵسۆز لە وڵاتە پاشکەوتووەکاناو لە سەرەتای گەیشتنی بیری نوێدا بەو وڵاتانە ، کە ئەکەونە دۆزینەوەی چارەی میسالیانەو خەیالی بۆ تیمارکردنی دەردە زۆرو ڕەبەندەکانی کۆمەڵەکەیان ، پێشنیایوایسان بەخەیالا دێ نە بۆئەوە ئەشێ لە سنووری چەند کەسێکی کەللەگەرم زیاترا بهێنرێتەدیو ، لە ئەگەر لەو سنوورەیشا هێنرایەدی کەلکێکی ڕاستەقینەی لێ ئەوەشێتەوە • ئەوەتانێ پەرچیهرە بە مەحموودئاغا ئەڵێ : ئەگەر ڕێکەوتو خواستمتان لە باوکمو بووم بە دەزگیرانت ، ئاگاداربە « ژنان هەردوو لامان ماڵوێران ئەکەن • دە دەست قەنەوزو شەش دەست مەخمەڵو چیتۆکەو پیتۆکە لەوناوەدا لەتوپەت بکەنو ، هەردوو لا پارە بخەینە کۆمەوە • من کە بووم بە کەبانووی ماڵی خۆم ، خۆم جل بۆ خۆم دەکەمو ئەو پارەیە ئەدەم بە ئەهالیی فەقیر کە لەژێر باری سەلەم بێتەدەرێ » •
خالی بایەخدار لەم پێشنیایەی پەرچیهرەدا هەستکردیەتی بە باری گرانی خەڵکی کەوتووە ژێر سوودو سەلەمو سەوزخۆری بازرگانانی شارەوە •
ئەیشکونجێ پیرەمێرد کە ئەم پێشنیایە بە زمانی ئەوەوە ئەخاتەڕوو ، زیاتر مەبەستی جەختکردن بێ لەسەر خراپیی دابونەریتی جلوبەرگی زۆرو زیادە بۆکردنی بووك ، لەگەڵ لاپێکردنەوەی خەڵکیشا بەلای چینی کشتوکاڵکەرانی لادێوە کە لە چ بارودۆخێکا ئەژین •

* * *

نە کوڕی خولزیێنیی پەریچیهرەدا لە ئەحمەدبەگی باوکی بۆ مەحموودئاغا ، پیرەمێرد لە کەڕانەوەیەکا بۆ ئەو دوو بابەتەی پەریچیهرە لە دوادوایی دیدارەکەیا لەگەڵ مەحموودئاغا هێنانیە ئاراوە ، ئەحمەدبەگو سلیم‌ئاغای باوکی مەحموودئاغاو مەحموودی ڕۆستەم‌ئاغا ناوێك کە دیارە یەکێکە لە ئاغاکانی ناوچەکە ، ئەخاتە کێشەوەو ، هێمایەکی زۆرەکانە بۆ ئەوە ئەکا کە چەکەرەی هەڵوێستی نوێخوازانە لە گیروگرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ژیان لەناو ئاغەواتی ئەو ناوچەدا ڕیشەیەکی دوورتری لەوە بووە کەلە دەمەتەقێی نێوان مەحموودئاغاو پەریچیهرەدا دەرکەوتووە • من بە دووری نازانم ئەمە بەرهەمی سەرسنوورکەوتنی ئەو ئاغایانەو کەڵك وەرگرتنی ئازادانەیان لە کەلەپووری شارستانەتیی نوێ بووبێ کە وەك‌یەك بە وڵاتی عوسمانی‌و ئێرانیش گەیشتووەو ، ئەوانیش ئازادیرانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم کەلەپوورە کردبێ •

مەسەلەکەیش بەم‌جۆرەیە :

کە سەلیم‌ئاغا خوازبێنیی پەریچیهرە لە ئەحمەدبەگی باوکی ئەکا بۆ مەحموودئاغای کوڕی ، ئەحمەدبەگ بەم‌جۆرەی وەڵام ئەداتەوە : « میرم ! ئەگەر پەریچیهرە پەریی کێوی قافیش بێو نەوەی شاباڵ‌شایش بێ، شاباشی بەریێی مەحموودە • وا بە کراسی بەری خۆیەوە دەینێرم • زانەمن خۆی وتوویە کاتێ بمدەن بە شوو من جلوبەرگ ناکەم • بە کراسی بەری خۆمەوە دەچمە ماڵی مێرد ، لەوێ جل بۆ خۆم دەکەم » •

سەلیم‌ئاغایش ئەڵێ : « میرم ! من ئەم فکرەی پەریچیهرەم زۆر لەلا باشە ؛ ئەگەر خوا بکا ئەم جەسارەتە بنوێنێو ئەم بیدعەتە سەییئەیە لەناوا هەڵگرێ ، ئاسارێکی تەئریخی‌یە ، چونکو ئەبینین باوکێك‌و کوڕێك هەردوکیان ساڵەها ڕەنج‌ئەدەن ، شەش حەوت لیرە کۆدەکەنەوە ، دەیانەوێ ژنێك بۆ کوڕ بێنن • ئەبێ لەپێشدا ئەو پارەیە بدەن بە قەنەوزو خارای گا

له ولاتی بێگانەوە دێت ، بیکەن بە جلی بووك کە تەنها سێ شەو لەبەردەکرێ • ئەنجا کە پارەکەیان لە جلدا خەرجکرا ، بۆ نانی شایی دەبێ سەلەم بکەن • سەلەمیش وەك ڕەگی گولی یا خۆرە وایە ، ئیتر لەکۆلیان ناکەوێ » •

ئەنجا « مەحموودی ڕۆستەمئاغا ڕووئەکاتە سەلیمئاغا ، ئەڵێ : ئۆف •• ئۆف هەر ئەمەمان مابوو کچێك هەڵێ بڵێ من عادەتی باوباپیرتان ئەگۆڕم ، شاییتان لێ حەرام ئەکەم ، جلەبووکو خەنەبەندانو پلاوی شایی‌و جیازی‌و ڕەشبەڵەك ناهێڵم • نەخوازەڵا چوار مسکێنمان بەدەستەوەیە بە سەلەم پارەیان ئەدەینێ چوار باتمان توتونمان بۆ بکەن ، ئەویشمان لە دەست بکاتەوە ، ئیتر بمانکاتە گاگەل بلەوەڕێین » •

با لەم تابلۆ چڕوپڕەی پیرەمێرد وردبینەوەو سەیرکەین چۆن لە پیشاندانی پێشنیاکانی پەریچیهرەدا مەسەلەکەی ، سەرەڕای هەموو ڕووە دژێوەکانی کە پەریچیهرە خۆی پیشانی دابوون ، بە مەسەلەی نیشتمانی‌و هەلوێست لە کومپانی‌یە بازرگانی‌یە تاڵانکەرەکانی بێگانەوە بەستو دەریخست کە کڕینی ئەو هەموو جلوبەرگە زیادە بەناوی بووکەوە ، کۆتەکێکیشە ئەسرەوێنرێتە قەبرغەی ئابووریی نیشتمانی‌و ، بەوجۆرە سامانی ولات دائەمێلرێتە ناو گەنجینەکانی ولاتانی بێگانەوە • هەروا چۆنا هەستی چینایەتیی لەدژی جوتیاران لای دەرەبەگێکی سوودو سەلەمخۆر پیشانداو ، دوارۆژی چینەکەی ئەو دەرەبەگەی بەست بە مانەوەی سوودو سەلەمەوە ، ئەگینا سەرەنجامی دەرەبەگی لادێیش وەك مسکێنێکی هەژار ئەبێ کە ئەبێ بە ڕەنجی شانی خۆی بژی ، ئەویش بە گاوانی ، چونکە هیچ کارو پیشەیەکی‌تری لێ ناوەشێتەوە ••

پیرەمێرد پاش ئەوەی لە بەشی یەکەمی ئەم تابلۆیەدا دوو لایەنی پێچەوانەی بیروباوەڕی یەکتری لە کۆمەڵدا پیشانداو تێی‌گەیاندین کەوا

ڕاستکردنەوەی لاری‌یەکانی کۆمەڵ کاری نی‌یە بەسراپی بە ئـارەزووی ئەمولەوەوەو ، ڕەوا نی‌یە لاپی هەر بۆ سەرکەوتنی بیرو بۆچوونی خـۆی خەتێکی ڕاستوچەپ بەسەر هەموو لاکانی‌ترا بێنـێ‌و ، تەنانـەت ئەگـەر بەتەواوی‌یش دلنیا بێ لە ڕاستیی خۆی‌و هەڵەیی بەرانبەرەکـەی ، هـەر ئەوە باشـترە لێ‌گەڕێنن گۆڕانی لەسەرخـۆی کۆمەلاّیـەتی باری لارمـان ڕاستکاتەوەو ، پاش‌ئەوە دێ لە بەشەکەی‌تریا هەموو لایەنەکانی کێشـەکە بە ئەحمەدبەگی باوکی پەریچیهرەیشەوە کە لە تابلۆکەدا نیمچـە بێدەنگـی بوو ، بەم‌شێوەیەی بنەوە یەک‌ئەخاو ڕادەیەك بۆ ئاکۆکی‌یەکەیان دائەنێ‌و ، بە هەریەك ئەوەندە ئازادی ئەدا کە لە سنووری تێکنەدانی مافی ئازادیی بە ئارەزووی خۆ هەڵسووڕانی ئەوانی‌ترا چیی لا باشە بیکا . ئەوەتە ئەڵـێ : « سەلیم‌ئاغا جواب [جوابی مەحموودئاغا] ناداتەوە ، ڕووئەکاتە ئەحمەدبەگ ئەڵێ : لە شوکرانەی ئەوەدا کە کوڕو کچی‌وامان هەیە ، با ئێمە بەم پیری‌یە شایی‌و هەڵپەڕکێ بکەین‌و مەلایش مارە ببڕێ . دوایی پەریچیهرەو مەحموود بە جووتەسوارە هەڵسن بچنە ماڵی خۆیان لەوێ چی بە چاك ئەزانن بیکەن . بەلاّم مەولوود نابێ تەرك بكرێ . با نانی شایی نەبێ ، مەولوود بێ » .

ئەمەبوو لەم تابلۆیەدا پیرەمێردی سیاسەتمەدار . لە بیرو ڕای پەریچیهرە بەشێك ، لە هەڵوێستی مەحموودی ڕۆستەم‌ئاغا بەشێك ، لە تاقیکردنەوەی پیرێکی وەك سەلیم‌ئاغایش بەشێکی جێ‌بەجێ کرد . ئـەو بەشـەیش کـە کێشـەیـەك بوو لـەوە گەورەتر بوو بـە بیـرو بۆچوونـی دوو سـێ کەس بېڕێتەوە ، لێی‌گەڕا بۆ دوارۆژ خاوەن‌مەسەلەکان خۆیان بڕیاری خۆیانـی تیا بدەن‌و بیبڕنەوە ، ئەوڕۆژەی کە ئاستی هوشیاریـی لادێیـی ئەگاتـە ڕادەیەك بتوانن لەڕووی ئاغادا ڕاپەڕن‌و بلێن : ئاغا ! ئیتر نا .. ئیتر بەس .. ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە هەمووشتێ بە ئارەزووی تۆ بێ ...

* * *

تا ئێره ڕووه گەشەکەی ئەو خەیاڵە خۆشانە بوو کە پیرەمێرد بە زمانی کەسەکانی (پیەمی تەمسیلە ڕاستە تەئریخیەیە لە وڵاتی خۆماندا ڕووداوەکە)یەوە ، بۆ داین‌کردنی ئەرکی پیرۆزی پێشخستنی گەلو نیشتمان بیری لێ کردنەوەو ڕەنگی بۆ ڕشتین • بەلام کاروبار نە ئەو سەردەمە بەئاسانی بەڕێچووەو نە ئێستایش هەروا بەئاسانی بەڕێوەئەچێ• کەم نەبوونو کەم نین ئەو هێزە ناوخۆییو لاوەکیانەی بوونو ئەبن بە گابەردی سەر ڕێی ڕێبواری ڕێگای ئازادیو ، بە دڕکەزیی ئێوان مەمو زینانی عەوداڵو شەیدای خۆشبەختیو کامەرانی •

وەك لە سەرەتای ئەم باسەوە ئیشارەتمان بۆ کرد ، کەسانیوا نایابو بەڵکو کەمیایش نەبوون کە بۆ پاراستنی سوودی خۆیان هەزار گەلو نیشتمانیان لا ئەوەندەی لێرەیەکی زەرد قیمەتی نەبوەو ، بۆ مسۆگەرکردنی بەئیجارە وەرگرتنی دوو لادێو ڕووتاندنەوەی بەری ڕەنجی ساڵانەی دێهاتیە ڕەشوڕووتەکانیان نە خوایان لەبیر بووەو نە گەلو نە نیشتمانو نە ویژدانو نە دەروون ••

هەندێ لەم جۆرە کەسانە ، لە ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامەی پیرەمێردا ، دەسەلاتی داگیرکەری عوسمانی تێئەگەیەنن کە مەحموودئاغای شێوەکەلی قایمقامی شاربازێری لەلایەن عوسمانیەوە دانراو ، لەدووی سوودی تایبەتیی خۆی ئەگەڕێو بۆ خۆی هەڵئەسووڕێو ، موتەسەڕیفی سەردەمیش ـ کە ئەو خۆیشی هەر یەکێك بووە لەو لەدووی قازانجی خۆ گەڕاوانەو بایی پوولێ قازانجی بەرزو دووری دەوڵەتی مەبەست نەبوە ـ ئەکەوێتە دوای ئەم درۆو دەلەسانەو ، ئەنجومەنی لیوا خڕئەکاتەوە کە برێتی بوون لە هەیئەتی ئیدارەی لیواو شێخ سەلامی قازیو مەلائەحمەدی چاوماری موفتیو ، ئەم دەمەتەقێیە لەبارەی ڕاڵزو نیازی مەحموودئاغاوە لەنێوانیانا ڕووئەدا :

« موتەسەڕڕیف : هەیئەتــی موحتەرەمـــە ! ئێمـە لـە حودوودا قائیمەقامێکمان هەیە مەحموودی سەلیم ئاغـا • ئەم زاتـە هەرچەنـد بـە خواهیش و ڕەمزای دەوڵەتی نەبوە بە قائیمەقـامو ، بە زۆرو جەسـارەتو قووەتی عەشرەتی خۆی حوکوومەتی شاربازێڕی گرتووەتە چنگ خۆی و ، ئەستەموولیش بە ئیجابی سیاسەتێکی زەعیف لە هەموو حودوودێکدا ئەم نەوعە زۆردارانە ئیستیخدام دەکاو تەسدیقی قائیمەقامیی ئەوی کـردوەو بە ئیرادە تەعیین کراوە ، ئێستا نەك تەنها شارباژێڕ ، پەلی هاویشتۆتە ئۆلکەی ئێرانەوە • حاکمی بانەیان دەرکردووەو یۆنس‌خانی خزمی خۆی کردووە بە حاکم و ، بەوەیش دانامەزرێ ، لە سەقزیشدا هەرچـی ئـەوو یۆنـس‌خان نەیانەوێ ناکرێ • دەوڵەتی ئێرانیش لەم‌بابەتەوە شکاتی کردووەو ئێستـا ئێمەیان مەجبوور کردووە کە ئەو زاتە لەوێ نەهێڵین • ئێوە ئەڵێن چی ؟

« ئەعزای بێ‌ناو : پاشـام ! ئێمـە ساڵهـای سـاڵ بەدەسـت زوڵـم و تەعەددای دەرەبەگیەتیی بابانەوە هیلاك بووین تا خـوا ئەوانـی لەسـەر هەڵگرتین • لە تەئریخی ١٢٦٦ی هیجری‌یەوە کە ئـەووەڵ موتەسـەڕڕفـی دەوڵەت ئیسماعیل پاشا هاتووە توانیومانە بڵێین زیندەوەرین • ئێستا ئەم مەحموودئاغایە لە بابان زاڵمترە ، دارو فەلاقەی هەیە • لـە هیچ دەوڵـەتێ ناپرسێ • تەبەعەی هەر دەوڵەتێ لەوێدا بێ خەرجی لێ دەسێنێ• بێ‌پرسی قونسلۆسی جەزای لێ دەسێنێ • خەریکـە سەرلەنـوێ حوکوومەتێکـی کوردی پێبێنێ ئاو • بە حوکوومەت دەڵێ ڕۆمی •••

« موتەسەڕڕیف : ئافەریـن ! تۆ پیاوێکـی سادیقـی دەوڵەتـی و تێگەیشتووی کە ئیدارەی زۆردار (ئانارشی) و بێ‌قانوونی‌یە ، عەدالەتی تیا نابێ • تەفرەی خەڵك ئەدەن : هەی ئێمە وەتەنی و میللی و نازانم چی و چین ، کەچـی لەپێشـدا هەرچـی پیاوێکـــی بەناموســـە لەناوی‌ئەبـەن یا لەدەستی‌دەخەن ، هەرچی و پەرچی دەخەنە کار •

« موفتی : پاشام ! مەسئەلەی تەشکیلاتی حوکوومەتیو ئیدارە زۆر موهیمە ، باخوسووس تەرتیبی حودوود • پادشاهانو وەزیرە مەشهوورەکان کردوویانە • تەماشای تەئریخ بکەن دەولەتی عوسمانی چ بە عەدالەتو چ بە قووەت لە هەموو حوکوومەتی ئاسیا پێشتر بوو ، تائێستا ئیستینادی قووەتی هەمیشە بە عەشیرەتو تیمارو زەعامەت بووە • واقیعەن سولتان مەحموود عەسکەری تازەی هێنایە مەیدان ، بەڵام بڕوانن لە سەراوردی تەئریخیدا شەڕی هەموو حودوودی شیروانو ڕەوانو چالدیرانو فەتحی بەغدای سوڵتان سولەیمانو مرادخان هەموو بە قووەتی عەشائیری ئێمە بووە • هێچگار لە حودوودا دەوڵەت بۆی مومکین نابێ هەمیشە ئۆردووی عەسکەر دابنێ ، ئەم نەوعە کەسانە دەکا بە قائیمقام قووەتی ئۆردوویێکی پێدێنێتە بەرهەم • بۆچ شوکری خوا ناکەین کە لە حودوودا ئێمە ژێرکەوتە نین ! بارەها دیومانە کە هەمحودوود دەستی بەسەرمانا بووبێ چۆن پەتی بۆ هەڵخستووین • ئێستا مەحموودی سەلیم شێوەکەلی لە حودوودا ئاسایشی تەئمین کردووە ، خەرجوباجی حوکوومەتی هەمووی تەسلیم بە سندووق ئەبێ ، مسکێن تەنها یەك شەخسی دەناسێ • والی پە هەر حەیتەیەك بچێتە دێیەك حوکمداری بێ نانو ئالیكو پێخەفو هەموو چشتێك بەخۆڕایی لە مسکێن بسێنێو ، کە پارەی خەرجی لێوەرگرتن بیخواو بەقایا بەسەر دێهاتەوە بسێنێتەوە • ئێستا بەڕاستی ماڵو عەرزی مسکێن لە ئەمنیەتدایە • کە تەنها شەخسێ بێو کەسێکیتر نەتوانێ دەستدرێژی بکا ، ئەو تەنها شەخسە سەهلە • تا ئێستا مەحموودئاغا چ مسکێنێکی سەربڕی ؟ لە بانەدا دەستنەبڕن • ئەوا فەرزمانکرد حوکوومەت مەحموودئاغای عەزلکرد ، خۆ قودرەتو دەسەڵاتی کە لەناو عەشائیرو حودوودا هەیەتی هەر ئەوەو تا ئەو مابێ قائیمقامی لاوە ناتوانێ لە شاربازێڕدا حوکم بکا • بەڵێ ئەتوانن مەرکەز بهێننە سەری ئەزمڕ یا

هەڕووتە کە لە شارەوە چاویان لێیە ، بەڵام لە هەر دێیەك دانیشن حوکمیان تا حوودوودی ئەو دێیە دەبێ . ئێستا حوکوومەت لە خاکی ئەجنەبیدا بەقەد خۆی حوکم‌و نوفووزی هەیە .

« شێخ سەلام : پاشام ! ئەم فکرە دەربارەی مەحمـوودی سەلیم‌ئاغا لەتەرەف ئەو ئەشخاسەوە ئیلقا کراوە وادەزانن ئەگەر مەحموود نەبێ ئەمانە هەریەکـە لـە شارباژێڕ چەند دێیەك ئیجارە دەکەن‌و ڕەزو بێستانیان گران دەخەرسێنن‌و بەقازانج دەگەن . هەریەکە دەبنە ئاغای دێیەك ، پێکـارو بارەدارو هەرمومزو هێلکـەو مریشکیـان بەسـەر لادێییـەوە دەبێ‌و خۆشیان هیچ فائیدەیێکیان بۆ حوکوومەت نابێ . بەهۆی موساعـەدەی موتەسەڕڕیفێکەوە دەبنە سپلی لاورگ هەناسەی مسکێن دەبـڕن . ئێـستا ئەگەر بە حەق تەماشا بکەین ئەم پیاوە لە هەموو قەڵەمڕەوی شارباژێـڕدا سەرخۆشی‌و قومارو دزی‌و زینای نەهێشتووە . جەزای بۆ نوێژنەکەریش داناوە کە ئەساسی قووەتی سەڵتەنەتی عوسمانی دیانەتە .... نەسرەت لە دیانەتدایە . قائیمقامێکـی سەرخـۆش دێ ، خۆیشـی ڕسـوا دەبێ‌و ، حەیسییەتی حوکوومەتیش نامێنێ .

« موتەسەڕڕیف : کەوابێ تا قیامەت ئەم پیاوە لەوێ قائیمقام بێ !

« قازی : جا ئەگەر مەئموور لە ئیستیقبال خۆی ئەمین بێ‌و بزانێ تا خدمەت بکا عەزل نابێ ، چاکتر نییە لەوە کە سەلەفی جەنابتان دەیفەرموو : ئاخ ! چبکەم . ئەگەر بمزانیبایە تا شـەش مانگ لێـرە دەمێنمـەوە زۆرم ئیشی بەئاسانم دەکردو هەر چوار دەوری شارم دەکرد بە باغ‌و درەخت ، ئەوسایە سلێمانی دەبوو بە بەهەشت . بەڵام هەر واتزانـی یەکێکی‌تریـان لەشوێن ناردم‌و ، هەرچیش من بیکەم ئـەو هەڵیدەوەشێنێتـەوە . ڕاستـی فەرموو ، وەکی ئەم قائیمقامە سەرداری ئەکرەم هەڵیبـژاردووە‌و هەمـوو

موتەسەڕریفانی سەلەفی جەنابتان زۆری لێ مەمنوون بوون • ئێستا ئێوە بناغەی ئەوان دەڕووخێنن •

« موتەسەڕریف : قازی ئەفەندی ا تەجاوز دەفەرموون • ئەمە تەرەفداری‌یەو بەرتەحریکم دەکەن •

« قازی : خێر ، پاشام ا بەیانی حەقیقەتە ، تەرەفداری نی‌یە • هەموو عالەم دەزانێ من لە حەیاتی خۆمدا موناسەبەتم لە لەم تیوەکەلی‌یان نەبوە • نیهایەت منیش عەلاقەداری عەدالەت‌و ئیدارەم • ئەوی بە خراپی بزانم مودافەعەی دەکەم • ئەمە موغایری قانوون‌و عەدالەتە بە بێجورم مەئموورێکی بلندپایە ئیتیهام بکرێ‌و سەربەستیی حودوودو ئاسایشمان لەمێنێ •

« موتەسەڕریف : کەوابێ مەجلیس ختامی پێدرا • ئێوە بڕۆن • حوکوومەت کاری خۆی دەزانێ » •

وا لێرەدا پیرەمێرد ، جارێکی‌تریش ، بیری واقیع‌بین‌و وردی خۆی لە کەلێنی ئەم گفتوگۆیەی نێوان موتەسەڕریف‌و ئەنجومەنی حوزووریەوە بۆ خستینەڕوو • ئەو نەهات وەك هەندێ کەسی دلسۆزو دلگەرمی سەرچڵ‌و بێتاقیکردنەوەو عەقڵدرشت کە لە ئیستیلاحی سیاسەتی پێشکەوتخوازانەدا پێیان ئەوترێ تووشی « دەردی چەپرەوی لە سیاسەتا منالی» بوون ، پیاوە بە سەنگ‌و ترازووی ئەوڕۆژە گەورەگەورەکانی کۆمەڵ ، پیاوانی وەك شێخ‌سەلامی قازی‌و مەلائەحمەدی مفتی چاومار لە ریزی تۆکەرو خۆفرۆشتووانی ژێردەستی عوسمانیدا ڕیز بکا • جلخواری ناو مەجلیسەکەیشی کە بەناو بۆ سوودی دەوڵەتی عوسمانی‌و لەڕاستیدا بە ئارەزووی موتەسەڕریف ئەدوێ ، لە شێوەی کەسێکی ناکەس‌بەچەی کەس‌نەناسا خستەڕوو کە هیچ پێوەندێکی بە سوودی کۆمەڵ‌و ولاتەکەیەوە نی‌یەو ، موتەسەڕریف لەناو چلکاوخۆرانی کاسەلێسی بەردەرگای خۆیا

هەلبژاردووەو کردوویە بە ئەندامی بەڕێزی مەجلیس . ئەمە وێنەیەکی وردو دووربینی کاری سیاسی یە ئەڕژێتە ئەو ئاوەڕۆیەی برتی یە لە یەکخستنی هەموو هێزە کارامەو پاکەکانی ناو کۆمەڵو نەهێشتنی نەراکەوتنی هیچ لایەکیان .

پیرەمێرد لەم بەشەی شانۆنامەکەیا وەك بڵێی لەم سەردەمەی ئەمڕۆماتا ئەدوێ . ئەوەتە ئەوەیشی لەیادنەچوە ئەندامە کەس نەناسەکەی مەجلیسمان وا بێ بناسێنێ کە گوایە پێشکەوتنخوازەو دژی دەرەبەگی یەو ، مەحموودئاغای شێوەکەلیش بە جۆرە بەردەوامی یەکی دەرەبەگیی باپانەکان دائەنێو ، وا پیشانئەدا کە دەولەتی عوسمانی بەهۆی پێشکەوتنخوازیی خۆیەوەو لەبەر دەرەبەگایەتیی باپانی یەکان میرنشینەکەیانی تێکدا !

پیرەمێرد لە دوادوایی شانۆنامەکەیدا هەنگاوێکی تریش بە نیازی دەرخستنی نیازپاکیو نیشتمانپەروەریی قازیو مفتی ئەنێ . ئەوەتە وا پیشانئەدا کە ویستوویانە مەحموودئاغا لە نیازی چەپەڵی موتەسەڕیف ئاگادار بکەن تا ئاگای لە خۆی بێو نەبێ بەداوەوە . بەڵام لەبەرئەوەی ڕەنگی شانۆنامەکە بۆئەوە ڕێژراوە ئەو چەکەرەی هیوای کوردانە هەر لە خاکا وشك بێو دوارۆژی مەحموودئاغا بەوجۆرە بێ کە بوو ، نایگەیەنێتەجێ . با بزانین دوای بڵاوەلێکردنی بەشدارانی مەجلیسی موتەسەڕیف چی لەنێوان قازیو مفتیدا ڕوویدا :

« ... قازی لە ڕێ [ڕێی گەڕانەوە] سەر دەنێتە بناگوێی مفتی ، دەڵێ : ئەم باوەمیزە نیەتی خراپە . دەترسم مەحموود دەرمانخوارد بکا . چار چی یە ؟ خەبەر بنێرن لەیەت .

« مفتی : قازی ئەفەندی ! فکرەکەت دروستە ، بەڵام مەحموودئاغا هاتووەو لە کارێزی دایکی پاشا خێوەتی هەڵداوەو گوێم لێبوو ، موتەسەڕیف ناردی ئێوارە تەنها خۆی بێ بەیەکەوە نان بخۆین ،

کەسی‌ترم قوبوول نی‌یە • ئەلبەتە جاسووسیشی لەسەر داناوە • ئەگەر ئێمە یا خۆمان بچین یا کەسێ بنێرین دەیزانێ • منیش زۆر سەخلەتم • سا بزانین خوا چی‌دەکا » •

ئەوی پاش هەموو ئەمەی کە وتمان پێویست بێ لەیادی نەکەین ، ئەوەیە پیرەمێرد لە مەیدانی دۆزینەوەی کەسێکیشا بۆ جێبەجێ‌کردنی نیازی دەرمانخواردکردنەکەی مەحموودئاغا ، دیسان هەروا دوو نموونە لەناو کۆمەلا ئەخاتەڕوو • نموونەیەکیان ناماڵاوە ناوێکە کە گفتی پەنجا لیرەی ئەدەنێ کارەکە جێبەجێ بکا ، بەلام قایل نابێ‌و ، لەبەرئەوە سوێندی ئەدەن‌و ئەیترسێنن کە ئەو ڕازە لای کەس نەدرکێنێ‌و ، نموونەکەی‌تریشیان خزمەتکارێکی خۆفرۆشی موتەسەرریفە کە وەلی‌ئاغای قاوەچی‌یەو بە بیست لیرە تەسلیم بووە • دیارە لە کۆمەلگای ئەو سەردەمەدا ڕەوشتی کۆمەلایەتیی خەلکەکە هێشتا ئەوەندە بۆگەنی نەکردبوو دۆزینەوەو بەکرێ‌گرتنی خۆفرۆشێك کارێکی هەروا سووك‌و ئاسان بێ !

* * *

من (پی‌یەسی تەمسیلێکی ڕاستی تەئریخی ••) بە یەکێ لەو تێبیانە دائەنێم کە لە مێژووی گەلانا بۆ ژیاندنەوەی شکۆی نەتەوەیی‌و بیناکردنی ژیانی نوێی گەل نووسراون‌و ، بە تایبەتی ئەم پی‌یەسە لەسەر بنەمایەکی هاوچەرخ‌و پێشکەوتنخوازانە داڕێژراوە •

من بە دڵ ئاواتەخوازم تیە شاتۆیی‌یەکانمان کە ئەڵێن تێکستی خۆماڵیمان نی‌یەو ، هەندێکیان عەودالی دوای تێکستی ئاماقوولی‌و پڕوپووچ خولیزی بوون‌و دوای مۆدەی چاوەڕوانی‌کردنی هاتنی کەسالی وەك گۆدۆی هەرگیز نەهاتوو کەوتوون ، لایەك بە لای بابەتی وەك (مەحموودئاغای شێوەکەڵ)و (دوازە سوارەی مەریوان)و بەیتی (قەلای

دمدم)و ڕازو بەیتە میللی‌یە کلاسیکە زۆرەکانمانو بابەتی نوێی وەك ڕموتە مەزنەکەی حەقەکانا بکەنەوەو بەرهەمی شاتۆیی بەپێزمان لێ‌یانەوە بۆ بهێنێنە بەرهەم . ئەمە کەمترین قەرزی ڕابوردووی پڕشانازیمانە بەسەر وەچەی هونەرمەندی نوێمانەوە .

* * *

لە ڕووی تەکنیکیشەوە بە پێویستی ئەزانم ئەم سێ ـ چوار تێبینی‌یە لە شانۆنامەکەی پیرەمێرد ، لە چاپەکەی خۆیا ، بخەمە بەرچاوی خوێندەوارانی ئازیز :

١ ـ کتێبەکە کۆمەڵێ هەڵەی نووسینی تیایە کە هەندێکیان لەئەنجامی کەمیی هەندێ تیپەوە لە چاپخانەکەی پیرەمێردا ، وەك (ژ)و (گ)و ، هەندێکیان لەئەنجامی ناوردی لە نووسینەوەی دەسنووسی خراوە بەردەستی تیپ ڕێکخەرانی چاپخانە ، یا جێگیر نەبوونی ئەو سەردەمەی شێوەیەکی ڕاستی نووسینی کوردی‌یەوەدا ڕوویانداوە .

٢ ـ لە هەندێ شوێنیشیا هەڵە لە چاودێری‌کردنی گراماتیکای زمانی ئەدەبیی کوردیدا ڕووی‌داوە .

٣ ـ هەروا هەندێ هەڵەی زەقی چاپیش کەوتووەتە کتێبەکەوە کە لە پەراوێزی تێکستەکەدا ئیشارەتم بۆ بەشێکیان کردووە .

٤ ـ شانۆنامەکە بەتەواوی نەخراوەتە قالبی شانۆنامەی ڕاستەقینەوەو ، لە گەلێ شوێنیا شێوەی چیرۆکی گرتووەتە خۆی . هەروا پێویستی‌یە هونەری‌یەکانی شێوەی دابەشکردنی ڕستەی دەمەتەقێو دەرخستنی کاتو چۆنیەتیی دەمەتەقێو شتی‌وای تیا پشت گوێ خراوە ، کە لام‌وایە پیرەمێرد ئەوەی بەدەسەنقەستو بۆیە کردووە خوێندەواری ڕەمەکیی ئەو سەردەمەی کوردستانی عێراق ، کە ئەو بە

مەبەستی پێگەیاندنو پەروەردەکردن ڕووی دەمی تێکردووە ، توانی تەنها ئەوەی بووە لە چیرۆك حالی بێو شارەزای وردەکاریی شانۆنامەی هاوچەرخ نەبوە •

من ، بەر لە هەرچی ، مەبەستم ئەوەبوو تێکستەکەی پیرەمێرد بەوجۆرەی کە خۆی نووسیویەو لەچاپیداوە ، وەك میراتێکی بەنرخی ئەدەبی ، بخەمەڕوو ، بۆئەوەی وەچەی ئەمڕۆمان کە تاكوتەرایەکیان نەبێ لە چاپەکەی کاکەی فەللاح بەولاوەیان نەدیوەو ، ئەویش چاپێکی بێگەردو بێهەلە نییەو لەڕووی دەسنووسێکی هەڵەتێکەوتوو لەچاپدراوە ، چاپێکی ڕاستو دروستیان لە بەردەستا بێ • جا ئەگەر شانۆدۆستانی کورد ڕۆژێ لەڕۆژان ویستیان ئەم شانۆنامەیە لەسەر شانۆ پیشانبدەن ، ئەبێ بەرلەوە سیناریۆنووسێکی کارامەو لێهاتوو کارەکەی پیرەمێرد بەتەواوی بخاتە شێوەی شانۆنامەیەکی هاوچەرخەوە ، بەلام بێئەوەی هیچکام لەو وشانە بگۆڕێ کە پیرەمێرد لە دەمەتەقێکانا بەکاری هێناون ، تا لە هەمانکاتا ئاووهەوای ئەو سەردەمەیش بێتە سەر تەختەی شانۆی ئەمڕۆمــــان •

پی‌یەسی ئەسلێکی ڕاستی تەئریخی
لە وڵاتی هۆرمانا ڕوویداوە

پیرەمێرد

نووسیویەو ،

لە چاپخانەی خۆیدا لە سلێمانی لەچاپی‌داوە

نوسخەی (٣٠) فلسە

١٣٦١ھ ــ ١٩٤٢م

پیەسی تمثیلیکی راستی تاریخی

لەوڵاتی خوماندا روی داوە

[پیرەمرد نوسیوە ولە چاپخانەی]
[خوبدا ، لەسلیمانی لە چاپی داوە]

نسخەی ﴿٣٠﴾ فلسە

١٣٦١ هـ
١٩٤٢ م

وێنەی لاپەڕەی یەکەمی چاپەکەی پیرەمێرد خۆی

(نوسخەی کتێبخانەی هەموانی سلێمانی)

ئەم تەمسیلە چەند دەرسی تیایە

١ ـ عەدالەتو ڕەعییەتنەوازیی[1] مەحموودئاغا نەهێشتبوو ئیجارەدارو زۆردار دەست بکێشنە مسکێن • ئەوانیش گیانی خۆیان بۆ بەختئەکرد •

٢ ـ خوێندەواری لەو بەردە ڕەقەی شیوەکەڵو سیاگوێزدا ، چ‌دەماغێکی بە مەحموودئاغاو پەرچیهرە دابوو •

٣ ـ مەسرەفی بێهوودەو هەواییی[2] جلەبووکو شایی •

٤ ـ کچ کە بە ئارەزووی خۆی بدرێ بە شوو ، ماڵو مێردی خۆی لا شیرنــــە •

٥ ـ حەسوودیو فیتنەجۆیی قەومێك دەربارەی یەکتری ، چ‌لەوعە پیاوێکیان لەکیس‌ئەدا •

٦ ـ حوکوومەتێك کە فەرقو تەرجیحی عونسوریی کرد ، ڕوو لە نەهاتییــە •

---

(١) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحا نووسراوە : « عەدالەت دەر عەیش نەوازی»، وەك بڵێی ڕستەیەکی فارسییەو ، ئەم ڕستەیە لە دێڕێکی سەربەخۆدا کراوە بە ناوونیشان بۆ پاشماوەی بڕگەکەو ، « مەحموودئاغا ٠٠ » کراوە بە سەرەتای دێڕێکی نوێ • ئەم هەڵەیە لە دەستنووسەکەی لای منیشا هەیە ، تەنها ئەوەندە نەبێ کە دێڕەکە درێژە ئەکێشێو ، « مەحموودئاغا ٠٠ » نەکراوە بە سەرەتای دێڕێکی نوێ ـ م •

(٢) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : « هوایی » • من لێرەدا پاش هێنانە سەر شێوەنووسینی نوێی کوردی ، تەنها (ی) پێویستەکەی ئیزافەم لێ زیادکردووە • دیارە ئەمە بەمەعنای (بەهەواو بەباچوو)وە • کاکەی فەللاح لە چاپەکەی خۆیا نووسیویە : « هەوای » • ئەگەر ئەوە ڕاست بێ ، دیارە واتە (ئارەزووی) ـ م •

پەردەی نەووەم

« پەردە هەڵدرایەوە »

سەلیم‌ئاغا دانیشتووە . مەحموودی ڕۆستەم‌ئاغای زاوای‌و مەحموود هۆمەری خەزنەداری لا دانیشتوون . ڕووئەکاتە مەحموودئاغا ، ئەڵێ :

سەلیم‌ئاغا :

مەحموودئاغا ! ئەمڕۆ زۆر بە واهیمەو بێقەرارم . یازدە ڕۆژە کوڕەکانم لەگەڵ ئەحمەدبەگی کەندەسوورد ڕۆیون بە یۆس‌بەنی کوڕی ئەحمەدبەگ لەشوێن کەریم‌خانی بانە دابنێن . لەولایشەوە شەرەفولمولکی والیی سنە ئەمانوڵڵاخانی کوڕی کەریم‌خانی داناوە لەشوێن باوکی ، چونکو ژنەکەی کەریم‌خان عیشوەبازێکە صەدی وەکوو خوسرەوخانی والی بە قسەی شیرین تەفرە ئەدا . والی‌یش لەوانەیە کە هاتە سەر قین ئێلجاڕیی هەموو بەختیاری‌و عەشائیریان لێ‌بکا . جارێ تۆشەنی دیوانی هیچ لێیان ناترسم چونکو ئێمە یەکتر دەناسین . خوا بێ‌چاوێنی‌یان کا ، کوڕانی من ، هێجگار مەحموودو ڕەسووڵ ، لە سوپاهێ ناترسن . بەڵام بەختیاری بەڕاستی شەڕکەرن . ئەگەر لەشکریان بێتەسەر ، ئەبێ تەنگچیی ئالان‌و بەرگێویش دەنگ‌بدەین‌و خۆیشمان بچین . دووربینی لە خەڕۆیی باشترە . باوجوود پێرێ خەبەرمان زانی کە دەستەی ئاژان‌و ئاوەبان‌و[۳] مەحموودبەگی برای ئەحمەدبەگ لەگەڵ

(۳) لەچاپەکەی پیرەمێرد خۆیا (تازەبان) نووسراوە ، بەڵام ، وەك کەسانێکی شارەزا ئاگاداریان کردم ، هەڵەیە — م .

تەنگچیی شارباژێڕیی ئێمە کە مەحموودی ڕۆستەمئاغا سەرکردەیانە بۆ جلەوگیریو ئیحتیات کەلخانیان گرتووە . باز من دڵم ناسرەوێ . بزانم تۆ دەڵێی چی ؟

مەحموودئاغا :

ئاغام ! هەرچەند دووربینی زۆر بەجێیە ، بەڵام جێی باوەڕ نییە کە خوسرەوخانی شەرەفولمولك بۆ عیشوەی ئازدارەکۆتێك خۆی تووشی سەودایەکی وا بکا کە پەنجە لەگەڵ لەشکری ئێمەو پاشادا لێبدا . لەشکری ئێمە ، بەرکێوی ، زۆرتر ڕەنگینەیین لە لەوەی جوامێرئاغا . من ئەمڕۆ لە بارێ بووم لەخدمەت مەلامحەممەددا ، لەم لەشکری خۆمانە ئەدواین ، فەرمووی ڕەنگە ئەمڕۆ بیێنەوە . منیش پیاوم ناردووە لە سوورکێو بوەستێ . هەرگا لە مازوانبەندەوە سەرەتای لەشکری دی زوو مژدەم بداتێ .

سەلیمئاغا :

بەخوا ، مەحموودئاغا ، ئەگەر ئەمڕۆ سەرەتایان دەرنەکەوێ یا خەبەرێکی ڕاست وەرنەگرم ، ئارامم نابێ . خۆتان ئامادە کەن ، دەڕۆین .

لەووەقتەدا ئەحمەد زلێخای گزیر دێتە ژوورەوە . بە چالاکی دەچێتە بەردەمی سەلیم ئاغا ، دەڵێ : ئاغام ! مژدە بێ لەشکر بەمەرام گەڕانەوە . چاوماری پیاوی مەحموودئاغای خەزلەدان لەپێشەوە هاتەوە ، دەڵێ : لە سەری سوورکێو بووم ، دەستەی سیوەیلی کە(٤) لەشکری مەحموودئاغای کوڕتن بە گۆرالیوتن دەهاتنو ، مەحموودئاغا خۆیشیم دی سواری ئەسپە سوورکێو بووبوو حەمایڵو بەنقەرەبیناکەی لەدوورەوە بریقەی دەهات .

---

(٤) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا «لە» نووسراوە . دیارە هەڵەیە . کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا وەك منی ڕاستکردووەتەوە ــ م .

سەلیم ئاغا :

خۆشخەبەر بی ئەزیزم • بچۆرە لای عەبیلانی[٥] مارف ئاغا
کورتەکەو ڕانکێکی باشت بۆ بکڕێ •

مەحموودی خەزنەدار :

رنج گل بلبل کشید و بوی گلرا باد برد
چاومار ، بەعەلەداوان ، لە سوورکێو عارەقی ڕەشومۆر
دەرکاو مژدە بێنێو گزیر خەڵات وەرگرێ •

سەلیم ئاغا :

ئاغا ! خوا بەشی ئەویشی داوێنێ •

مەحموود ئاغا :

خێر ، ئاغام ، مەبەست ئەوە نییە • ئەسڵ مزگێنی لەسەر بەندەیە •
بەڵام ویستم ئەحواڵی دنیات عەرزبکەم • ڕەوشتی دنیا ئەمەیە •

لەم گفتوگۆیەدا دەبێ ئەحمەد حەیتە لەپێشەوەو براکانی‌تری
لەدواوە پەیدابوون •

سەلیم ئاغا :

ها ، حەیتە ! بەخێربێیتەوە • شوکر بەدەماغی •

ئەحمەد ئاغا :

ئاغا ! یۆنسی ئەحمەدبەگمان کرد بە زاواو[٦] خوشکی یۆنسیشمان
بۆ مەحموودی برام داناوە • منیش حەیتەییم بۆ ماوە •

---

(٥) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیو ، هەروا لە چاپەکەی کاکەی فەللاحیشا ، نووسراوە : « عبیلانی » ــ م •

(٦) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا بەمجۆرە نووسراوە : « یونسی احمد بگمان کرد ، بزاوەو •• » • من بە نیشانەی ڕستەی پاشەوەیدا بەوجۆرەم ساغکردەوە کە لەسەرەوە نووسراوە ، بەڵام کاکەی فەللاح لە چاپەکەی خۆیدا بەمجۆرەی ساغکردووەتەوە : « یونسی ئەحمەدبەگمان کرد ، برایەومەوە •• » ــ م •

سەلیم ئاغا پێدەکەنێ ، دەڵێ :

سەلیم ئاغا :

حەیتە ! لێرە دەنگ بڵاوە ئەحمەد حەیتە ئەمجارە زۆر ترساوەو لە قوژبنی مزگەوت خزاوە .

مەحموودی ڕۆستەم ئاغا :

ئاغا ! لەمزگەوتخزانی ناچاری ، چونکو بەگزادە فرسەتیان نەبوو قوماری لەگەڵ بکەن . ئەویش دەیگوت : « خزمە ! ئەگەر قوماری ناکەن دەچم قورئان دەخوێنم » .

هەموو پێکەنین .

لەم وەقتەدا مەحموودئاغاو ئەحمەدئاغا خۆیان دەگرنە کەنار ، چونکو ئەحمەدبەگی کەندەسوورەو[7] مەحموودبەگو محەممەدبەگی برای دێنە ژوورەوەو سەلیم ئاغا بەرزەیێ لەبەریان هەڵدەستێو ئەحمەدبەگ ژوور خۆی دەخاو ماندوونەبوونێکی گەرمو موبارەکبادیی یۆنسخانی کوڕی لێ دەکا .

ئەحمەدبەگ :

ئاغا ! خوا لە بزورگیو خزمایەتیت کەمنەکا . ئێمە کە لێرە ڕۆیین ، بەندە زۆر نائومێد بووم . دڵم گیرابوو ، چونکو ئێمە هەرچەند ئەمڕۆ بەقووەت لە وەزعیەتی قۆشەنی سنە زیاتر بووین ، بەڵام ئەمە کارێکی بزورگ[8] بوو بەگژ حوکوومەتێکی دەهەزار سالیدا دەچووینو ، شەرەفولمولکیش والیەکی فرە نەبەردە .

(٧) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا ئەم (و)ی عەتفە نییە ، بەڵام کاکەی فەللاح دایناوە ـ م .

(٨) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : « برزگ » . دیارە ڕاستەکەی (بزرگ = بزورگ)ە . کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا هەر (بزورگ)ی نووسیوە ـ م .

ئەم لەشکرەی کە چووبوون بۆ کەلیخان ڕێی لەشکری والی [٩] بگرن تەدبیرێکی باش نەبوو • زیاتر والی قینی هەلسابوو • بەلام ، خوا بەرخورداری کا ، مەحموودئاغای کوڕت بەحزییەوە کاغەزێکی لەتەرەف خۆیەوە بۆ شەرەفولمولك نووسیبوو ، نازانم چ سیحرێکی لێ کردبوە کار ، ڕاو تەدبیری مەحموودئاغا لە عیشوەو ئاشووبی نازدار بەتەئسیرتر بوو • کە والی یۆنسی تەسدیق کردو عەرزی دەرباری هومایوونی شەهەنشاهیی کردبوو ، ئێمە چاوەڕێی جوابی دەربار بووین • ئەم یازدە ڕۆژە لەبەینی خۆف و ڕەجاداماینەوە ، تا دوێنێ چاپاری دەربار قەباڵەی هێناو یۆنس بە لەقەبی خانیو بە وەزیفەی حاکمیی بانە سەرئەفراز کرا • ئەمەیشە ، چ قووەت و چ تەدبیر ، هەمووی لە سەرکاری ئێوەوە بوو •

بەو موناسەبەتەوە سوپاسێکی بێپایان دەکەین • خوا بتانهێلێ • دووسەدو نەوەد ساڵ بانە بەدەست حاکمی کوردی ئیختیارەددینییەوە بوو ، تا ئەم بەینە سنە حاکمی بێگانەی بۆ ناردبوو • وا شوکر بە هیممەتی ئێوەوە دووبارە حوکوومەتی بانە بوو بە هیی خۆمان • هەرچەند مستەفای کوڕم بە عومر گەورەتر بوو ، بەلام یۆنس کارئامەدتر بوو • مستەفا نائیبو ، یۆنس حاکم ، ئەگەر نەوەی ئەسحابەکوژی فەسادییان نەخەنە بەینەوە ، خوا یار بێ ، تا دێرزەمان ئەمدیوو ئەودیو یەکوجوود ئەبن • ئێستا ئێمە بۆ ماڵئاوایی هاتینە خدمەت ، چونکو وەقتەکەی تازکە

---

(٩) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «ری» • مــن بــە «ڕێی»م ساغکردەوە • کاکەی فەللاحیش لــە چاپەکــەی خۆیــا هــەر وای ساغکردووەتەوە • لەیشکونجێ ڕاستەکەی « ڕێ لە لەشــکری •• » بێ و ، (لە)کەی لە چاپا بەڕیبێ — م •

دەبێ بچینەوە بۆ سیاگوێزو ئەوناوە ، هەندێ ناخواەو حەسوزدمان هەن سەرشکێیان بکەمو ، ئەگەر لوتفو مەرحەمەت تەواو ئەفەرموون ، مەحموودئاغای کوڕتان تەشریف بێنێ ، بە ڕاو تەدبیرو ناوی مەردانەی ئەوەوە چاکتر کار دروست[10] دەبێ . ئیتر ئەمری خۆتانە .

سەلیم‌ئاغا :

لە خوام ئەوێ یونس‌خان لە سلێمان‌بەگی حاکمی بانە ناودارترو عومردرێژتر بێ . زاتەن کە خوا ئەمدیوی دایە دەست ئێمەو لەمدیو مەحموودی کوڕم بە ئیرادەی پادشای عوسمانی قائیمقامی هەموو شارباژێڕ بێ‌و ، لەودیو یونس‌خانی کوڕیشمان[11] حاکمی بانە بێ‌و[12] ئەمدیوەودیو یەك‌کەونو[13] ڕۆمو عەجەمیشمان بەدەستەوە بێ ، خوا یار بێ ، هیچ قووەتێ ناماتلەرزێنێ . تۆ ئێستا مەحموود ئەبەی لەخدمەت خۆتا ، ئاخۆ خوا وادەکا پاش چەندێکی‌تر بۆ کارێکی خێر منیش خۆم بێمە خدمەت .

ئەحمەدبەگ :

خوا هەموو کارێکمان بە خێر بگێڕێ .

ئەحمەدبەگ دوعاخوازی دەکاو ، مەحموودئاغایش دێتە خدمەت باوکی‌و مەرەخەسی دەخوازێ‌و دەڕوا . دوای ئەوان مەحموود هۆمەری خەزنەدار ڕوودەکاتە سەلیم‌ئاغا ، دەڵێ :

---

(10) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا « دروستی » نووسراوە ، بەڵام لەبەر (دروست) بێ . نیشانەیەکی لەتوەیش دیارە ویستراوێ لە مەکینەی چاپا (ی)کە بکرێتەوە . کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا هەر (دروستی)ی نووسیوە ــ م .

(11) لەبوو بووترایە : « لەودیویش یونس‌خانی کوڕمان » ــ م .

(12)و (13) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا ئەم دوو (و)ە نین ، بەڵام پێویستە بن . کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا تەنها دووەمیانی داناوە . ئەبوو لەجیاتیی (ئەمدیوەو دیو)یش (ئەمدیوو ئەودیو) بوایە ــ م .

مەحموودئاغا :

ئاغا ! خوا موبارەکی‌کا • واتێگەیشتم مەحموودی کوڕت دەنێری بۆ سیاگوێز ، بکەوێتە حەلقەی کەمەندی زوڵفی پەرچیهرەی کچی ئەحمەدبەگەوە • هەرچەند بۆ سیاسەتی ئەمڕۆ تێکەڵی‌و خزمایەتی لەگەڵ ئەماندا بەجێیە ، بەڵام مەحموودی کوڕی تۆ نەمامی باغی دەوڵەتی عوسمانی‌یەو قائیمقامەو بەهۆی قائیمقامەتی‌یەوەیە کە ئەم لەشکرو سوپای ئالانو شارباژێڕو بەرکێو ، ئەم بگرەوبەردەیەی بەدەستەوەیە • ئەگەر لەمزەی حوکوومەتتان لەسەر نەبێ لەم بەردە ڕەقەدا دەبێ ئێوە هەر ماشی هۆمەرێیك بخۆنو ، مەگەر تەنها لە چوار دێی سیوەیلەکەدا بتالناسن • لەپێش چاومانە دوێنێ ، هێشتا نەبوە بە پێرێ !! نەڕە شێرێکی وەك عەزیزبەگی بابان کە بە حەسەب‌و نەسەب‌و شەجاعەت قیاسی لەگەڵ ئێوە ناکرێ ، خزابووە قەلای سرۆچك بەڕوویان دەکرۆشت‌و خوێڕی‌یەکی وەك سمایل‌پاشایان ناردبوە سلێمانی حاکمی سلێمانیی دەکرد ، چونکو کەمەربەستەی دەوڵەت بوو • ئێستا بە من بێ ئەگەر بۆ قووەتی عەشائیری بێ وا وەڵەدبەگیی جاف زاواتن ، مەحموود یا ژنێکی لە میرئاودەلی‌یان بۆ بێنە یا لە سلێمانی کەسێکی ئەرکانی حوکوومەت بگرنە دەست • بزانە جاف بەئەکسەرییەت ژن لە سلێمانی دێنن کە حوکوومەتیان بەدەستەوەیە • ئینسان دەبێ تەنها بۆ ئەمڕۆ نەژی ، سبەی ڕۆژی ئەولادو عەشیرەت‌و کەسوکاریشی لە پێش‌چاو بێ •

سەلیم‌ئاغا :

ئاغا بەخوا فکرەکەت پەسەندە ، بەڵام لسیب‌و قسمەت بەدەست خوایە •

« لێرەدا پەردە دائەدرێتەوە »

« پەردە هەڵدرایەوە »

پەردەی دووەم

مەحموودبەگە شەلە :

وەختێ کە (بابەك) لە نەسلی (ساسان) لە دیاربەکرەوە هاتە شارەزوور بەناوی (بابەئەردەڵان)[14] ٠(بابا) موخەففەفی (بابەك) ٠ (ئەردئالان) بەتورکی (پشتسێن) ٠ قەدیم ، سوار پشتی لە سوار ئەسەند ، غالب بوو[15] ٠ئەم بابەئەردەڵانە بە ئازایی‌و سوارچاکی‌و بەخشندەیی هەموو عەشائیری هێنایە ژێر حوکمی خۆی ٠ عەشائیری ئەووەختەی شارەزوور ، زۆرتریان لەك‌و لوڕ بوون ٠ لە نەوەی (گیوی گۆدەرز)ن‌و (گۆران)یشیان پێ ئەڵێن ٠ ئەنجا کە بابائەردەڵان ئیعلانی حوکمداریەتیی کرد ، ناوی خۆی نا (قوبادی فەیرووزی ساسانی)[16] ٠ حوکوومەتی کوردستانی(★) دامەزراند ، تاقمێ لە گەورانی نارده (بانە) کردنی بە

---

(١٤) ئەم ڕستەیە ناتەواوە ، مەگەر بڵێین ڕستەی پاشەوەی تا ئەگاتە (ئەم بابەئەردەڵانە) جوملەی موعتەریزەیەو ، ڕستەی (ئەم بابەئەردەڵانە ٠٠ تاد) پینەی ناتەواوی‌یەکە ئەکا ـ م ٠

(١٥) ئەبوو «ئەبوو» بووایە ـ م ٠

(١٦) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆی‌و ، هەروا لە چاپەکەی کاکەی فەللاحیشدا ، کەوانەکە پاش وشەی (فەیرووزی) داخراوەو ، خاڵەکەی پاش (ساسانی)یش نی‌یە ٠ من بە بۆچوونی خۆم لاموابوو وا هەڵەیەو بەمجۆرەم ڕاست کردەوە کە لەتێکستەکەدا نووسراوە ـ م ٠

(*) ئەمە شایانی وتنە کەوا لە چاپەکەی کاکەی فەللاحا پێش وشەی (کوردستانی) وشەی (حوکوومەتی) لادراوە ٠ لاموایە ئەوە کاری ئەو برا پسپۆڕە بووە کە دەزگای سانسۆر دەسنووسەکەی کاکەی فەللاحی داوەتە دەست لەڕووی سیاسەتی ڕاگەیێنی‌یەوە هەڵیسەنگێنێ ا ـ م ٠

حاکم • لەوانە دوانی ئەردەڵان • (میرزابەگ)ێ لە حاکمانی بانە هەڵکەوت[١٧] زۆر ئازاو نامدار بوو • (بێگەبەگ)ی حاکمی ئەردەڵان کچی خۆی دایەو ، لە نەوەی ئەوان (سلێمان‌بەگ) هەڵکەوت بە ویلایەتی شیوەکەڵ •

لەوێدا مەحموودی ڕۆستەم‌ئاغای شیوەکەڵ ئەڵێ :

مەحموودئاغا :

میرم ، ئەمە نوکتەیە • ئێمەش ئەبێ خدمەتیان بکەین‌و کچیان بدەینێ‌و کچتان بدەنێ •

مەحموودبەگە شەلە :

خێر ، ئاغام ، شەرت ئەمە نییە هەر ئێوە کچ‌بدەن بە ئێمە • ئێمە قەرزدارین کچ بدەین بە ئێوە • فەرموون ، تێکەون ، هەڵبژێرن •

لە عەینی پەردەدا ، لە سیاگوێز ، مەحموودئاغا نووستووە • پەریچیهرە ئەچێ جاجم بدا بەسەر جێگاکەیا •

مەحموودئاغا :

ئەوە کێیە ؟

پەریچیهرە :

پەریی کارەکەرتە •

مەحموودئاغا :

ئەڵلاهـ ! پەری بە شەو بێتە خەوی ئینسان ! وەرە شێت مەبە •

---

(١٧) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆی‌و ، هەروا لە چاپەکەی کاکەی فەللاحیشا ، نووسراوە : « هەڵکەوت‌و » • بەڵام ئەو (و)ە زیادەیەو پێویست نییە • لەبەرئەوە من لێرەدا لام‌برد — م •

پـەری :

ئەزانم تۆ لە جنۆکەو مۆتەکەو مەڕنەمووکە ناترسی ، چ جای من هاتووم داتپۆشم سەرمات نەبێ •

مەحموودئاغا :

کەسێ گڕی لە دەروونداِ بێ چۆن سەرمای ئەبێ ؟!

پـەری :

پەنابەخوا ! بزانین ئەم گڕە کێ ئەسووتێنێ ؟

مەحموودئاغا :

تەنها خۆمو دلم •

پـەری :

جاجمەکەی پیائەداو ئەڵێ : ئای چیم بە خۆم کرد ، یا دڵ چیی پێ کردم ! نەدیوو نەناسیو لەخدمەت ئەم کوڕەدا ڕازم داداوە(۱۸) نایزانم کە هێشتا دەورەی پەردەپۆشیو کەمناویی کچانە • ڕادەکا بێتە دەرەوە •

مەحموودئاغا :

بانگی ئەکا : توخوا ڕاوەستە ، مەعنای ئەم دوو کەلیمەیەم پێبڵێ : پەردەپۆشیی کچان مەعنای چییە ؟

پەریچیهرە :

موساعەدە بفەرموو • درەنگە بەبەریەوە نەماوە ڕاوەستم ، چونکو بە عادەتی ئەم ئەهلە نەوەك گفتوگۆکردن لەگەڵ کوڕاندا ، بەڵکو هاتنە ئێرەیش ئارەوایەو نابەجایە •

---

(۱۸) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا «داوە» نووسراوە • دیارە هەڵەیەو ڕاستەکەی بەوجۆرەیە لەسەرەوە نووسراوە • کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا هەر وای ڕاستکردووەتەوە ـ م •

بەڵێ ، وادەزانن هەرچی بەشی ئافرەت هەیە خوا هەر بۆ ئەمەی خەلق کردوون نەسبابی کەیفو هەواو هەوەسی نوران بن‌و ، تێرینەیش کە ئافرەتی دی بە حەڵوای نەرمەقوونی بزانێت . ئیتر ئەمنیەتی[19] ناموس نی‌یە . ئاخ ! ئەمویست خوا یا بە ئافرەتی خەلق نەکردامایە یا نەمخوێندایە وە لە بەر خەرەندا دانیشتمایە بێ‌حیس‌و بێ‌شوعوور دەماغم بە حیکایەتی دێوو پەری‌و چەرخوفەلەکی پیرێژنەکان پەروەردە ببوایە ، ئەوسا نەمئەوت[20] ژنانیش حەقی حەیات‌و مەوجوودیەتیان هەیەو بە شیربایی نافرۆشرێن‌و ، بۆ تەشکیلی عائیلەو دلسۆزی بۆ مێردو ئەولاد لە پیاوان پێشترن‌و[21] ، لە حەیاتی عائیلەدا ڕوکنی موهیمن . ئاوا بگە لە کەلیمەی پەردەپۆشی‌و ، بەستەزوبالی ئەمە بوو[22] .

---

(١٩) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا وا نووسراوە . بەڵام مـن لام دوور نی‌یە هەلە بێ‌و ڕاستەکەی (ئەمیەتی) بێ . ئەگەر (ئەمنیەتی) بێ ، ئەبێ وا مەعنای لێ بدرێتەوە : لە غەیری ئەم سوورەتەدا مرۆ لە ناموسی خۆی ئەمین نابێ – م .

(٢٠) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا «نەم‌ووت» نووسراوە ، بەڵام شوێنی (ا)ێ لەنێوان (م)ەکەو (و)ی یەکەما بە چۆڵی ماوەتەوە . دیارە تیپی (ا)ەکەیەو لەکاتی چاپا بەڕیوە . کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا هەر وەك منی ڕاست‌کردووەتەوە – م .

(٢١) ئەم ڕستە لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا وا نووسراوە : «تشکیلی عائلەو دلسوز میردو اولاد لەپیاوان بێشترن‌و» . من ئەوەم بە هەڵەی چاپ‌و شێوەنووسین زانی‌و وام ساغ‌کردەوە کە لەسەرەوە نووسراوە . کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا تەنها وشەی (دلسوز)ەکەی کردووە بە (دلسۆزی) – م .

(٢٢) وادیارە پیرەمێرد کە لێرەدا بە زمانی پەریچیهرەوە مەبەستی لە (پەردەپۆشی) لێکدایەوە ، لای‌وابووبێ پێشان لەجیاتیی (کەم‌ناوی) – یا (کوم‌ناوی) ، ئەگەر ڕاستەکەی (کوم‌ناوی) بێ ، – نووسیویە : «بەستەزوبانی» ، بۆیە ئەڵێ : «بەستەزوبانی ئەمەبوو» – م .

هەرچەند وەختی ئەم قسەیە تەهاتووە ، بەڵام وای ئەبینم کە دایكو باوك ئارەزووی خواهیشێکی پەنهانیان دەربارەی منو تۆ هەیە •

خۆ منیش ساحێبی عیززەتی نەفسو ڕەئیی خۆمم ، فرۆشتەنی نیم•

مەحموودئاغا :

سوبحانەڵلا ! ئەووەڵ من وتم پەری شەو یێتە خەوی ئینسان ، شێت ئەبێ • ئەوە مەقسەدم تەئسیری حوسنو جەماڵ بوو • ئێستا ئەم گفتوگۆ بەشوعوورو کەماڵە(٢٣) پەرییە یا پەری !! پەری •• پەری •• مەڕۆ ، دانیشە • درەنگ ئەبێ ، ئایێت ، مەجبوورت‌کردم دوو کەلیمەی دەروونی خۆم بەیان بکەم • ئەووەڵەن من موتەحەییرم تۆ لەم بەردە ڕەقەو لەم نەسلە کەلەشەقە ئەم دەماغەت لەکوێ بوو !! دووەم با تێت‌بگەیەنم من کوڕی سەلیم شیوەکەلیم • باوکم لەناو دارو بەردا گەورە بووە • پیشەمان شەڕوشۆڕو تەعەدداو کوشتنو بڕینە • مادام دەربارەی پیاوان ئەمە بین(٢٤) ، ئەشێ چۆن تەماشای ژنان بکەین ؟ دایکم تەنها حەقی سەرپەرشتیو تفاقی ماڵو نانو چێشتی خۆمانی هەیە • هەموو کارەکەر ، هەموو لەژێر چەپۆکو توانجی ئەودان • ئەبێ ئەوان بۆ من ژنێنن ، چ دەستەڵاتێکی هەیێت(٢٥) ؟ بەڵام ، خێر ،

---

(٢٣) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : « ئەم گفتگۆیە شعورو کماڵە » • ئاشکرایە ئەوە هەڵەیەو ڕاستەکەی بەوجۆرەیە لەسەرەوە نووسراوە – م •

(٢٤) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «بیت»و ، کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا «بیت»ی نووسیوە • من لەومم بەلاوە هەڵەیەو ڕاستەکەی (بین)ە وەك لێرەدا نووسیومە – م •

(٢٥) ئەم ڕستەیەم بە ناتەواو دێتە پێش‌چاو ، چونکە لامەوایە مەبەست لێی ئەوەیە : ئەگەر ئەوان ژن بۆ من بێنن ، ئەبێ ئەو ژنە چ‌دەستەڵاتێکی هەبێ ؟ – م •

هەزار بار خێر • خوێندەواریو ڕۆمانی تورکیو کتێبی ئەحمەد مەدحەت ، ئادابی موعاشەرەتی ئورووپا ، هەمدەمو هەمفکری سالمو کوردی کە زۆرم خۆش ئەویستنو هەمیشە لە خزمەتیانا بووم ، وایان چەسپاندۆتە کەللەمەوە کە ئافرەت ئەبێ نیوەی[٢٦] حەیاتی پیاو بێ ، هاودەمو دڵسۆز ، هەمسەوداو بەسۆز بێت • غایەی هەردوولا تەشکیلی عائیلە بێت • مەرام لە تەشکیلی عائیلە ئەوەی چاك پێبگەیاندنە کە خزمەتی خاكو عەشیرەتو قەوموقبیلە بکەن وە نەهێڵن وڵاتیان پامالی بێگانە بێتو ، میللەتی داماوی دەستی دوشمن نەبن • ئائێستا کە بە ڕەبەنی ماومەوە ، لەم خاکەدا کەسێکم شك نەبردووە لایقی عیشقو تەشکیلی عائیلەو هەمدەمو هەمدڵ بێت • ئێستا جارێك بزانم ئەم بلندەماخیەت لەچیەوەیە ، بە چ فکرێكو قووەتێك خۆت لە ژنانی ئەم وڵاتە جوێ ئەکەیتەوە ؟

پەریچیهرە :

بەڵێ هەروەکوو دوو ڕەمزو ئیشارەتی من ، تۆی خستە هەیەجانەوە ، وەك شەرابت خواردبێ هەرچی لە دڵتا بوو دەرتبڕیو ، عەجائیبت لە من ما چۆن لەم بەردە ڕەقەدا ئەم لێکدانەوەیەم هەیە ، منیش سەرم لە تۆ سڕ ماوە ئەم زەبروزەنگە لەعاقاری پیاو[٢٧] ، ئەم نەرمونیانییە لەڕاستی ژنان[٢٨] لەکوێوە

---

(٢٦) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «نیوە» • من ئەو (ی)یەم بەلاوە پێویست بوو کە خستوومەتە سەری — م •

(٢٧) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «پیاوە» • من ئەوەم بە هەڵە زانی ، یا ئەبێ ڕاستەکەی (پیاوو) یا (پیاوەو) بێ — م •

(٢٨) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «ژنانو» • دیارە ئەم (و)ە هەڵەیە • کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا لای بردووە — م •

پەیدابووە ؟ چاری تۆ سیوەیلیت کە سیوەیلی کەللەیان لە گوێزیان سەخترەو ، مەحموودی سەلیم شیوەکەلیت کە لە هەموو براکانی جەنگاوەرترە ، چۆن ئەم فەلسەفەی حەیاتمت[٣٩] بۆ حەل بووە ؟ من لە تۆ موتەحەییرم‌و تۆ لە من سەراسیمە • کەواتە با باوەڕ بە یەك بکەین • کتێبی تورکیش ئەخوێنمەوە • هێجگاری لە ڕەوشتی ئێرەم لاداوەو ، ئەمەم گرتووەتە پێش‌چاو کە ڕۆژێ سەرم پان‌ئەکەنەوە • باز پێم‌خۆشە ، قوبوولی عیززەتی نەفس شکاندن ناکەم •

مەحموودئاغا :

ئەگەر ئێمە هەردوکمان لەم ئەخلاق‌و تەبیعەتەدا بین ، هیچ نەبێ خۆمان لە ژیانی هامسەری‌و هامفکری لەززەت ئەبەین‌و ، بە مەحەببەتی ئەخلاقی‌یەوە خۆش ڕادەبوێرین • ئەمە یەك •

دووهەم هەر مەحسوولێکی حەیاتمان بێ ، ئەوانیش لەسەر سروشتی ئێمە بڕۆن ، سەعادەت‌و بەختیاری بۆخۆیان تەئمین دەکەن‌و ، لەڕێدا هەیە کەلکی میللەت‌و وەتەنی خۆیان بگرن • لە زەمانی سەعادەتەوە تا ئەم قەرنی ئەخیرە ڕابیتەیێك کە هەموو میللەتێکی یەکدەخست دین بوو • چەندێك دینیان کرد بە ئالەتی شەڕوشۆڕ ، هەر حوکمدارێ ئارەزووی بیوایە بچوایە بەگژ حوکوومەتێکی‌تردا ئیعلانی جیهادی ئەکرد • موسولمان موسولمانی بکوشتایە جیهاد بوو • ئێران‌و تورك کە هەردوکیان خوداێك‌و پێغەمبەرێکیان دەپەرست ، بە ناوی جیهادی دین یا ئیختیلافی

(٣٩) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «خیانت» • ئاشکرایە هەڵەی چاپە • کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا هەروەك منی ڕاست‌کردووەتەوە ــ م •

مەزهەبەوە ، یەکتریان دەکوشت ، خێر بوو ، ئێستا خەڵك لـەم فرۆفێلە گەیشت ، ئیتر نە ئەهلی سەلیب بۆ دین یەکدەگرن ، نـە ئیعلانی جیهادی خەلیفە[30] ، تەنها ماوەتە سەر ئەوە ئەو خاکەی کە باوكو باپیری تیا هەڵکەوتووەو پراوەتەوەو نیشتمانەو خۆتی تیا دەژیت ، نیگەهداریی ئەو خاکە کە وەتەنی پێ دەڵێن ، ئەوە پێش هەموو مەرامێك دەکەوێ ، چونکو ئەگەر تۆ نیشتمان نەپارێزی ، قەوم‌و عەشرەت‌و کەسوکارت دەربەدەر ئەبن‌و بێکەس دەمێنیتەوە ، پیاو کە بێکەس بوو ، لە هەموولایێکەوە تێی‌هەڵئەدەن‌و ، فەرزمن تێشیان هەڵنـەداو دەوڵەمەندیش بـوو ، بەپێـی ئارەزووی بەشەریەت‌و حیسـی ئیجتیماعیی ئینسانیەت پیاوی تەنها غەریبەو ، غەریبیش لەززەت لە دنیا نابینێ !! وا خۆشە پیاو پاروەوە نانێکـی بێ لەناو کەسوکارو قەوموقیلەدا بیخوا ، مادام زیندەگانی گرو پێکە ، ئەوی بۆت دەمێنێتەوە هەڵکردی یەکدڵـی‌و دڵسـۆزی‌و خۆش‌گوزەرانیی ناو قەوم‌و نیشتمانە ، ئەگەر تۆ میللەتی خۆتـت خۆش‌بوێ ، ئەوانیش تۆیان خۆش‌دەوێ ، سەعادەت لە سەعادەتی زیندەگانیی خۆشەویستیدایە ، عیشـق‌و سـەودای جەماڵێـك فەردیە ، ئێستا بڵێین[31] هەردوکمان یا بۆ جەماڵ یا بۆ کەمـاڵ یەکتریمان خۆش‌دەوێ ، هەرچی بڵێیت[32] ئەمە خوسووسیـیە ، لەززەتی خۆشەویستیـیەکی عومومیی تیا نییە ، هەرگاه عوموم

---

(۳۰) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : « خەلیفەی » . من ئەوەم بەلاوە هەڵەی چاپ بوو ــ م .

(۳۱) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «بلـین» . دیـارە مەبەسـت «بلێیـن»ە .

(۳۲) لـە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیـا نووسراوە : « بلیت » . دیارە مەبەست «بلێیـت»ە .

خۆشی‌ویستی ، ئەوسایە لەززەت لە خۆشەویستیی خوسووسی دەبینی ، چونکو ئەگەر قەوموقیلەت خۆشیان نەویت ، با منیش زۆرم خۆش‌بوێت ، باز ئەو لەززەتەی نی‌یە • وەقتی لەززەتی خۆش‌گوزەرانی دەبێ ، میللەت دەولەمەند بن ، زەلیل نەبن • هەرچەند چاوت بە زەلیلی‌و داماوی ئەوان بکەوێ ، تۆ هەرچی بیت ، دلت دەگیرێ‌و عەیشت تاڵ ئەبێ • بەڵام کە عەشرەتت لەپێشەوە بوو و وەتەنت ئاوا بوو ، لە هەر گۆشەیێکەوە شایی‌و سەیرانێک دەبێ‌و ، لە هەر کەسێکیدا گوزەرانێ دەبێ ، ئەوسا بە دڵ‌خۆشی‌یەوە دلداری خۆشە •

ئاخ ! خوا ڕۆژێك بڕەخسێنێ کە هەر شارێک خوێندەواریی تێ‌بکەوێ • هەموو بزانن کە خۆشی‌و قەدری ئینسان بەحورمەتی قەوم‌و ئاوەدانیی نیشتمانیەوەیە ، ئەگینە ئێستا من بڵێم : وەتەنپەروەرم ، درۆدەکەم • هەموو بۆ دەبدەبەو ناوو شوهرەتی خۆم بەگژ عەشرەتەکانی‌تردا دەچم • لەبەرئەوە گەورەی عەشیرەتەکانی‌تر دیارە نایانەوێ من ببم • هەرکەسە بووەتە دزی گای خۆی‌و هەریەکە بووەتە ملۆزمی فەقیرو هەژاری قەتمەیێك• هیچ کەس نابینم جوزئی مەنفەعەتێکی خۆی بۆ مەنفەعەتێکی زۆری عوموومی فیدا بکاو ، تا هەرکەسە بۆخۆی بێ بە هیچ نابێ ، با ئەمڕۆیش بڵێن پارەدارە خۆشیان‌ئەوێ • سبەینێ کە خوێندەواری چاوو گوێی میللەتی کردەوەو زانی‌یان هەر بۆ خۆیەتی ، ئەو قەدرەی نامێنێ • هێچگار یەکێ لە دەردی نەخوێندەواری ئەمەیە کەسێکی زۆردار هەڵدەسێ بەشی کەسب‌وکاری مسکێن ئەبا بۆ خۆی یا ڕەنجی ساڵێکی زمراعەتەکەی بە شەش گەز چیت‌و دە کەللە شەکر لە دەست وەردەگرێ‌و دەولەمەند ئەبێ • بە مەحزی ئەمە کە

پارەی هەیە تاقمێ پێکارو پێکارەی هەمیشە لەدەور کۆدەبنەوە ، وادەزانن پارەیان بۆ هەلدەڕژێنێ ، کەچی پێش مردن کفنیان بـۆ ئەکـا .

خۆلاسەی کەلام ، ئێستا مـن کـە مەوقیعێکـی بلندی عەشیرەتیو حوکوومەتیم هەیە ، پێم‌ناکرێ هەولی ئیسلاحی ئەم قـەومە بدەمو ، ئەگەر ڕاستیشت دەوێ بـە ئیشم دەسـت‌نـادا . چونکە ئەم خەلکە ئەگەر تێگەیشتوو بن ، بۆ من دەست نادەنـە تەفەنگو بۆم بچن بەگژ لەشکری دوشمنی منداو ، ئەم خاکـی ئێمەیش خوا ئاوەکەی وا بۆ ڕشتووە هەموو عەشائیر دوشمنـی یەکینو لە حودوودیشداین ، لەبەرئەوە بۆمان ناکرێ ئەم ئەعالی‌یە سەوقی سەر خوێندەواری بکەینو لە دەست خۆمانی بکەینەوە . ئەمە مەسلەکی ناچاری‌یە ، یەعنی من بمەوێو نەمەوێ دەبێ هەمیشە سێسەد چوارسەد تفەنگم ئامادە بێ ، ئەگەرچی ئەمە حەیاتێکـی وەحشەتە . جا ئەگەر خوا بەزەیی بە مندا بـێو ڕەفیقەیێکـی دلسۆزم بداتێ ، هیچ لەبێ بە شەو کە فەراغەتێکمان بوو دەردی دل لای یەك هەلنەڕێژینو(٣٣) تەسەللایێکمان بە یەکتری ئەبێو ، ئەگەر خوایش بیدا ، ئەولادمان بێ ، بەپێی دلو دەروونی خۆمان پیهێنینە بەرهەم .

پەریخـــان :

ئێستا وا تۆ لە ئەووەل مولاقاتدا منت بە هەمسەری خۆت زانی ، هەموو داخی دلت لای مـن هەلڕشـت ، بەچـی مەعلووم کـە

(٣٣) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : دەهەلدیژینەوە . ئەمە هەلەیە چونکە لەگەل (ئەبێ)کەی پاشەوەی ڕێك‌ناکەوێ . بۆیە یا لەبێ وابێ کە من لەسەرەوە نووسیومە ، یا (هەلڕێژین) بێ بێ (و)ەکە ـ م .

مـن ئەو قابلیتـەم هەیـەو ، ئەوەتـی بنیادی ئـەم خاکە دانراوە ، لەم ولاتـەدا نەبوە بـە عادەت کەسێ شارەزای کەسێ نەبێ[٣٤] ، لەخۆیەوە داواکـاری بێ • خوازێنـی بە دایكو باوکـە • ئێمـە ئورووپایی نین بڵێین وا لە حوزووری ویجداندا تۆم قوبـووڵ کرد • لێرە ویجدان میچدانە کە مندالآن میچی یاری تێدەخەن • جارێ لازمە تۆ شیفتەی شیرینیی زولـفـو خاڵ نەبـی • ڕەنگـە من هەندێ خووم هەیە کەلکی حەیاتی عائیلەویی تۆ نەگرێ • جارێ سەرم ئەمەندە هەوای عیزەتی نەفسی تیایە توانای چەپۆکی خەسووی نیـیـە • دووەم بە تەجـرەبـە دەرکـەوتووە کچێکـی خوێندەوار کە کەوتووەتە ناو دەستەی ژنانی لادێـوە ، هـەزاران بەندوباوی لێ کراوە : ئەیەڕۆ بە مێردەکەی خۆی ئەڵێ مەحموود ، هیچ شەرمو حەیا ناکا بە شـەو بەرامبـەری دادەنیشێ ، هـەردە هەردە قسە ئەکاو ، کە لە دەردا مێردی دێتـەوە جـارێ لەپێش هەموو چشتێکدا دەستی دەگووشێ ، لەسەر کورسی لنگ دەبێتە سەر لنگ • ڕاسە ئاخر زەمانە • هێجگار لە هەموو شوورەیی تـر لەگەڵ مێردیا دادەنیشێ چا دەخواتەوە • ئێمە سەرمان سپی بـوو هێشتا کەس نەیدی لای مێـرد ئـاو بخواتـەوەو هێشتـا نـاوی مێردمان بە زماندا نایێ • لەپێشدا هەر پێی‌دەڵێـن : ئـەو • کـە مندالیشمان بوو ئەنجا دەڵێن : باوکی فلان • خۆ من ئـارەزووم هەیە فێری عوود لێدان بمو دەنگیشم خۆشە • ئەگـەر لە مێـردم پشت‌ئەسـتوور بم عوودیش لێ‌ئـەدەمو گۆرانی‌یش ئـەڵێم • لیهایەت پێم‌ئەڵێن (سۆزانی) • خۆ هیچ نەبێ ئاسارێکی سەنایی

---

(٣٤) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «کەس شارەزای کەس لەبـێ» بێ (ی)ی پاش هەردوو وشەی (کەس)ەکە • من لەوەم بە هەڵەی چاپ یا شێوەنووسین زانی •

تەفیسەو جەسارەتێکی مەدەنیە دەخەمە ناو جینسی لەتیفەوە • ئەو لەونە ، یەعنی ئەم حورڕیەتە بەکەلکی کەس نایێ • کەواتە ئەگەر هەر بە کچێتی لە مالی باوکدا بمێنمەوە ئەم حیسیاتە ئەخەمە بن گوێزی سیاگوێزەوە دەینێژم ، بەلام تا پێم بکرێ کچان کۆدەکەمەوە ، بە ڕۆژ جزمیان بۆ دەنووسمەوە ، فێری خوێندنیان دەکەم ، ئەوسا بە خوێندەواران سوپای خۆم وا ڕێك دەخەم کە ڕۆژێك بێ لەشکری نادانی بشکێنن •

ئیتر ئەمە من و کردەوەو فکرو نیەتم • تا دوو ڕۆژی تر مۆلەتت بێ • ئەگەر بە ئیشت دەستئەدا ، کاغەزێ بنووسە بۆ باوکت بێتە ئێرە ، با لە ڕاهورەسمی ئەوان دەرنەچین ، خوازێنی بکا • بەلام ژنان هەردوو لامان مالوێران نەکەن : دە دەست قەنەوزو شەش دەست مەخمەل و چێتکەو پێتوکە لەوناوەدا لەتوبەت بکەنو ، هەردوولا پارە بخەینە گۆمەوە • من کە بووم بە کەبانووی مالی خۆم ، خۆم جل بۆ خۆم دەکەم و ئەو پارەیە ئەدەم بە ئەهالیی فەقیر کە لە ژێر باری سەلەم بێتەدەرێ • خوا ئەگەر تا دوو سبەی هیچت نەنووسی ، منیش بە نەزەری میوانێکی عەزیزت دەڵوانمەو تا لێرەی پێلاوت لەسەر چاوم و ، کە ڕۆیشتی بەخێر چیی • ئەمە دوایی قسەمەو ، ئەوا ڕۆیم • ئیتر ناگەڕێمەوە •

لەپاش ئەوە پەریچیهرە ڕۆیی ، مەحموود ڕاستئەبێتەوەو لە ئۆتەکەدا دەستئەکا بە پیاسەو لەبەرخۆیەوە دەلێ :

سوبحانەللا ! خودای گەورە ، هەرتۆ ئەتوانی لەم کوێرەدێی ئەم حودوودەدا دەماغی کچێکی جیهاننەدیدەو لە تەسەیێکی وەحشی بەم لەوعە ئەفکارو فەلسەفەیە بڕازێنیتەوە کە هیچ کچە

وەزیرێـك ناتوانـێ ئەم حیـسـسیاتـەی بـێ • ئێسـتا من لـەوە سەراسیمە ماوم ئەو ژن بێ‌و من مێرد ، چۆن ڕووم بێ پێی‌بڵێـم : ژنەکە ، لەگەڵ ئەوەیشدا دەڵێن :«دشمن دانا بە لز نادان دوسـت» • تەوەککول بە خوا • توخوا زۆرم حەیاتی شەقاوەت‌و وەحشـەت دی ، با چەندێکیش سەعادەتی عائیلەو بەختیـاریی موساحەبـەی ژنی دانا ببینم • هەر ئێستا کاغەز دەنووسم ، دەچم بۆ دیواخان ، قەڵەم‌و کاغەزی لێیە • ئەویش لە سەحنـە دەچێتـە دەرەوە ، لـە دیواخان قەڵەم‌و دوێت پەیدا ئەکاو کاغەزێك ئەنووسێ • ئەچـێ لەدەرەوە دارای پیاوێ خەبەر ئەکاتەوە ، پێی‌ئەڵێ : دارا ، بەیانی کە شەبەقی‌دا ، هەڵسە ، کـەس نەزانێ ، بـە تەنها سـوارە بچـۆرە شـێوەکەڵ ، لەپێش ئەوەدا ئاغا بێتـە دیوانخـان ، لە ماڵـەوە ئـەم کاغەزەی بدەرێ •

پەردەی سێیەم

لە سیاگوێز ئەحمەدبەگ‌و مەحموودی ڕۆستەم‌ئاغا دانیشتوو نازە هەتاو کەوتووە • کتووپڕ سەلیم‌ئاغا ئەکا بەژوور ئەحمەدبەگ لەبەری هەلدەستێ ، بەحیرەتێکەوە ئەلێ : ئاغا ، خێر بێ ، وا ئاگەهانی تەشریفت هات •

سەلیم‌ئاغا :

میرم ! ئێمە سیوەیلین ، فڕوفێلان نازانین • ڕاست‌و ڕ ئەدوێن • جەنابتان پەرێتان لە مالدایە • دەستی لە مەحمو کوڕم وەشاندووە ، شێتی کردووە • هاتووم پەری بک شووشەوە بیبەم ، بەلکو کوڕەکەم چاک‌بێتەوە •

ئەحمەدبەگ :

میرم ! ئەگەر پەریچیهرە پەریی کێوی قافیش بێ‌و نە شابالشایش بێ ، شاباشی بەرێێی مەحموودە • وا بە کراسی خۆیەوە دەینێرم • زانەن خۆی وتوویە کاتێ بمدەن بە شوو ، جلوبەرگ ناکەم • بە کراسی بەری خۆمەوە دەچمە مالی مێ لەوێ خۆم جل بۆ خۆم دەکەم •

سەلیم‌ئاغا :

میرم ! من ئەم فکرەی پەریچیهرەم زۆر لەلا باشە • ئەگەر بکا ئەم جەسارەتە بنوێنێ‌و ئەم بیدعەتە سەیتەیە لەناو

(٣٥) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «لەناو» • ئەوە هەلەیە • ئەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا هەروەك منی ڕاست کردووەتەوە ــ م

هەلگرێ ، ئاسارێکی تەئریخیە ، چونکو ئەبینین باوکێک‌و کوڕێك هەردوکیان سالمەا ڕەنج ئەدەن ، شەش حەوت لیرە کۆدەکەنەوە ، دەیانەوێ ژنێك بۆ کوڕ بێنن . ئەبێ لەپێشدا ئەو پارەیە بدەن بە قەنەوزو خارای کە لە ولاتی بێگانەوە دێت ، بیکەن بە جلی بووك کە تەنها سێ شەو لەبەردەکرێ . ئەنجا کە پارەکەیان لە جلدا خەرج‌کرا ، بۆ نانی شایی دەبێ سەلەم بکەن . سەلەمیش وەك ڕەگی گولی یا خۆرە وایە ، ئیتر لە کۆلیان ناکەوێ .

موودی ڕۆستەم‌ئاغا :

ڕووئەکاتە سەلیم‌ئاغا ، ئەلێ : ئۆف .. ئۆف .. هەر ئەمەمان مابوو کچێك هەلسێ بلێ من عادەتی باوباپیرتان ئەگۆڕم ، شایتان لێ حەرام ئەکەم ، جلەبووك‌و خەلەبەندان‌و پلاوی شایی‌و جیازی‌و ڕەشبەلەك ناهێلم . نەخوازەلا چوار مسکێنمان بەدەستەوەیە(٣٦) بەسەلەم پارەیان ئەدەینێ چوار باتمان توتونمان بۆ بکەن ، ئەویشمان لەدەست بکاتەوە ، ئیتر بمانکاتە گاگەل بلەوەڕێنین(٣٧).

لیم‌ئاغا :

جواب ناداتەوە . ڕوولەکاتە لەحمەدبەگ ، ئەلێ : لە

له چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «بەدەستەوە» . دیارە ئەوە هەلەی چاپەو ڕاستەکەی بەوجۆرەیە کە لەسەرەوە نووسراوە . کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا هەر وای ڕاست‌کردووەتەوە – م .

هەرچەند ئەم ڕستەیە مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ ، من وای‌بۆئەچم لە کاتی لەچاپدانا هەلەیەکی تێکەوتووە ، لامەوایە مەحموودی ڕۆستەم‌ئاغا وتبێتی : کە مسکێنەکانمان نەمان ، ئەگەر ببین بە گاوان‌و بکەوینە تەك گاگەل بۆ لەوەڕاندنیان ، نەك خۆیان لەگەل گاگەلا بلەوەڕێن . کەواتە دوور نی‌یە ڕاستەکەی بەم‌جۆرە بووبێ : «ئیتر بمانکاتە تەك گاگەل بیلەوەڕێنین» – م

شوکرانەی ئەوەدا کە کوڕو کچیوامان هەیە ، با ئێمە بەم پیر
شایی‌و هەڵپەڕکێ بکەین‌و ، مەلایش مارە ببڕێ . دوا
پەریچیهرەو مەحموود بە جووتەسوارە هەڵسن بچنە ماڵی خۆ
لەوێ چی بە چاك ئەزانن بیکەن . بەڵام مەولوود نابێ تەرك بکر
با ئاتی شایی نەبێ ، مەولوود بێ .

لەوێدا ڕۆینێ‌و هەڵپەڕکێیەکی جوان ئەکرێ .

« پەردە دادرایەوە »

پەردەی چوارەم

« پــەردە هەڵــدرایەوە »

موتەسەڕریف عەزیزپاشا دانیشتووەو ، هەیئــەتی ئیــدارەو شێخ‌سەلامی قازیو مەلائەحمەدی چاوماری مفتیی کۆکردووەتەوە.

موتەســەڕریف :

هەیئەتی موحتەرەمە ! ئێمە لە حودوودا قائیممەقامێکمــان هەیــە مەحموودی سەلیم‌ئاغا . ئەم زاتە هەرچەند بــە خواهیش‌و ڕەمزای دەوڵەتی نەبوە بە قائیممەقام‌و ، بــە زۆرو جەســارەت‌و قووەتــی عەشرەتی خۆی حوکوومەتی شاربازێڕی گرتووەتە چنگ خۆی‌و ، ئەستەموولیــش بەئیجابــی سیاســەتێکــی زەعیــف لــە هەمــوو حوودودێکدا ئەم نەوعە زۆردارانە ئیستیخدام دەکــاو تەسدیقــی قائیممەقامیی ئەوی کردووەو بە ئیرادە تەعیین کراوە ، ئێستا نەک تەنها شاربازێڕ ، پەلی هاویشتۆتە ئۆلکەی ئێرانەوە[٣٨] . حاکمی بانەیان[٣٩] دەرکردووەو یۆنس‌خانی خزمــی خــۆی کردووە بــە حاکم‌و ، بەوەیــش داناســەزرێ ، لە سەقزیشــدا هەرچــی ئــەوێ یۆنس‌خان نەیانەوێ ناکرێ . دەوڵەتی ئێرانیش لەم‌بابەتەوە شکاتی کردووەو ئێســتا ئێمەیان مەجبوور کــردووە کە ئــەو زاتە لــەوێ نەهێڵین . ئێوە ئەڵێن چی ؟

(٣٨) لەبرو «ئێرانیشەوە» بووایە ـ م .

(٣٩) لەبرو «بانەی» بووایە ـ م .

ئەعزای پێنــــاو :

پاشــام ! ئێمــە ساڵهـــای ســاڵ بەدەســت زوڵــم و تەعــەددای دەرەبەگیەتیی بابانەوە هیلاك بووین تا خــوا ئەوانــی لەســەر هەڵگرتین • لە تەئریخــی ١٢٦٦ی هیجری‌یــەوە کــە ئــەووەڵ موتەسەڕیفی دەوڵەت ئیسماعیل پاشا هاتووە توانیومانە بڵێین[٤٠] زیندەوەرین • ئێستا ئەم مەحموودئاغایە لــە بابان زالمترە ، دارو ئەلاقەی هەیە • لە هیچ دەوڵەتێ ناپرسێ • تەبەعەی هەر دەوڵەتێ لەوێدا بێ خەرجی لێ دەستێنێ • بێ پرسی قونسڵۆسی جەزای لێ دەستێنێ[٤١] • خەریکە سەرلەنوێ حوکوومەتێکی[٤٢] کــوردیێ بێنێتــە نــاو • بــە حوکوومــەت دەڵــێ ڕۆمــی • لــە ئــەووەڵی حوکوومەتیانەوە تا سەرداری ئەکرەم ئەمجارە هاتووە حوکمیــان بەسەرمانا بووە[٤٣] .

موتەســەڕیــف :

ئافەرین ! تۆ پیاوێکی سادیقی دەوڵەتی و تێگەیشتووی کە ئیدارەی زۆردار (ئانارشی) و بێقانوونی‌یە ، عەدالەتی تیا نابێ • تەفــرەی خەڵك ئەدەن : هەی ئێمە وەتەنی و میللی و نازانم چی و چین ، کەچی

(٤٠) لەچاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «بڵێین» • دیــــارە مەبەســـت (بژێــین)ە ــ م •

(٤١) ئەم ڕستەیە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحا پەڕێنراوە ــ م •

(٤٢) ئەم وشەی «حوکوومەتێکی»یە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحا کــراوە بــە (شتێکی) • لامەوایە ئەمەیش هەر کاری ئەو برا پسپۆڕە بێ کە دەستووسی کتێبەکــەی دراوەتــە لا بــۆ هەڵسەنگانــدنی لــەڕووی سیاســـەتی ڕاگەیێنی‌یەوە ــ م •

(٤٣) دوا ڕستەی ئەم برگەیە ئاڵۆزی‌یەکی زۆری تیایەو مەعنایەکی ئاشکراو ڕۆشن نادا بەدەستەوە • لامەوایە بێ بینینی دەستنووسی پیرەمێرد خــۆی ساغ ناکرێتەوە ــ م •

لەپێشدا هەرچی پیاوێکی بەناموسە لەناوی ئەبەن[٤٤] یا لەدەستی دەخەن ، هەرچی وپەرچی دەخەنەکار .

مفتــی :

پاشام ! مەسئەلەی تەشکیلاتی حوکومەتی و ئیدارە زۆر موهیمە ، باخوسووس تەرتیبی حودوود . پادشاهان و وەزیرە مەشهوورەکان کردوویانە . تەماشای تەئریخ بکەن دەولەتی عوسمانی چ بە عەدالەت و چ بە قووەت لە هەموو حوکومەتی ئاسیا پێشترمو ، تائێستا ئیستینادی قووەتی هەمیشە بە عەشیرەت و تیمارو زەعامەت بووە . واقیعەن سولتان مەحموود عەسکەری تازەی هێنایە مەیدان ، بەڵام بڕوانن لە سەراوردی تەئریخیدا شەڕی هەموو حودوودی شیروان و ڕەوان و چالدیران و فەتحی بەغدای سولتان سولەیمان و مرادخان هەموو بە قووەتی عەشائیری ئێمە بووە . هێچکار لە حودوودا دەولەت بۆی مومکین نابێ هەمیشە گوردووی عەسکەر دابنێ ، ئەم نەوعە کەسانە دەکا بە قائیمقام قووەتی گوردووێکی پێ دێنێتە بەرهەم . بۆچ شوکری خوا ناکەین کە لە حودوودا ئێمە زێرکەوتە نین ! بارەها دیومانە کە هەمحودوود دەستی بەسەرمانا بووبێ چۆن پەتی بۆ هەڵخستووین . ئێستا مەحموودی سەلیم شیوەکەلی لە حودوودا ئاسایشی تەئمین کردووە ، خەرج و باجی حوکومەتی هەمووی تەسلیم بە سندووق ئەبێ ، مسکین تەنها یەك شەخسی دەناسێ . والیە هەر حەیتەیەك بچێتە دێ یەك حوکمدارێ پێ نان و ئالیك و پێخەف و هەموو چشتێك بەخۆڕایی لە مسکین بستێنێ و ، کە پارەی خەرجی لێ وەرگرتن

---

(٤٤) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «نەبەن» . دیارە ئەوە هەڵەی چاپــە ـ م .

بیخواو بەقایا بەسەر دیهاتەوە بمێنێتەوە • ئێستا بەڕاستی ماڵو عەرزی مسکێن لە ئەمنیەتدایە • کە تەنها شەخسێ بێو کەسێکی‌تر نەتوانێ دەستدرێژی بکا ، ئەو تەنها شەخسە سەعلە • تائێستا مەحموودئاغا چ مسکێنێکی سەربڕی ؟ لە بانەدا دەستئەبڕن • ئەوا فەرزمانکرد حوکوومەت مەحموودئاغای عەزڵکرد ، خێڵ قودرەتو دەستەڵاتێ کە لەناو عەشائیرو حودوودا هەیەتی هەر ئەوەو تا ئەو مابێ قائیمقامی لاوە ناتوانێ لە شارباژێردا حوکم‌بکا • بەڵێ ئەتوانن مەرکەز بهێننە سەری ئەزمڕ[٤٥] یا هەڕووتە کە لە شارەوە چاویان لێیە ، بەڵام لە هەر دێیێك دانیشن حوکمیان تا حودوودی ئەو دێیە دەبێ • ئێستا حوکوومەت لە خاکی ئەجنەبیدا بەقەد خۆی حوکمو نوفووزی هەیە •

شێخ سەلام :

پاشام ! ئەم فکرە دەربارەی مەحموودی سەلیم‌ئاغا لەتەرەف ئەو ئەشخاسەوە ئیلقا کراوە وادەزانن ئەگەر مەحموود نەبێ ئەمانە هەریەکە لە شارباژێر چەند دێیەك ئیجارە دەکەنو ڕمزو بێستانیان گران دەخەرسێنن‌و[٤٦] بە قازانج دەگەن • هەریەکە دەبنە ئاغای دێیەك ، بیگارو بارەدارو هەرەوەزو هێلکەو مرشکیان بەسەر لادێییەوە دەبێو خۆیشیان هیچ فائیدەیێکیان بۆ حوکوومەت نابێ • بەهۆی موساعەدەی موتەسەڕیفێکەوە دەبنە سپلی لاورگ هەناسەی مسکێن دەبڕن • ئێستا ئەگەر بەحەق

(٤٥) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «ازمیر» • دیارە یا هەڵەی چاپ یا هەڵەی شێوەنووسینە – م •

(٤٦) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «دەخەسێنن» ، بەڵام ڕاستی وشەکە (دەخەرسێنن)ە لە (خرص)ی عەرەبییەوە واتە : تەخمین‌کردن کە بەکوردی (خەملاندن)یشی پێ ئەڵێن لە چاوکی (تخمین)ی عەرەبییەوە – م•

تەماشا بکەین ئەم پیاوە لە هەموو قەلەمڕەوی شاربازێڕدا سەرخۆشی‌و قومارو دزی‌و زینای نەهێشتووە • جەزای بۆ نوێژنەکەریش داناوە کە ئەساسی قووەتی سەڵتەنەتی عوسمانی دیانەتە • مەشهوورە سوڵتان عوسمان شەوێ لە شوێنێ میوان بووە لە ئۆدەیێکدا ، قورئانێ بە سنگێکدا هەڵواسترابوو ، تا ڕۆژ لەبەر حورمەتی قورئان ڕانەکشاوە • نەسرەت لە دیانەتدایە • قائیمقامێکی سەرخۆش دێ ، خۆیشی ڕسوا دەبێ‌و ، حەیسی‌یەتی حوکوومەتیش نامێنێ •

موتەسەڕیف :

کەوابێ تا قیامەت ئەم پیاوە لەوێ قائیمقام بێ !

قازی :

جا ئەگەر مەئموور لە ئیستیقبالی خۆی ئەمین بێ‌و بزانێ تا خدمەت بکا عەزل نابێ ، چاکتر نی‌یە لەوە کە سەلەفی جەنابتان دەیفەرموو: ئاخ ! چیبکەم • ئەگەر بمزانی‌بایە تا شەش مانگ لێرە دەمێنمەوە زۆر ئیشی بەئاسانم[٤٧] دەکردو هەر چوار دەوری شارم دەکرد بە باغ‌و درەخت ، ئەوسایە سلێمانی دەبوو بە بەهەشت • بەڵام هەر واتزانی یەکێکی‌تریان لەشوێن ناردم‌و ، هەرچیش من بیکەم ئەو هەڵیدەوەشێنێتەوە • ڕاستی فەرموو ، وەکی ئەم قائیمقامە سەرداری ئەکرەم هەڵیبژاردووەو هەموو موتەسەڕیفانی سەلەفی جەنابتان زۆری لێ مەمنوون بوون ، ئێستا ئێوە بیناغەی ئەوان دەڕووخێنن •

---

(٤٧) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا وا نووسراوە ، بەڵام مەعنای نایەت • دیارە هەڵەیەکی تیایە • دوور نی‌یە ڕاستەکەی «زۆر ئیشم بەئاسانی ••» بێ . کاکەی فەللاح لە چاپەکەی خۆیا کردوویە بە « زۆر ئیشی ئاسانم•• » ، بەڵام ئەوە هێزی ڕستەکە ناهێڵێ – م •

موتەسەڕریف :

قازی ئەفەندی ! تەجاوز دەفەرموون • ئەمە تەرەفداری‌یەو بەرتەحریکم دەکەن •

قازی :

خێر ، پاشام ! بەیانی حەقیقەتە ، تەرەفداری نی‌یە • هەموو عالەم دەزانێ من لە حەیاتی خۆمدا موناسەبەتم لەگەڵ شیوەکەلی‌یان نەبوە • نیهایەت منیش عەلاقەداری عەدالەت‌و ئیدارەم • ئەوی بە خراپی بزانم مودافەعەی دەکەم • ئەمە موغایری قانوون‌و عەدالەتە بە بێ‌جورم مەئموورێکی بلندپایە ئیتیهام بکرێ‌و سەربەستیی حودوودو ئاسایشمان نەمێنێ •

موتەسەڕریف :

کەوابێ مەجلیس خیتامی پێدرا • ئێوە بڕۆن • حوکوومەت کاری خۆی دەزانێ •

مەجلیس هەڵدەستن •

قازی :

لە ڕێ سەر دەنێتە بناگوێی مفتی ، دەڵێ : ئەم باوەحیزە نی‌یەتی خراپە ، دەترسم مەحموود دەرمانخوارد بکا • چار چی‌یە ؟ خەبەر بنێرن نەیەت •

مفتی :

قازی ئەفەندی ! فکرەکەت دروستە ، بەڵام مەحموودئاغا هاتوودو لە کارێزی دایکی پاشا خێوەتی هەڵداوەو ، گوێم لێ بوو موتەسەڕریف ناردی ئێوارە تەنها خۆی بێ بەیەکەوە نان بخۆین ، کەسی‌ترم قوبووڵ نی‌یە • ئەڵبەتە جاسووسیشی لەسەر داناوە •

ئەگەر ئێمە یا خۆمان بچین یا کەسێ بنێرین ، دەیزانێ . منیش زۆر سەخلەتم . سا بزانین خوا چی دەکا .

لە عەینی پەردەدا ، کە هەیئەتی مەجلیسی هەڵدەستن ، موتەسەرریف لەجێی خۆی دادەنیشێتەوە . لەبەرخۆیەوە دەڵێ : ئافەرین لەو بەگ‌و ئاغایانە[48] کە خەبەریان دامێ . ئەمانە خەریکن بە قووەتی مەحموودئاغاوە من دەرکەن . با جارێ مەحموودیان بۆ دەرمانخوارد بکەم ، ئەنجا دەزانم چی لەمان دەکەم .

لە زیلەکە ئەدا ، جەوهەرئاغای خدمەتچی دێ .

موتەسەرریف :

جەوهەر ، چیت‌کرد ؟

جەوهەر

(بە توركی) : پاشام ! وەعدی پەنجا لیرەم بە مامەلاوە دا ، قووبوولی نەکرد . بەڵام سوێندم داوەو ترساندوورشمە لای کەسێ ڕاستی نەڵێ . ئێستا وەلی‌ئاغای قەهوەچیم بە بیست لیرە ئیقناع کردووە .

موتەسەرریف :

لەپێش ئاندا قەهوە بە هەمووماں بدا هیچی تیا نەبێ . پاشێ ئانخواردن کە قەهوە دێنێ ، لەپێشدا دڵۆپێ زەهر بکاتە ناو فنجانەکەی مەحموودئاغاوە لەسەر تەپسی بەجوێ دایبنێ‌و ، فنجالی ئێمەیش لەسەر تەپسی بێ . کە قەهوەی تێ‌کرد ، قەهوەی فنجالی

(٤٨) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «لەو بەگ‌و ئاغایە..» دیارە ئەوە هەڵەیە چونکە لەگەڵ « کە خەبەریان دامێ » ڕێك‌ناکەوێ . بۆیە من بەوجۆرەم ڕاست‌کردەوە کە لەسەرەوە نووسراوە ـ م .

مەحموودئاغا کەمێ تێکا بۆ خاتری بە یەك قوم بیخواتەوە • کە ئەو قەهوەی دا ، تۆ ڕوو وەرە بڵێ لە دائیرەی حەرەم ئیشێکی زۆر عەجەلەت هەیە ، فەرموو !! ئەمانە زۆر چاك ئیجرا بکە ، لێت نەشێوێ ، چونکە مەسئەلە زۆر موهیمە •

ئەمانە ڕادەسپێرێ• وەسمان قاپی دەڵێ : پاشام ! مەحموودئاغا هات • موتەسەڕریف ئەچێ بەپیریەوەو ، بەبەشاشەتێکەوە دەست ئەخاتە سەرشانیو ، بەخێرهاتنێکی گەرمو بەلەزاکەتی دەکاو لەتەنشت خۆیەوە دایدەنێ •

موتەسەڕریف :

ئەی مەحموودئاغا ! سەعات چەند گەیشتیەجێو ، لەکوێوە دێیت ؟

مەحموودئاغا :

ئەمە نیوسەعاتە گەیوومەجێ • لەسەر کارێزی والیدەین • چونکو قەرەباڵغ بووین حەزمنەکرد میوانی کەس بین •

موتەسەڕریف :

چاکتکرد • بەڵام ئەم ئێوارەیە چونکو تازە هاتوون ، ڕەنگە هێشتا مەتبەخت تەواو پێنەگەیشتبێ • زاتەن ئەووەڵ ئێوارە بەیەکەوە نانەدەخۆین • عوسمانئاغا ! بڵێ ئەسپی ئاغا بەرلە تەویلە ئالیکی بدەنێ • مەیتەرباشیو قلیانداروو پێشخدمەتو چەند کەسێکی تریان بمێننەوە ، لە ئۆدەی ئەودیو نانیان بۆ دانێن[49] • ئێمە خۆمان ، ئاغاو مدیری تەحریراتو تابوورئاغاسیو ئەولای عەزیزئاغای ئەعزای ئیدارەو عەلیبەگ بەیەکەوە نانەدەخۆین •

---

(٤٩) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «دانیین» • دیارە ئەوە هەڵەیەو ، ڕاستەکەی ئەبێ (دانێن) بێ • کاکەی فەللاحیش لە چاپەکەی خۆیا هەر وەك منی ڕاستکردووەتەوە ــ م •

ئەی مەحموودئاغا تا کەس لێرە نییە تێم‌بگەیەنە مەسەلەی دەرکردنی ئەمانوللا کوڕی کەریم‌خانی حاکمی بانە چییە ؟

مەحموودئاغا :

پاشام ! ئێمە لەگەڵ بانەدا دراوسێین • هەموو ئالووێرو خرێدوفرۆختو تیجارەتی ئێرانمان بە واسیتەی بەندەری بانەوەیە • بانەیش لە زەمانی حوکوومەتی بەلی‌ئەردەلانییەوە تا پێش کەریم‌خان حاکمی(٥٠) کوردەواریی بووە هیچ فەرقێکی نەکردووە • کەریم‌خان داوای کارپەردازو پەساپۆرتو ویزەی لە تەبەعەی ئێمە دەکردو دەستی دوو کەسی تەبەعەی عوسمانیی بڕیبوو • یۆنس‌خان کە نائیبی حوکوومەت بوو لەنگەری بۆ ڕاگرتبوو • بەلام ئەمجارە کە دەستی ئەو پیاوانەی بڕی ، تەبەعەو شابەندەر گەلەکۆمەکیان لێ‌کرد ، ڕای‌کرد • زاتەن یۆنس‌خان بەوەکالەت لەوێ ئیفای وەزیفە دەکا • هێشتا حوکوومەتی ئێران حاکمی‌تری نەناردووە •

موتەسەڕیف :

ئەی تۆ بۆچی چووبوویتە بانە ؟

مەحموودئاغا :

من خۆم هیچ‌کوێ نەچووم • مامەکالم بۆ خوازێنی چووبوولە بانە • من ئەگەر هەرچی بکەم ئایا خزمایەتی‌و ئایا موعاوەنەت ، لەگەڵ ئەمانەدا ، هەمووی بۆ تەقوییەی وەزیفەو ڕەواجی کاری حوکوومەتە • شوکر ، بەسایەی خواوە ، لە نوفووزی ئەجنەبی

---

(٥٠) لە چاپەکەی پیرەمێردو کاکەی‌فەللاحیشا هەر نووسراوە : «حاکمی» ، بەلام ڕستەکە بەوجۆرە مەعنا نادا بەدەستەوە . من هەرچەند لەوە دڵنیا نیم کە ڕاستی‌یەکەی چۆنە ، لام‌وایە نەبێ (خاکی) بێ — م .

دەناسم ، نە (كاپیتۆلاسیۆن) • ئەمەیش سەربەرزیو حورمەتی ئێوەی تیایە •

موتەسەڕڕیف :

باشە ، من زۆر لە تۆ مەمنوونم • با بچینە سەر سفرە •

هەڵدەستن • لەپاشا دینەوە • وەلیئاغا قاوە دێنێ • مەحموودئاغاو هەموو لایێ دەیخۆنەوە • بەلام مەحموودئاغا لەگەڵ قاوە دەخواتەوە، ڕەنگی گرژ ئەبێو ئاگرێ دەچێتە دەروونیەوە • دەڵێ : ئەم ناوەیە چی بوو ؟ لەڕێی خوادا سووتاندمی • ڕووئەکاتە موتەسەڕڕیف دەڵێ : زۆر دەلەچەییت کرد •

لەووەختەدا جەوهەر ئاغا بەپەلەپەل دێتە ژوورێ ، دەڵێ : پاشام! لە دائیرەی حەرەم ئیشێکی موهیم هەیە • موتەسەڕڕیف بە ڕاکردن هەڵدەستێ • مەحموودئاغا خەریکئەبێ پەلاماری خەنجەری لێبدا ، دلی تێکەڵدێ[٥١] • پیاوەکان فریایدەکەون ، زوو ئەچن باباجالی حەکیم بانگ دەکەن • تا باباجان دێ کار لەکار ئەترازێ ، چاری تەداوی نامێنێ •

مەحموودئاغا :

ئاخ وەتەن ! ئاخ قەومی کورد ! منیشـیان پـێ ڕەوا نەدیـن • پەریچیهرە !! هەرچی ئێمە تەسەوورمانکرد خەیاڵبەتاڵ بـوو • تۆخوا زوو لێرەم هەڵگرن • ئەگەر تا دەمگەیێنە خێوەتی خۆم زوبانم بشکێ ، بە براکانم بڵێن : زینهار ! لەسەر خوێنی من بەگژ

---

(٥١) هەرچەند وشەی (تێکەڵدێ)م لێرەدا بەمجۆرە نووسیوە ، وەك لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیو چاپەکەی کاکەی فەللاحیشا هەر وا نووسراوە ، لاموایە ڕاستەکەی ئەوەیە بە (تێکهەڵدێ) بنووسرێ ، چونکە (هەڵ)ەکەی پێشگری فیعلی (دێ) کەبەو ئەو (هەڵ)ە نیبە لەگەڵ وشەی (تێك) پێکەوە وشەی (تێکەڵ) دروستئەکەن ــ م •

حوکوومەتدا نەچن . ئەم موتەسەڕریفە حەرەکاتێکی زۆر خراپی کرد ، بەڵام ناحەقی نەبوو . لەو پیاوماقووڵانی وەتەنپەروەرە[٥٢] کە حوکوومەتی ئەحمەدپاشایان ڕووخاندو پەرەی ئیستیقبالی کوردستانیان خنکاند ، دەربارەی من چشتێکی‌وایان هەڵبەستبوو کە موتەسەڕریف لە خۆی ترساو پێشدەستیی کرد . لەم یادگارانە[٥٣] وەیانزانی کە ئەحمەدپاشا ئەما خۆیان جڵەوی حوکوومەتیان بەدەستەوە دەبێ . کەچی ئەشاهیان[٥٤] تەحسیلداری‌یان دەست‌ناکەوێ . ئێستاش بە خەیاڵی ئەمەن ئیجارەی شاربازێڕ بکەن‌و دێهات بگرنە دەست خۆیان . ئەوە خەیاڵی مەحاڵە . ئاخ ! کەریم‌و ڕەشیدو ئەوڕەحمانی کوڕم منداڵن ، بەڵام هیوام بە ڕەسووڵی برامە . وەسیەت بێ : براکانم ، با گەورەتریش بن ، هەموو لە ڕاو تەدبیری ڕەسووڵ دەرنەچن . ئینشائەڵڵا جێم کوێرناکاتەوە . زینهار ! نەکەولە سەودای موخالەفەتی

---

(٥٢) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : « وطنپرور» . من ئەو (ە)یەم لا پێویست‌بوو کە لێم زیادکردووە ، یا ئەبێ (لەو)ەکەی سەرەتای ڕستەکە (لە) بێ ـ م .

(٥٣) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «یادکارانە»و ، لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا لەجیاتیی تیپی (گ) تیپی (ك) دانراوە . لام دوور نییە ڕاستەکەی «بەدکارانە» بێ . خۆ ئەگەر ڕاست بێ‌و وشەکە هەر (یادگارانە) بێ ، لام‌وایە ئەبێ وای مەعنا لێ‌بدەینەوە کە لەم جۆرە کەسانە بەم کردارە چەپەڵانەیان ئەوانەمان بیرئەخەنەوە کە لە مێژووی نەتەوەدا بەم‌جۆرە کاری خۆفرۆشی‌یانە ناسراون‌و وەك تابلۆیەکی دزێو لەسەر تەختەی بیرەوەریی جەماوەر نەخش بوون ـ م .

(٥٤) لە چاپەکەی پیرەمێرد خۆیا نووسراوە : «اشبهیانە» ، بەڵام ئاشکرایە هەڵەی چاپە ـ م .

حوکوومەت .. ئاخ ! چی بکەم ، بەختی کوردمواری ئەبوو . ئەوەی من ئەموویست و تەعقیبم ئەکرد خدمەتی وەتەن بوو . خدمەتی وەتەنیش بە پشت ئەستووریی حوکوومەت ئەبێ . هەرچی حوکوومەت ڕووی لێ وەرگێڕا ، شێر بێ ، ڕێوی یە .

« تەواو بوو »

ڕابەرێ بۆ ڕوونکردنەوەی
هەندێ وشەو ناوی ناو شانۆنامەکە

(ئـ)

ئاســار :

نیشانە .

ئالان :

ناوچەیەکە لە قەزای شاربازێڕ .

ئانارشی :

ئاژاوەو هەراوهۆریاو نەمانی ڕێکوپێکـی لە وڵاتا . بارو دۆخـی وڵاتێ قانوونی تیا حوکمڕان نەبێ .

ئۆتــە :

گزدە ، هۆدە ، زوور .

ئۆلکــە :

بەشێك لە ناوچەیەکی وڵاتێك .

ئەحمەد مەدحەت :

(١٨٤٤ - ١٩١٢) ، ڕۆژنامەچیو ڕۆمانئووسی تورك . سەرنووسی ڕۆژنامەی (جریدەء عسکریە)ی عوسمانی بووە ، لـە ماڵی خۆیدا چاپخانەیەکی دامەزراندووەو دەستی کردووە بە بڵاوکردنـەوە . لە بابەتی ڕۆمـانو چیـرۆکو شانۆنامـەو وتـاری جۆربەجـۆری

زانستي ، نزیکەی دووسەد بەرهەمی نووسیوە • لە سەردەمی (ئەنزیمات)دا کە بەرەو ڕۆژاوایی‌یانە بوون هەنگاوی ئەنا ، لە ئەدەبیات نووسینا بۆ خوێندەوارکردنی خەلكو بەرەوپێش بردنیان خزمەتی کردووە • ئەم ڕۆمانانەی : «فلاتوون بەگو ڕاقیم ئەفەندي» ، « هێشتا حەڤدە ساڵانە » ، «خاتو دوردانە» بە تیپی لاتینی‌یش بلاوکراونەتەوە •

نەزمڕ :

چیایەکە لە باکووری ڕۆژهەلاتی سلێمانی‌یەوە ، سەیرانگای هاوینانی خەلکی شارە • ڕۆژهەلاتی : ناوچەی چوارتاو ، ڕۆژاوای : سلێمانيو دەوروبەریەتی •

نەسحابەکوژ :

بە بانەیی‌یان ئەوترێ ، چونکە وەختی خۆی شەڕی زۆریان لەگەل ئەسحابان کردووەو زۆریان لێ لەناوبردوون •

ئەهلی سەلیب :

گاورە بەشدارەکانی جەنگی سەدەکانی ١١ - ١٣ی ز • لەنێوان گاورەکانی ئورووپاو موسولمانانی ڕۆژهەلاتی نزیکدا کە بەمەبەستی دەرهێنانی بەیتولمەقدیس لەدەست موسولمانان بەرپاکرا • لە یەکێ لە قۆناغەکانی ئەم جەنگەدا قارەمانی کورد سولتان سەلاحەددینی ئەیووبي بە خۆیو سوپای کوردەوە پێشەنگی لەشکری ئیسلام بوو و سەرکەوتنی مەزنی بەدەستهێناو بەشێکی زۆری ولاتی شامو فەلەستینی - بە قودسیشەوە - لەچنگ ڕزگارکردن •

نیعجاب :

پێویست بوونی شتێك •

ئیجارەدار :

ئەوەی زەویوزاری دەولەتي بە کرێیەکی سالآنە بەکرێ ئەگرێ •

ئیختیارەددینی :

بنەمالەیەك بوون لە پێش ئیسلامەوە حوکمڕانی بانە بوونو بە ئارەزووی خۆیان موسولمان بوون ، بۆیە ناونراون (ئیختیارەددینی) • لە شەرەفنامەی بیتلیسیدا باسیان لێ کراوە •

ئیرادە :

فەرمانی سولتاني •

ئیستیقبال :

موستەقبەل ، دواڕۆژ •

ئیستیناد :

پشتبەستن بە شتێ •

ئیفای وەزیفە :

وەزیفە بەجێهێنان •

ئیلجاري :

جاڕدان بەناو هۆز یا خزمو کەسوکارا بۆ داوای کۆمەك بۆ داکۆکي یا هێرش‌بردن •

ئیلقا :

خستنەدل •

(ب)

بابانـــەردەلآن :

ئەوکەسەیە میرنشینی بەني ئەردەلآنی دامەزراندووە • لە سەرەتادا لە سەردەمی چەنگیزخانيیەکانا لە ناوچەی مووسلو دیاربەکرو

ئەو دەوروبەرانە حوکمڕانیی کردووە ، پاشان بەرەو ناوچەی شارەزوور هەڵکشاوەو دەسەلاتی سەربەخۆی خۆی بەسەر ئەو ناوچەدا سەپاندووە . لە دوادوایی سەردەمی چەنگیزخانییاندا تەواوی ناوچەی کۆیەو هەریرو بابانیشی گرتووەتە دەستو ، لە سالی ٥٦٤ی ك. (١١٦٨ی ز.)دا قەلای زەلمی دروست کردووە . حوکمڕانێکی بیروباوەڕ پاكو دادپەروەر بووە .

باباجانی حەکیم :

میرزا بەدیعی باباجان کوڕی حسێن ، لە سەردەمی سلێمانپاشای باباندا هاتووەتە سلێمانیو ، لە ڕووداوی چاکبوونەوەی کوڕێکی پاشادا لەسەر دەستی ئەوا ، پایەیەکی بلندی دەسگیر بووەو بووە بە پزیشکی تایبەتیی میرەکانو لەقەبی (باباجان)ی بەسەرابڕاوە . تا پاش ڕووخانی میرنشینی بابانیش ژیاوە . وادیارە لە دەوروبەری ١٨٨٠دا کۆچی دوایی کردووە . دوکتۆر حسێنی کوڕیشی پزیشکێکی ناودارو شاعیریش بووە ، لە ئەستەموول خوێندنی تەواوکردووە . ئەم دوکتۆر حسێنە باوکی هونەرمەند (بەدیع باباجان)ە .

بابان :

میرنشینێکی کوردە سێ بنەمالەیان یەك لەدوای یەك لە هەندێ ناوچەی کوردستانا حوکمڕانییان کردووە . حوکمڕانیی بنەمالەی سێهەمیان لە دواسالەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا لەلایەن فەقێ ئەحمەدی دارشمانەوە دامەزرێنراوە لە ناوچەی پشدەرو ، لە سەردەمی سلێمانبەگی کوڕیا پێتەختی گوێزراوەتەوە بۆ (قەلاچوالان) لە شارباژێڕو ، تا دروستکردنی سلێمانی لە سالی ١١٩٩ی ك . (١٧٨٤ - ١٧٨٥ ی ز .)دا لەلایەن

ئیبراهیم‌پاشاوه هەر ئەو گوندە پێتەخت بووه • ئەم میرنشینە لە سالـــی ۱۲٦۷ی ك • (۱۸۵۰ ـ ۱۸۵۱ی ز•)داو لـه سەردەمـــی ئەحمەدپاشای دوا میریا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە لەناوبراوە •

بابـــەك :

کوری ساسان • ماگییات [مەوبەد]ی پەرستشگـای ئاناهیتـای زەردەشتی بووه لە ئیستەخر [لەنزیك شیرازی ئیستاوە] • کچـی میرێکی ناوچەکەی هێناوەو پاشـان لە رێگـای کوودیتایەکـەوە دەسەلاتی لە دەستی باوکی کچەکە دەرکردووەو خـۆی بووە بـە حوکمـران • ئەردەشێـری بابەکـان کە حوکمرانیـی بنەمـالەی ساسانیی داناوە ، کوری ئەم بابەکەیە •

باتمـان :

ئەندازەی شەش هۆقە یا شازدە کیلۆو نیو بە کێشانە •

بارەهـــا :

زۆر جـار •

بـــارێ :

بارێی گەورەو بارێی بچووك دوو گوندی سەر بە ناحیەی سیوەیلی قەزای شارباژێرن •

بـــاز :

دیـــان • لەگـەڵ ئەوەیش •

بانـــە :

شارێکە لە کوردستانی ئێران • مەڵبەندی بەشێکە لە شارستـانی سەقز ٦٦ کیلۆمەتر لە باشووری رۆژاوای سەقزەوەیە • ژمـارەی دانیشتووانی ۱۵ ـ ۱٦ هەزار کەسێك ئەبێ •

باوجوود :

هەرچەند ، لەگەڵ ئەوەیش کە ..

بەختیـــاری :

خێڵێکە لە ناوچـەی (چەهـار مەحـاڵ)و (بەختیـاری) لە ئێـران نیشتەجێیە ، ناوچەکەیان ناوچەیەکی دارستانەو زیاتـر خەریکـی حەیوانداری ، گەرمیانو کوێستـان ئەکەن ، شیـعە مەزەبـن‌و ٤٠ ـ ٦٠ هەزار بنەماڵەیەك ئەبن ، زمانیان یەکێکە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی‌و ، بەهۆی رەقەنی‌و سەختیی ناوچەکەیانەوە زمانی عەرەبی‌و تورکی کاری تێنەکردووە .

بەر تەحریك کردن :

هانی خەڵك لێدان .

بـــەزەوی :

بەزەیی .

بەشاشـــەت :

رووخۆشی .

بەنـــدەر :

ئاوەدانی‌یەکە لە قەراخی دەریا یا رووبارا کەشتیی تیـا لـەنگـەر ئەگرێ‌و باری تیا بارئەکەن‌و باری تیا دائەگرن‌و رێگای ئاوی بـە رێگای وشکانی‌یـەوە پێوەنـد ئەکـا . لـەم مەعنـاوە بۆ هـەر شوێنێکی‌وایش وەرگیراوە کە خەڵکی بۆ کڕین‌و فرۆشتن بچن‌و ناوچەیەك لەڕووی بازرگانی‌یەوە بیەستێتەوە بە ناوچەیەکی‌ترەوە ، وەك پیرەمێرد بە زمانی مەحمـوودی سەلیم‌ئاغاوە لـە وەڵامـی موتەسەڕیفی عوسمانیی سلێمانیدا لەم شانۆنامەدا بەکاری‌هێناوە .

بەنقەرەبینا :

قایشی دەمانچەی (قەرەبینا) کە جۆرە دەمانچەیەکی کۆن بووە لە دەمانچەی دەتیر درێژتر بووە باروتی تێکراوەو داگیراوە •

بەنـەزەری :

بە چاوی ، وەك •

بەنی ئەردەلان :

نـاوی ئەو میرنشینـە کوردەیـە بابائەردەلان دایمەزراند • بـە بنەماڵەی حوکمڕانی میرنشینەکەیش ئەوترێ • ئەم میرنشینە لـە قۆناغی گەشەکردنیا بەشێکی زۆری کوردستانی ئێرانو هەنـدێ ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقی ئێستای لەژێـر دەستا بووە • پێتەختی ئەم میرنشینە لە دوا سەدەکانیا شاری سنە بووە • ئەم میرنشینە لە ساڵی ٦١٧ی ك • (١٢٢٠-١٢٢١ی ز •)دا دامەزراوەو ، لە ١٢٨٤ی ك • (١٨٦٧ - ١٨٦٨ی ز•)دا لەلایـەن ناسرەددینشای قاجارەوە دوایی پێهێنراوە •

بیدعـەتی سەیئە :

دابونەریتی بێسوودو زەرەرمەنـد • وشەکـە لـە ئیستیلاحـی ئاینیدا بەمەعنای کارێ بەکارئەهێنرێ لە سەردەمـی پێغەمبـەرا نەبووبێو کردنی حەرام یا مەکرووە نەبێو بە سەنگو تـرازووی شەرع چاکەیەکی تیا نەبێ •

بیکـــار :

دەسبەتاڵ • ئەوەی کارێکی نەبێ خۆی پێوە خەریك بکا •

بیکـــارە :

هیچ لێنەهاتوو • ئەوەی کارێکی پێ ڕانەپەڕێنرێ •

بێگەبەگ :

کوڕی مەئموونبەگ ، یەکێکە لە میرەکانی بەبەی ئەردەڵان • گەورەی هەموو براکانی بووە • باوکی ئاوچەی زەڵمو گوڵعەنبەرو شەمێرانو هاوارو ئەوسوودی پێ سپاردبوو • چلودوو ساڵ حوکمڕانیی کردووە • (مذكرات مامونبگ بن بیگەبگ) کە مامۆستایان مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانیو شوکور مستەفا لە تورکییەوە کردوویانە بە عەرەبیو پەراوێزیان بۆ کردووەو لەچاپیانداوە مەئموونبەگی کوڕی ئەم بێگەبەگە دایناوە •

بێهوودە :

بێسوود •

(پ)

پاماڵ ، یا پامال :

ژێرپێکەوتوو و بەپێکوتراوە •

پەری :

جنۆکەی مێینە • گیانی چەپەڵ کە دەست لە کەسێ بوەشێنێ • بە خواستن لە معنای ئەسڵییەوە بە ئافرەتی جوانیش ئەوترێو ، لەم ڕێگایەوە بووە بە ناوی ئافرەت • بە خواستن لە معنای دووەمیشەوەو بە پێوەند لەگەڵ معنای ئەسڵی ، بە ئافرەتێ ئەوترێ کە دڵی کەسێکی بردبێو ئەوکەسە دڵی لێی چووبێ •

پەریچیهرە :

ئافرەتێ ڕووی لە جوانییا وەك ڕووی پەرییان وابێ • لێرەوە کراوە بە ناوی ئافرەت •

پریەس [پریتیس] :

شانۆنامە •

(ت)

تاژان :

گوندێکە لە کوردستانی ئێران لە باشووری شاری بانەوە هەڵکەوتووە •

تاژەبان :

گوندێکە سەر بە شارستانی بانە لە کوردستانی ئێران لە نزیکی گوندی تاژانەوە •

تەپسی :

دەفری پانو گوشاد بۆ چێشت تێکردن •

تەحسیلداری :

کاری کۆکردنەوەی خەرج وباج •

تەرجیحی عونسوری :

هەڵاویردنی مەردمی سەر بە نەتەوەیەك بەسەر مەردمی سەر بە نەتەوەیەکی ترا •

تەسەللا :

سەبووری • لاچوونی خەم لە دڵ • گەڕانەوەی خۆشی بۆ دڵ •

تیمار :

لە سەردەمی عوسمانیدا دەولەت دەیەکی زەویوزاری میری ناوچەیەکی ئەدا بە گەورەیەکی ناوچەکە بەرانبەر بەوە کە ئەویش هەرکاتێ داوای لێ بکرێ ژمارەیەکی دیاری شەڕکەر ئامادە بکاو

بڕیانخاتە تەك سوپاو بڕیانئێرێ بۆ جەنگ • بەو دەیەکە زەویوزارە ئـەوترا : تیمار •

(ج)

جوامێرئاغای ڕەنگینە :

یەکێکە لە دوازدەسوارەی مەریوان • پیرەمێرد لە (دوازدەسوارەی مەریوان)ەکەیا وای وەسپ ئەکا کە :

جوامێرئاغای ڕەنگینە

پلنگی چنگ بەخوێنە

جەسارەتی مەدەنیـیـە :

چاونەترسانو شەرم نەکردن بۆ قسەی زۆرەکانەو بەجێ لە شوێنـی پێویستو لە بەردەم پیاوی گەورەدا •

جیـــازی :

ئەو ئاومالو کەلوپەلـەی بووك لەگەڵ خـۆی ئەیبا بۆ ماڵی نوێـی خـۆیو زاوا •

جینسی لەتیف :

ئافـرەت •

جیهـــاد :

غەزا [شەڕی موسولمانان لەدژی کافران لەپێناوی ئاینا] •

جیهاندیـــدە :

دنیادیتوو ، بەتەجرەبە •

(چ)

چاپـار :

فروستاده ، نامەبەر • (چەپەر)یشی پێ ئەڵێن •

چالدیـران :

ناوی کۆمەڵە دێهاتێکە لە هەرێمی (سێ بەهـ چەشمە) لە شارستانی (ماکۆ) لە ئازربایجانی ئێـــران • شـــەڕی چالدیرانـــی نێـوان شائیسماعیلی سەفەوی‌و سوڵتان سەلیمی عوسـمانی لـە سـالی ۹۲۰ی ك • (۱٥۱٤ ـ ۱٥۱٥ی ز •)دا لـەوێ ڕوویداو لەشکری شائیسماعیلی تیا شکاو لەئەنجامی ئەوەدا شائیسماعیل دەستی لـە ئەرمینیاو کوردستان هەڵگرت بۆ عوسمانی •

(ح)

حەمایەل :

چەرمێکە ڕاست‌وچەپ لەمل ئەکرێ‌و کیفێکی چەرمی پێوەیە ، جا دوعا یا پارە یا شتی‌تری تێ ئەخرێ • لەم کتێبەدا بەمەعنای ئـــەوە بەکارهاتووە. کیفێکی‌وای پێوەبێ وەك کێلان شمشێری تێبخرێ •

حەیاتی وەحشەت :

دوور لە خەڵك‌و وەك دڕندە بەتەنها ژیان •

حەیتـە :

پیاوی بەردەستی ئاغا •

حەیسیەت :

شەرەف‌و حورمەت •

حیرەت :

سەرسامی •

حیسسی ئیجتیماعی :

هەستی کۆمەڵایەتی •

حیسسیات :

ئیحساس، هەستکردن •

(خ)

خـــارا :

جۆرە پارچەیەکی ئاوریشمە ، (غارا)یشی پێ ئەڵێن •

خریدوفرۆخت :

کڕین وفرۆشتن •

خـــوره :

نەخۆشییەکی کوشندەیە ئەدا لە پێـــتو داینەڕزێنێ •

خەرج :

ئەو باجەی دەوڵەت بەرانبەر بە هەرچی لەســـەر هاوڵێشتمانـــی دائەنێ •

خەڕۆیی :

بایی بوون •

خەنەبەندان :

کۆبوونەوەی ژنانی شەوی پێش بووکبردن کە خەنە ئەگرنە دەستی بووکو کیژان •

(د)

دانـــا :

زاناو فامیده •

دۆیت :

دەوات ، شووشەی مەرەکەبی پێنووسین •

دەبدەبـە :

دەنگی کەوتن‌و لەزەوی‌دانی توندی سمی ئەســپ‌و شتــی‌وا • دەنگی تەپڵ‌و دەهۆڵ • گەورەیی‌و شان‌وشکۆ • لەم کتێبەدا بـۆ ئەم واتای دوایی‌یە بەکارهێنراوە •

دەربار :

بارەگای پادشایان‌و میران • کۆشکی رەسمیی شا •

دەلەچەیی :

پەستی‌و مێچکەمێچکەکردن بۆ ئەم‌وئەو •

دیاربەکر :

شارێکە لە کوردستانی تورکیا ئەکەوێتە قەراخـــی رووبـــاری دیجلەوە ، زوو ناوی (ئامێد) بووە • پتر لە سەدهەزار کەسی تیـا ئـەژی •

(ر)

رابیتە :

پێـوەنـدی •

رابورسیم :

دابونەریتی لەناو خەلکا باو •

رۆینی :

جۆرە هەڵپەڕکێیەکی ئارامە ، کە هەڵپەڕکێکەر لە هەڵپەڕکێی فەتاح‌پاشایی‌و سێ‌پێیی ماندوو ئەبن ، بۆ حەسانەوە ، بەوجۆرە هەڵئەپەڕن . وایش ئەبێ لەپێشانا هەڵپەڕکێ بەمجۆرە دەست‌پێ‌ئەکرێ ، جا کە خەڵکەکە گەرم‌داهاتن ئەیکەن بە فەتاح‌پاشایی یا سێ‌پێیی .. (رۆینە) یشی پێ ئەوترێ .

رەعییەت‌نەوازی :

میهرەبانی‌کردن‌و لوتف‌نواندن بەرانبەر بە خەڵکی ژێردەستە لەلایەن پادشای وڵات یا ئاغای خاوەن‌موڵکی دێوە .

رەفیقە :

هاورێ . هاوسەر . ژنی مێرد .

رەنگینە :

گوندێکە تابیعی مەرکەزی قەزای شارباژێڕە .

رەوان :

ناوی کۆنی شاری یەرێڤانی پێتەختی کۆماری ئەرمینیایە .

(ژ)

زەعامەت :

تیماری گەورە [بڕوانەرە : تیمار] .

زەمانی سەعادەت :

بە سەردەمی ژیانی پێغەمبەر ئەوترێ بەوپێیە کە سنوورێکی لەنێوان بت‌پەرستی‌و خوابەیەکزانینا دانا ، ئەگینا تێکرای سەردەمی ئیسلامەتی ئەگرێتەوە . بەرانبەر بە ئیستیلاحی

زەمانی نەزانی (جاهلیة)ە کە بۆ سەردەمی بتپەرستیی عەرەبی حیجازو پێش هاتنی ئاینی ئیسلام بەکارئەهێنرێ •

زیندەگانی :

ژیان • ئەو شتانەی ژیانیان پێ بەرێوەئەچێ •

زیندەوەر :

گیانلەبەر •

زینهار :

خۆت لەم شتە بپارێزە • خۆتی لێ دووربگرە •

(س)

سادیق :

ڕاست •

ساسان :

پیاوماقوولێکی خەڵکی پارس بووە ، لە نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی زاییندا ژیاوە • سەرەکی پەرستشگای ئەناهیتای زەردەشتی بووە لە ئیستەخر • بنەماڵەی ساسانی ئەچنەوە سەر بابەکی کوڕی ئەم ساسانە •

سالم :

عەبدوررەحمان بەگی بەناوبانگ بە سالمی ساحێبقران یا سالمی سلێمانی (چونکە سالمی سنەیش هەیە) • شاعیرێ گەورەی کورد لە نیوەی دووەمی سەردەمی بابانییەکاندا • دیوانە شیعرێکی لەچاپدراوی هەیە •

سرۆچك :

ناوچەی بەرزنجەی ئێستا لە شارستانی سلێمانیی • لە مێژووی کوردستانی سەردەمی بەنی ئەردەلان و باباندا گەلێ جار ناوی قەلای سرۆچك ، وەك مەلبەندێکی حوکمڕانیی و جەنگاوەریی ، دووبارە ئەبێتەوە •

سلێمان بەگ :

کوڕی میرزابەگ ، یەکێکە لە میرە ئیختیارەددینییەکانی بانە • بەیارمەتیی شاتەهماسپیی سەفەوی لەجێی بوداق بەگی برای کە لەلایەن دوو برای باوکیییەوە لە حوکمڕانیی دوورخرابووەوەو لە قەزوین کۆچی دوایی کردبوو ، بووە بە حوکمڕانی بانەو بیست ساڵ حوکمی کردووەو وڵاتی ئاوەدان کردووەتەوەو پێشی خستووەو زانست و دادپەروەریی بڵاوکردووەتەوە • پاشان دەستی لە حوکمڕانیی هەڵگرتووە بۆ بەدربەگی برازای و چووە بۆ مەدینەو لەوێ ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە • ئەم میرە هاوچەرخی شەرەفخانی بیتلیسیی خاوەنی (شەرەفنامە) بووە •

سلێمانی :

یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکانی کوردستان • ئێستا مەلبەندی شارستانێکە بە ناوی شارستانی سلێمانیی ، کە یەکێکە لە هەژدە شارستانەکەی عێراقی ئەمڕۆ • ئیبراهیم پاشای بابان لە ساڵی ۱۱۹۹ی ك • (۱۷۸٤ - ۱۷۸٥ی ز •)دا دروستی کردووەو کردوویە بە پێتەختی میرنشینی بابان • لە چەرخی نوێشا پێتەختی حوکمڕانیی شێخ مەحموود بووە • مەلبەندێکی گەورەی ڕۆشنبیریی و نیشتماپەروەریی ئەم سەردەمەی کوردە •

سنه (سنندج) :

یەکێکە لە شــارە گەورەکانـــی کوردستـــان • ناوچەکـــەی دەوروپشـتیشی هەر بەم ناوە ناوئـەبرێ • کەوتووەتـە ڕۆژاوای کوردستانی ئێرانەوە • ناوچەی سنـە ناوچەیەکـی پڕدەغلـودانو بەپیتو بەرەکەتە • سنە سەردەمێکی زۆر پێتەختی میرنشینی بەنی ئەردەڵانو هەروا مەڵبەندێکی گەورەی کولتووری ئیـسلامی بـووە • ناوچەی سـنە ئێستا لـە هەشت بەشو سێ کۆمـەڵـە ئاوایی پێکهاتووە کە ١٢٤١ گوند ئەگرێتەوەو نزیکـەی چارەکـە ملیۆنێ خەڵکیان تیا ئەژی • شاری سنە خۆی نزیکەی سەدهەزار کەسی تیا ئەژي • قاڵیی ئاوریشمو بەنی زۆر نایاب لە ناوچەی سنە دروستئەکرێو هەروا بە سنعاتکاریی دارو تەختە بەناووبانگە •

سوپاه :

لەشکـــر •

سولتان سولەیمان :

یەکێکە لە سولتانە ناودارەکانی عوسماني • بە سولەیمانی قانوونی بەناووبانگە • لـە ٩٢٦ی ك • (١٥٢٠ی ز •)دا لەســـەر تـەختی سـەلتەنەت دانیشتووەو ، لە ٩٧٤ی ك• (١٥٦٦ ی ز •)دا کـۆچی دوایی کردووە • زۆر شارو ناوچەو وڵاتی لە ئوورووپـا داگیـر کردووەو بەسەر زۆر لە پادشاکانیـــا زاڵبــووە لە جەنگـــا • دەسەڵاتێکی زۆری لە دەریای سپیی ناوەڕاستیشا بووە •

سولتان مراد :

پێنج لە سولتانەکانی عوسـاني ناویان سولتان مـرادە • وادیـارە مەبەست لەوەیان کە ناوی لەم کتێبەدا هاتووە یا سولتان مـرادی سێهەمە کە لە ساڵی ٩٨٢ی ك • (١٥٧٤ی ز•)دا چووەتە ســەر

تەختو ، لە ٩٨٤ی ك•(١٥٧٦ی ز•)دا بەسەر لەشکری ئێرانا زاڵبووەو گورجستانی لەدەست دەرهێناوەو ، لە ١٠٠٣ ی ك• (١٥٩٥ی ز•)دا کۆچی دوایی کردووەو ، هاوچەرخی سێ پادشای سەفەوی : شائیسماعیلی دووەمو ، سولتان موحەممەدی خودابەندەو ، شاعەبباسی گەورە بووە ، یا سولتان مرادی چوارەمە کە لە ساڵی ١٠٣٢ی ك • (١٦٢٣ی ز•)دا چووەتە سەر تەختو ، لە ١٠٤٧ی ك • (١٦٣٨ی ز •)دا بەغدای لە دەستی ئێرانیەکان دەرکردووەو ، لە ١٠٤٩ی ك • (١٦٤٠ی ز •)دا کۆچی دوایی کردووە •

سولتان مەحموود :

سولتان مەحموودی دووەمی عوسمانی کە لە ساڵی ١٢٢٣ی ك • (١٨٠٨ی ز •)دا چووەتە سەر تەختو ، لە ١٢٤٢ی ك • (١٨٢٦ی ز •)دا لەشکری (ینیچێری)ی قڕتێخستو سوپای عوسمانیی بە شێوەیەکی نوێ ڕێکخستەوەو ، لە ١٢٥٥ی ك • (١٨٣٩ی ز •)دا کۆچی دوایی کردووە •

سوورکێو :

شاخێکی بەرزە لەسەر سنووری عێراقو ئێران لە ناوچەی بانە •

سەحنە :

مەیدان • تەختان • لەمکتێبەدا مەبەست دەوروبەری ئەو ژوورەیە میوانەکەی تیا بووە •

سەراسیمە :

پەرێشان • سەرلێ شێواو • گێژ • سەرسام • سەر لێتێکچوو • سەرگەردان •

سەراوەرد :

سەرەتاو بنەوانی هەرشتێ ، ڕابوردووی پێشین .

سەرئەفراز :

سەربــەرز ، ڕزگــار .

سەرکار :

ئەوەی کاروباری کەسێکی بەدەستەوەیە ، وشەیەکە بۆ ڕێزلێنان ئەخرێتە پێش نیشانەی ناوی کەسێکەوە ، وەك (سەرکاری ئاغا ، سەرکاری خانم ، سەرکاری ئێوە) .

سەقز :

ناوچەیەك‌و شارێکیشە بە هەمان ناو لــە کوردستــانی ئێـــران . ناوچەکە نزیکەی ١١٥ هەزارکەس‌و ، شارەکەیش پتر لە ٣٠هەزار کەسی تیا ئەژی .

سەلەف :

کەسێ یا وەچەیێ سەردەمی لەپێشتر بێ .

سەلەم :

کڕین‌و فرۆشتنی دەغڵودان‌و میوەو شتی‌وا بەسەوزیێ بە نرخێکی هەرزانتر لە نرخی پاش پێگەیشتنی . بەکوردێ : سەوزکڕ .

سەنایعی نەفیسە :

هونەری جوانی وەك مۆسیقاو وێنەو شتی‌وا .

سەودا :

کەڵکەڵەو خەیاڵ‌و ئارەزوو .

سیاگوێز :

دێیەکی سەر بە قەزای پێنجوێنە .

سیوەیل :

هەرێمێکی سەر بە قەزای شارباژێڕە •

(ش)

شابالشا :

ناوی شای پەرییانە ، بووە بە کینایە لە جوانی •

شابەندەر :

قونسلۆس ، نوێنەری دەوڵەتێ لای دەوڵەتێکی تر بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری وڵاتەکەی‌و چاودێری هاونیشتمانانی لە وڵاتی ئەو دەوڵەتەدا • لە ڕیزی نوێنەرانی وڵاتانا لە وڵاتانی تر ، پلەی شابەندەر لە خوار پلەی بالیۆزو وەزیری پێسپاردەوەیە • وشەی (شابەندەر) لە بنەڕەتا وشەیەکی فارسییە لەوەوە هاتووەکە لەسەرەتادا ئەم جۆرە نوێنەرانە لەو شارانەی کەلە دەریا دانیشتوون کە ڕێگای بازرگانیی ئاوییان لەسەرە • لەبەر دەسەڵاتی زۆریشیان ، چونکە زۆرتریان نوێنەرانی دەوڵەتانی دەسەڵاتداری ئورووپایی بوون لە وڵاتانی لەچاو ئەوانا بێدەسەڵاتی وەک ئێران‌و عوسمانی ، وەک شای شاری بەندەر سەیریان کراوەو ، ئەم ناوەشیان هەر لەمەوە بۆ داتاشراوە •

شارباژێر :

قەزایەکی سەر بە شارستانی سلێمانییە ، ئەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتیەوە ، مەڵبەندەکەی (چوارتا)یە •

شارەزوور :

دەشتێکی پان‌وبەرینی بەفەڕو پیت‌و حاسڵخێزە ، لە شارستانی سلێمانی لە کوردستانی عێراق‌و ، بەشی زۆری لە نێوان چوارچێوەی

(ناحیەی شارەزوور) دایە لە قەزای هەڵەبجە ، مەڵبەندی ناحیەی ناوبراو شاری (سەیدسادق)ە .

شێخ سەلامی قازی :

یا مەلا عەبدوسسەلامی قازي ، ئەوەی لەبارەیەوە ئەیزانین ئەوەندەیە کە لە سەردەمی مفتیەتیی مەلائەحمەدی چاومارا قازیی سلێماني بووە . لە هەندێ بەڵگەی دەستنووسی لای کاك عەبدوررەقیب یوسفیشدا ئەم زانیاري‌یانە لەبارەیەوە هەن :

(١) مۆرێکی بە بەڵگەنامەیەکەوە لەژێریا نووسراوە : « النائب بلواء السليمانية السيد عبدالسلام»ۆ ، مێژووی ١٢٨٠ی ك . (١٨٦٣ ـ ١٨٦٤ی ز.)ی لەسەر دانراوە . وادیارە مەبەست لەم وشەی (النائب)ە جێنشینی شێخولئیسلامی ئەستەمووڵ بێ لە لیوای سلێماني .

(٢) ئیمزای لەسەر بەڵگەنامەیەك بە مێژووی ١٢٨٥ی ك (١٨٦٨ ـ ١٨٦٩ی ز.)و لەگەڵیا نووسراوە : «الموليخلافة بلواء السليمانية السيد عبدالسلام» کە ئەبێ مەبەست « المولى الخلافة » بێ بە واتای جێنشیني بۆسپێرراوی شێخولئیسلامی ئەستەمووڵ لە لیوای سلێماني .

(٣) مۆرێ لەسەر شەجەرەی بنەماڵەی مەلا مارفی قازیی کوڕی مەلا ڕەسووڵ [باوکی ڕەمزي مەعرووفی شاعیر] بۆ شایەتي دان بە ڕاستیی ئەو شەجەرەیەو ، لەسەری نووسراوە : «الحقير السيد عبدالسلام القاضي بسليمانية» واتە : ناچیز سەید عەبدوسسەلامی قازي لە سلێماني ، بەڵام مێژووی لەسەر نیە .

مزگەوتی شێخ سەلامیش لە گەڕەکی کانی‌ئاسکانی سلێماني بە ناوی ئەم زاتەوەیە کە دەرزی تیا وتووەتەوە .

شیروان :

ناوچەیەکە لە ئازربایجانی ڕۆژهەڵات لە ئێران ، مەلبەندەکەی شارێکی بچووکە ئەویش هەر شیروانی ناوە ٠

شیفتە :

کەسێ گرفتاری خۆشەویستیی کەسێ بووبێ ٠ عاشق ٠

شیوەگەڵ :

گوندێکە سەر بە ناحیەی سیوەیلی قەزای شاربازێڕ ٠

(ع)

عائیلەوی :

شتی یا کاروباری ناو خێزان ٠

عەزیزبەگی بابان :

یەکێکە لە میرزادەکانی بابان ٠ پاش ڕووخاندنی میرنشینی بابان لەلایەن عوسمانییەکانەوە قایل نەبوو ملیان بۆ بخەوێنێ ، لە قەڵای سرۆچك پەنای گرتو دەستیدایە بەربەرەکانێی داگیرکەران، بەڵام سەرەنجام نەیتوانی خۆی ڕابگرێو درێژە بە بەربەرەکانێکەی بدا ، تاقەسوارە بۆی دەرچوو و ڕووی کردە ناوچەی زەهاوو لەوێ نیشتەجێ بوو و هەر لەوێیش کۆچی دوایی کرد ٠ وابزانم هەر ئەم عەزیزبەگەیشە شاعیری مەزنی کورد سالم چەکامەیەکی بەرزو باڵای لە پیاهەڵدانی بەربەرەکانێ کردنیا لەڕووی داگیرکەرانا هۆنیوەتەوە ٠ ئەم پیاوە شایانی ئەوەیە مێژوونووس و فۆلکلۆریستانی کورد لە سەرگوزەشتی بکۆڵنەوەو ، ئەدیبانیش بە ڕۆمانو شانۆنامە لەسەرنووسین یادی زیندوو بکەنەوە ٠

عیشوەباز :

ئافرەتێ بە جۆرێکی نازەنینانەی‌وا بجوولێتـەوە دڵـی دڵـداران کەمەندکێشی خۆی بکا •

(ف)

فەراغەت :

دەس‌بـەتـاڵي •

فیتنەجۆیی :

لە ئاژاوەو هەراناناەوە ـ گەڕان •

(ق)

قۆشەنی دیواني :

لەشـکری تایبەتیی دەوڵەت • بەرانبەر بە لەشکـری غەیرەنیزامـي بەکارهێنراوە •

قەباڵە :

بەڵگەنامەی مۆرکراوو شایەت لەسەرگیراوی ئیسپاتکردنی هەر شتێ • بزیاتر بۆ بەڵگەنامەی مۆرکراوو شایەت لەســەر گیـراوی ئیسپاتکردنی کڕین‌و فرۆشتنی موڵك بەکارئەهێنرێ •

قەتعە :

پارچەیێ لە وڵات • ناوچە •

قەرنی ئەخیر :

سەدەی دواني • لـەم کتێبـەدا بـە واتـای ســەدەی نۆزدەهـەم بەکارهێنراوە •

قەلەمڕەو :

شوێنێ دەسەڵاتی حوکمڕانێکی بگاتێ یا قسەی ئەوی تیا بڕوا •

لەنەوز :

قوماشێکی لووس و تەنك و بریقەداری ئاوریشمە •

(ك)

کاپیتولاسیۆن :

خەلکی ولاتێ لە ولاتێکی تر بژین و مافی ئەوەیان بێ لە دادگای ئەو ولاتەدا نا ، لە دادگای تایبەتیی سەر بە ولاتی خۆیانا داوەری بکرێن •

کاربەرداز :

کارڕاپەڕێن ، ئەوەی بەجێهێنانی کارێکی لەئەستۆدا بێ • جاران کە هەندێ دەوڵەتی ئورووپایی مافی کاپیتولاسیۆنیان لە ولاتە بێدەسەڵاتەکانی ڕۆژلاتا بووە ، دەوڵەتی ئەم ولاتانە یەکێ یەکێ یا چەند کاربەدەستێکیان لە شارە بایەخدارەکانی خۆیانا داناوە پێوەندیان بە قونسڵۆسی ئەو دەوڵەتە بێگانانەوە بووە لەو شارانەدا ، بۆ داکۆکی لە مافی هەر هاوولاتێکی خۆیان کە لەگەڵ هاوولاتێکی دەوڵەتە بێگانەکە دەعوایەکی لە بەردەم دادگای سەر بە دەوڵەتە بێگانەکە لەو ولاتەدا ـ بووبێ ، واتە جۆرە داديار (محامي)یەك بووە دەوڵەتی ئەو ولاتە بۆ داکۆکیکردنی لە مافی هاوولاتەکەی خۆی لە بەردەم دادگای دەوڵەتە بێگانە مافی کاپیتولاسیۆندارەکەدا ـ داناوە •

ئیستیلاحی (کاربەرداز) کە پیرەمێرد لە فارسییەوەی هێناوە ، لەو زمانەدا بۆ ئەو جۆرە کاربەدەستانە بەکارهێنراوە ، بەلام لای

پیرەمێرد خۆی ئەم مەعنایە نا ، مەعنایەکی نزیک لەم مەعنایەوە ئەگەیەنێ کە ئەوەتە دەوڵەتی عوسمانی کەسێکی لە شوێنێکی وەک (بانە)ی هاوسنووری ناوچەی شیوەکەڵی قەڵەمڕەوی مەحموودئاغای قایمقامی شارباژێڕ بێ ، لەجیاتیی هاونیشتمانانی لە ناوچەکەدا کاروباریان لای دەوڵەتی بائەو لە بانە بەسەربکاتەوە ، کە دیارە ئەمەیش ئەکێشێتەوە بۆ قەدەغەکردنی توانی هاتوچۆی خەڵکی شارباژێڕ خۆیان بۆ بانە بۆ کاروباری کڕین و فرۆشتن و مامەڵەیتری سەربەخۆی ناوبازاڕیان لەوێ کە تا ئەو سەردەمە بەئازادی هاتوچۆیان کردووەو سنوور نەبوە بە کۆسپ لە ڕێیانا ٠

کارێزی دایکی پاشا ، کارێزی والیدە :

لە سلێمانییەوە کە ئەچووی بۆ سەیوان ، لە سەرکارێز تێپەڕ نەئەبووی ، لەو شوێنەدا کە تا ئەم ساڵانەی دوایش ماڵی عەزمیبەگی بابان و باخەکەی بوو ، بە دەستی چەپا بە چەند هەنگاوێ ، ئاوێ لە عەرزەکەوە هەڵئەقوڵاو ئەڕژایە ناو شیوەکەی ئەوناوەوە ٠ خەڵکیش لێیان ئەخواردەوەو لێشی ڕاکێشرابوو بۆ ماڵی عەزمیبەگ و باخەکەی ٠ ئەو شوێنە کارێزی دایکی پاشایان پێئەوت کە دیارە ئەبێ دایکی یەکێ لە پاشاکانی بابان لێیدابێ و ،

مەحموودئاغای شیوەکەڵ لە گفتوگۆکەیا لەگەڵ موتەسەڕیف بە (کارێزی والیدە)ی ناوبردووە ٠

گوردی :

شاعیری تەڕزمان و دەمپاراوی بەناووبانگی کوردی نیوەی دووەمی سەردەمی حوکمڕانیی بابانەکان مستەفابەگی مەحموودبەگی ئەحمەدبەگی ساحیبقران و ئامۆزای ئەوڕەحمانبەگی سالم ٠ دیوانێکی ناتەواوی یەکەمجار لە ١٩٣١دا لە بەغدا لەچاپدراوە ٠

کەبانوو :

کەیبانوو .

کەریم‌خانی بانە :

دوا حوکمڕانی بنەماڵەی ئیختیارەددینی‌یەکانە لە بانە . یۆنس‌خانی خزمەتکاری کوشتی‌و خۆی لەجێی دانیشت . بەڵام زۆری لەبرد ئەمیش بەدەستی فەتاح‌بەگی برازای کوژراو حەمەخانی کوڕی یۆنس‌خان لەجێی بوو بە حوکمڕان .

کەلی‌خان :

کێوێکە لەنێوان شاری بانەو سەقز لە کوردستانی ئێران .

کەماڵ :

وێڵو کەماڵو تێگەیشتوویو پێگەیشتووی .

کەمەربەستە :

کەسێ هەمیشە ئامادە بێ بۆ خزمەتکردنی کەسێ .

کەندەبووورە :

گوندێکی سەر بە شاری بانەیە لە کوردستانی ئێران .

کێوی قاف :

کێوێکی ئەفسانەیی‌یە ئەڵێن دەوری زەویی داوەو ، هەمووی پیرۆزەی سەوزەو ، سەوزیی ئاسمان لە ڕەنگی ئەوەو ، بنەمای هەموو کێوەکانی جیهانەو بالآپیاوێ لە ئاسمانی جیائەکاتەوە . هەندێکیش ئەڵێن لەودیویەوە خەڵکێکی زۆرو جیهانێکی‌تری‌وا هەیە خوا خۆی نەبێ کەس نازانێ چین .. هەڵدێ لەوانەی مەعنای قورئانیان لێداوەتەوە ئەڵێن مەبەست لە تیپی (ق) لە ئایەتی (ق . والقرآن المجید)دا ئەم کێوەیەو ، هەندێکی‌کەیش ئەڵێن

یەئجوج و مەئجووج لەپشت ئەم کێوەوەن و ، ئەسکەندەری زولقەرنەین شوورەیەکی بەسەر ئەم کێوەوە دروست‌کردووە ڕێی لە یەئجوج و مەئجووج گرتووە بێنە ئەم دیوەوە . هەندێ لێکۆڵەرەوی تازە بابەتیش ئەڵێن مەبەست لە کێوی قاف چیای قەوقازە . قسەی تری لەم بابەتانەیش زۆر کراوە .

(گ)

گزیر :

بەرپرسی کاروباری گوند .

گۆران :

ئێستا ناوی هۆزێکی کوردە لە هەرێمێ هەر بە ناوی (گۆران) لە ناوچەی کرماشان دائەنیشن لە کوردستانی ئێران . ئایینیان (عەلیەڵلایی)یەو ، شەش‌هەزار خێزانێ ئەبن و ، خێلی (قەڵخانی)و (تەنگچی)و (گەهوارە) بەشێکیانن . ئەمانە بە دیالێکتی (گۆرانی) ئەدوێن کە ئەدەبیاتێکی کلاسیکی فرە دەوڵەمەندی هەیەو بەدرێژایی چەند سەدە جوانترین شیعری کوردیی پێ وتراوەو ، بە ڕیشەی دیالێکتی هەورامی و زمانگەی ئێستا دائەنرێ . بەڵام ناوچەی گۆران‌نشینی کۆن بەشێکی زۆری کوردستانی ئەو سەردەمەی وەک شارەزوورو هەورامان و مەریوان و جوانڕۆ و گۆرانی ئێستای گرتووەتەوە . لە لایەکی‌تریشەوە وشەی (گۆران) ، بەرانبەر بە (کورد) کە لەناو جافەتی‌یا واتە : ڕەشماڵ‌نشین و گەرمیان و کوێستان‌کەر ، بە مەعنای نیشتەجێ و بەکشتوکاڵەوە خەریک بەکارئەهێنرێ .

گیوی گۆدەرز :

یەڵێکە لە پاڵەوانەکانی داستانە ئێرانییە کۆنەکان • زاوای ڕۆستەمی زاڵو باوکی بێژەنە • گیو بۆ گەڕان بەدوای کەیخوسرەوا چوو بۆ توورانو پاش حەوت ساڵ دۆزی‌یەوەو لەگەڵ فەرەنگیسا هێنایەوە بۆ ئێران •

(ل)

لور :

خەڵکێکی زیاتر دەوارنشینن لە کوێستانەکانی باشووری ڕۆژاوای ئێران ئەژین • مەسعوودیی مێژوونووس [سەدەی دەهەم] ناوی لە لیستەی هۆزە کوردەکانا هێناون • هەروا یاقووتی حەمەویی گەڕاڵ [سەدەی سیازدەهەم] وایان ناوئەبا کە «خێڵێکی کوردن لە کوێستانەکانی نێوان خوزستانو ئەسفەهان ئەژینو ، وڵاتەکەیان ناوی (لوڕستان)ە» • مەڵبەندی شارستانی لوڕستانی ئێستا شاری (خوڕڕەمئاباد)ە •

لەك :

خێڵێکی کوردو بەشێکن لە لوڕ لە ناوچەکانی کرماشانو هەمەدانو ئەسفەهانو کوردستانو چەند ناوچەیەکی‌تری ڕۆژاوای ئێران ئەژین •

لەنگەر بۆ ڕاگرتن :

کینایەیە لە پشت‌گرتنو پارێزگاري‌لێ‌کردن •

(م)

مازوان‌بەند :

کێوێکە لەپشت کێوی (ئاربەبا)ی بانەوە •

مۆتەکە :

قورسایی‌یەکە لەخەوا ئەکەوێتە سەر سنگی مرۆی نووستوو ، ناتوانێ جووڵەو هاوار بکا تا تەواو بێدار ئەبێتەوە .

موناقەشەکردن :

ئەمێشتن .

موساحەبە :

هاورێ‌یەتی . لەگەڵژیان .

موعاشەرەت :

هاورێ‌یەتی‌و پێکەوە ژیان . لەم کتێبەدا بە مانای ژیانی پێکەوەی ژن‌و مێردە .

موغایر :

هەرکام لە دوو ڕووی هەر شتێ بە بەراورد لەگەڵ ئەویان بەمەرجێ نەکرێ هەردوکیان پێکەوە کۆبینەوە لەو شتەدا .

مولاقات :

بەیەك‌گەیشتن .

مەحسوولی حەیات :

بەرهەمی ژیان . مەبەست منالە .

مەخمەل :

جۆرە قەیفەیەکە .

مەرنەمووکە :

لە بنەڕەتا بە فریشتەی پرسیارلێ‌کردنی مردوو لە گۆڕا ـ ئەوترێ ، بووە بە کینایە لە پیرەژنی زۆر ناشیرین . لە ڕستەی (من ربك ؟) ەوە هاتووە کە یەکێکە لە پرسیارەکانی ناو گۆڕ .

مه‌سله‌ك :

ڕه‌وشـــــت •

مه‌لائه‌حمه‌دی چاومار :

[illegible] مه‌حموودی دیلیژه‌یی پیرحه‌سه‌نی‌یه • له‌به‌ر جـوایی‌و ڕۆشنیی چاوی ، له‌ناو خه‌لکـا ، بـه (چاومـار) ناووبانگـی ده‌رکردووه • له ده‌وروبه‌ری ١٢٠٠ی ك • (١٧٨٥ – ١٧٨٦ی ز•)دا له‌دایك‌بـووه • لای باوکـی و لای مـه‌لاعه‌بـدوللای ڕه‌ش خوێندوویه‌و ، لای شێخ‌مه‌عرووفی نۆدێ ئیجـازه‌ی مه‌لایه‌تیی وه‌رگرتووه‌و ، له مزگه‌وتی بنه‌ماڵه‌ی خۆیان [مزگه‌وتـی مفتـی] ده‌ستی‌کـردووه به ده‌رزبێ‌وتنـی فه‌قێیـان • ئه‌منه‌خانـی کچـی سلێمان‌پاشای بابان‌و خوشکـی ئه‌حمه‌دپاشـای هێنـاوه‌و ، مـه‌لا موحه‌ممه‌دئه‌مینی کوڕی که پاش خۆی بووه به مفتیی سلیمانی له‌م ئه‌منه‌خانه‌یه • له به‌ڵگه‌یه‌کی ده‌سنووسا که لای کاك جه‌مال مفتي پارێزراوه‌و ئه‌گه‌ڕێته‌وه بـۆ ١٢٣٠ی ك • (١٨١٤ – ١٨١٥ی ز •) ناوی به گه‌وره‌ی ده‌رزبێـژان (کبیـر المدرسیـن) هاتووه • لـه ١٢٧٩ی ك• (١٨٦٢ – ١٨٦٣ی ز•)دا کراوه به مفتیی سلێمانی‌و ، له ١٢٨٨ی ك • (١٨٧١ – ١٨٧٢ی ز•)دا چووه بۆ حه‌ج‌و لـه‌وێ له گه‌رده‌لوولێکی توندی باو تۆزی ڕێگای بیاباندا که‌وتووه‌تـه ناو له‌م‌و خنکاوه‌و بەوه کۆچی دوایی کردووه‌و ، هـه‌ر له خاکـی حیجاز به‌خاك سپێرراوه •

معوقیع :

شوێن • پایه‌و پله •

میچلان :

فێڵ‌لێ‌کردن‌و هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندن • شوێنی میچی یاری • میچ ئێستاش‌که له قاچی ئاژه‌ڵ منالان یاری‌یه‌کی تایبه‌تیی پێ‌ئه‌که‌ن •

میراودەلی :

بنەماڵەیەکن ئەچنەوە سەر عەشایری موکری • سەرەکی عەشایری پژدەرن لە ناوچەکانی قەڵادزەو مەرگەو ماوەت •

میرزابەگ :

کوڕی موحەممەدبەگ ، یەکێکە لە میرەکانی بنەماڵەی ئیختیارەددینیی حوکمڕانی بانەو ، زاوای بێگەبەگی ئەردەڵان بووە •

(ن)

ناخواه :

ناحەز •

نادانی :

نەزانی • نەفامی •

ناگەهانی :

لەپڕ •

نیگەهداری :

ئاگاداری لێکردن • ڕاگرتن •

(و)

وەلەدبەگی :

لقێکن لە عەشرەتی جاف لە کوردستانی ئێران دائەنیشن •

(هـ)

هومایوون :

پیرۆز • مەبەست پادشایە •

هۆمەرنیسک :

پارچە مولکێکی ئاغایانی شیوەکەڵ بووە • وەختی خۆی گوندێکیش هەر بەو ناوە لەسەر ئەو پارچە مولکە بووە • لەو پارچە مولکەدا ماش و نیسکی باش هێنراوەتە بەرهەم •

هەرگا :

هەرکاتێ •

هەرووتە :

شاخێکە لە بەردەم چیای ئەزمڕدا بە دیوی سلێمانییەوە •

هەلکرد :

گوزەران و ڕابواردن •

هەمحودوود :

ئەو زەوییەی کە دوو شوێن سنووریان بەیەکەوە بێ • دوو کۆمەڵە خەڵک نشینەکان لەپاڵ یەکا بێ •

هەمسەر :

هاوسەر ، ژن بۆ مێرد و مێرد بۆ ژن •

هەیئەت :

دەستە • کۆمەڵە • لیژنە • ئەنجومەن •

(ی)

یەلبوجوود :

یەکبوون • بە یەک شت بوونی دوو شت یا زیاتر •

سەرچاوەکانی ئەم ڕابەرە

١ ـ التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية ، محمد القزلجي ، مطبعة النجاح ، بغداد ، ١٩٣٨ .

٢ ـ المنجد في اللغة والاعلام ، إصدار المطبعة الكاثوليكية في بيروت، الطبعة السابعة والعشرون ، بيروت ، ١٩٨٤ .

٣ ـ بنەماڵەی زانیاران ، مەلا عبدالکریمی مدرس ، بەغدا ، چاپخانەی شەفیق ، ١٩٨٤ .

٤ ـ تاريخ الدول والامارات الكردية في العهد الاسلامي ، محمد أمين زكي ، ترجمة محمد علي عوني ، مطبعة السعادة بمصر ، ١٩٤٥ .

٥ ـ تەئریخی سلێمانیو ولاتی ، موحەممەدئەمین زەکي ، بەغدا ، ١٩٣٩ .

٦ ـ خلاصة تاريخ الكرد وكردستان ، محمد أمين زكي ، ترجمة محمد علي عوني ، مطبعة السعادة بمصر ، ١٩٣٦ .

٧ ـ علماؤنا في خدمة العلم والدين ، عبدالكريم محمد المدرس ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٣ .

٨ ـ فرهنگ فارسي ، دكتر محمد معين (شش جلد) ، مؤسسه انتشارات امير كبير ، تهران ، ١٣٦٠ .

٩ ـ فرهنگ لری ، حميد ايزد پناه ، چاپ دوم ، پايز ١٣٦٣ ، (ايران) .

١٠ـ فرهنگ لكی ، حميد ايزد پناه ، چاپ اول ، ١٣٦٧ ، (ايران) .

١١ـ فەرهەنگی ئەنسیکلۆپیدیایی ، دانانی لیژنەیەك ، بەرگی یەکەم، ئەنقەرە، (بێ ساڵی لەچاپدان) ، (بە زمانی تورکیو تیپی لاتینی) .

١٢ـ فەرهەنگی خاڵ ، شێخ موحەممەدی خاڵ (سێ بەرگ) ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ١٩٦٤ ، ١٩٧٤ .

١٣ــ فەرهەنگی نیگارینی تورکي ، کۆڕی زمانەوانانی تــورك ، چــاپخانــەی کۆمەڵەی مێژوونووسانی تورك ، ئەنقەرە ، ١٩٧٧ (بە زمانی تورکي‌و بە پیتی لاتینی) .
١٤ــ قاموس ترکي ، شمس‌الدين سامي ، استانبول ، اقدام مطبعه‌سـي . ١٣١٧ ، (بە زمانی تورکی‌و بە پیتی عەرەبي) .
١٥ــ گۆڤاری کاروان ، ژمارە ١٩ ، نیسانی ١٩٨٤ ، محمد الملا عبدالكريم ، « عود علـى بدء فـي الرسـائل البابانيـة واوراق قديمـة اخـرى » ، ل ١٤٣ ــ ١٤٨ .
١٦ــ لغتنامه ، علی‌اکبر دهخدا ، بەرگی تیپی (ڕ) ، (بە فارسي) .
١٧ــ مذكرات مامون‌بگ بن بيگه‌بگ ، نقلها الى العربية وعلق عليها محمد جميل الروژبياني وشكور مصطفى ، مطبعة المجمع العلمي العـراقي ، بغـداد ، ١٩٨٠ .
١٨ــ مێژووی ئەدەبی کورد ، علاءالدين سجادي ، چاپی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٥٢ .
١٩ــ مێژووی ئەردەڵان ، مەستوورەی کوردستانی ، د. حەسەن جاف‌و شوکور مستەفا کردوویانە بە کوردي . چاپی یەکەم ، چاپخانەکانی دار الحرية ، بەغدا ، ١٩٨٩ .
٢٠ــ هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کردی ــ فارسی) ، هەژار ، بەرگی یەکەم ، (ئـ) تـا (س) ، تهران ، ١٣٦٨ .
٢١ــ هەندێ بەڵگەنامەی دەستنووسی ناو کتێبخانەی تایبەتیی کاك جەمال مفتي‌و کاك عەبدوڕەقیب یوسف .

تێبینی

« بۆ هەموو ئەوانەی بەتەنگ چۆنیەتیی نووسینی کوردییەوەن. »

هەموومان ئاگاداری ئەوەین کە گیروگرفتی نەبوونی دوو شێوەی جیا بۆ نووسینی تیپی (ی)ی درێژ وەك لە وشەی (پیاوەتی ، کوردایەتی ، ئازایەتی) و (ی) کورت وەك لە نیمچە ڕستەی (کوردی عێراق ، کوڕی باوکم ، قاقەزی زەرد)دا ، چەند گیروگرفت بۆ خوانا پەیدا ئەکا ، بەتایبەتی ئەوانەی لە بەردەمی خەلکدا یا لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە بابەتێ ئەخوێننەوەو گەلێ جار پێ‌نازانن (ی)ی درێژ بە شێوەی (ی)ی کورت ئەخوێننەوە •

من دەمێ ساڵە هەستم بەم گیروگرفتە کردووەو ، لەئەنجامی لێوردبوونەوەیەوە ، بۆ چارەسەرکردنی ئەوەم بەبیراهاتووە (ی)ی درێژ کە بکەوێتەداوێنی وشەوە بە دانانی دوو نوختە لەژێریا لە (ی)ی کورت جوێ‌بکەینەوە کە هیچی لەژێرەوە دانەنێین •

لە بەشی سێهەمی ئەم کتێبەدا کە ڕابەری لێکدانەوەی وشەو ناوەکانی ناو کتێبەکەیە ئەم بۆچوونەی خۆمم بەسەرکردووەتەوەو جێ‌بەجێم کردووە، هیوام ئەوەیە خوانایانی ئازیز لێی بکۆڵنەوەو هەڵیسەنگێنن‌و لەمڕووەوە بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەرببڕن ، تا ئەگەر دەرکەوت بۆچوونێکی بەجێیە پەسەند بکرێ‌و هەموان لەسەری بڕۆین •

ئیتر خۆشیتان •

محمدی مەلاکریم

لـه بەرهەمەکانی دانەر :

- ★ پیلانێك لە زدی گەلی چین [وەرگێڕان لە عەرەبیی‌یەوە] ، کەرکووك ، ١٩٥٨ .
- ★ حاجی‌قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد ، بەغدا ، ١٩٦٠ .
- ★ چارەی ڕاستی ناکۆکیی ناو ڕیزەکانی گەل [وەرگێڕان لە عەرەبیی‌یەوە] ، سلێمانی ، ١٩٦٠ .
- ★ «کوردایەتی»ی کامیل ژیر لەژێر نەشتەری یەکالاکردنەوەدا ، بەغدا ، ١٩٦١ .
- ★ موجز تاریخ امراء سوران [وەرگێڕان لە کوردیی‌یەوە] ، بەغدا، ١٩٦٧ .
- ★ کۆمەڵێك لاوك و حەیران ، بەغدا ، ١٩٦٨ .
- ★ ضوء علی الوضع في ایران [وەرگێڕان لە فارسیی‌یەوە] بەغدا ، ١٩٦٩ .
- ★ دیوانی بێخود ، بەغدا ، ١٩٧٠ .
- ★ جەنگاوەرێکی ڤێتنامی [وەرگێڕان لە عەرەبیی‌یەوە] ، بەغدا ، ١٩٧٠ .
- ★ چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان [هەڵبژاردن و وەرگێڕان لە فارسیی‌یەوە] ، بەغدا ، ١٩٧٠ .
- ★ لینینی مەزن [وەرگێڕان و ئامادەکردن لە عەرەبیی‌یەوە] ، بەغدا ١٩٧٠ .
- ★ دیوانی بێکەس ، بەغدا ، چاپی یەکەم ، ١٩٧٠ ؛ چاپی دووەم [بە زیادەو پێشەکی‌یەکی لێرو تەسەلەوە] ، ١٩٨٠ ؛ چاپی سێهەم ، ١٩٨٥ .
- ★ هەندێ لای ئەودیوەکەی بیری قانیع ، بەغدا ، ١٩٧٢ .
- ★ شۆڕشی ١٩٠٥ ــ ١٩٠٧ ڕێی بۆ شۆڕشی مەزنی ئوکتۆبەر خۆش‌کرد [وەرگێڕان لە عەرەبیی‌یەوە] ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

★ شیرین‌و خوسره‌وی خانای قوبادی ، به‌غدا ، ۱۹۷٥ .

★ له ماڵ‌و له قوتابخانه‌دا [وه‌رگێران له عه‌ره‌بی‌یه‌وه] ، به‌غدا ، ۱۹۷٥ .

★ کردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى [وه‌رگێران له کوردی‌یه‌وه] ، به‌غدا ، ۱۹۷۷ .

★ دیوانی مه‌حوی [به هاوکاری له‌گه‌ڵ باوکم] ، به‌غدا ، چاپی یه‌که‌م ، ۱۹۷۷ ، چاپی دووه‌م ، ۱۹۸٤ .

★ نالی له بلاوڕۆژنه‌ی شیعره‌کانیه‌وه ، به‌غدا ، ۱۹۷۹ .

★ له ڕێگای ئه‌ده‌ب‌و له‌پێناوی نالیدا ، به‌غدا ، ۱۹۷۹ .

★ به‌ره‌و سایکۆلۆژیی بزووتنه‌وه‌ی کرێکاران [وه‌رگێران له عه‌ره‌بی‌یه‌وه ، له چوارچێوه‌ی کتێبی «دوژمنان»دا] ، به‌غدا ، ۱۹۸۱ .

★ پووشکین [وه‌رگێران له عه‌ره‌بی‌یه‌وه] ، به‌غدا ، ۱۹۸۳ .

★ یادداشته‌کانی منالی‌و به‌شێکی سه‌رده‌می فه‌قێ‌یه‌تیی مامۆستا مه‌لا محمدی چروستانی ، به‌غدا ، ۱۹۸٤ .

★ گه‌نجینه‌ی مه‌ردان‌و یادداشتی ڕۆژانی ده‌ربه‌ده‌ری (ی مه‌لا عه‌بدوللای زێوه‌ر) ، به‌غدا ، ۱۹۸٥ .

★ هه‌نگاوێکی‌تر به ڕێگادا به‌ره‌و ساغکردنه‌وه‌ی دیوانی حاجی‌قادری کۆیی، به‌غدا ، ۱۹۸۹ .

★ به‌ته‌مای ده‌مه‌ته‌قێ‌یه‌کی دۆستانه‌و دیموکراتی بووم ، بووم به « کاکه حه‌مه‌ی کورد » ، به‌غدا ، ۱۹۹۰ .

★ یه‌کێتیی سۆڤیه‌ت به‌ره‌و کوێ وا مل‌ئه‌نێ ؟ به‌غدا ، ۱۹۹۱ .

له‌گه‌ڵ به‌شداری‌کردن له‌گه‌ڵ چه‌ند که‌سی‌تر له نووسینی به‌شه‌کانی هه‌ندێ کتێب‌و ، له وه‌رگێرانی چه‌ند کتێبێکی قوتابخانه‌و ، پیاچوونه‌وه‌و داڕشتنه‌وه‌و په‌راوێز بۆنووسینی چه‌ند کتێبی‌ترو ، بلاوکردنه‌وه‌ی ده‌یان وتاری ئه‌ده‌بی‌و ڕۆشنبیری‌و سیاسی‌و کۆمه‌لایه‌تی‌و ڕه‌خنه‌یی له گۆڤارو ڕۆژنامه کوردی‌و عه‌ره‌بی‌یه‌کانی عێراق‌و سووریاو لوبناندا .

٨٩٢،٧٣٠٧

م ٣٨٤ محمدی مەلاکریم

بیری کۆمەلایەتیو سیاسیپیرەمێرد لە کەلێنی ..

«پێیەسی تەمسیلێکی ڕاستیتەئریخییەوە»لەولاتی خۆماندا ڕوویداوە
بلەگەل تێکستی پێیەسی تەمسیلێکی راستی تەئریخي لە ولاتی خۆماندا
ڕوویداوە لە نووسینی پیرەمێرد ؛ ساغکردنەوەو پەراوێز بۆکردنو
رابەربۆتورسینیمحمەدی مەلا کریم ...بەغدا : دەزگای
رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردي ، ١٩٩٢ .

ل ؛ ٢٤٠ سم . ـ (زنجیرەی کتێبی ژمارە ؛ ٢٨٤)

١ـ هێرۆکی کوردی (پیرەمێرد) ـ لێکۆلینەوەی کۆمەلایەتیو
سیاسي ٢ـ القصة الكردية

م . و (پیرەمێرد) ـ دراسة سياسية واجتماعية ا ـ پیرەمێرد ب ـ ناونیشان
ج ـ زنجیرە

٩٩٢/٥٩٤

کتێبخانەی نیشتمانی (پێرستکاری لە بلاوکردنەوەدا)

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق
بغداد ٥٩٤ لسنة ١٩٩٢

دار الحرية للطباعة ـ بغداد
١٤١٣هـ ـ ١٩٩٢م